**ئیسماعیل حەقی شاوەیس:**

**ژیان و بەرهەمەکانی**

کۆکردنەوە و پێشەکی

**ئومێد ئاشنا**



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

## ئیسماعیل حەقی شاوەیس

# ژیان و بەرهەمەکانی

کۆکردنەوە و پێشەکی

## ئومێد ئاشنا



ناوی کتێب: ژیان و بەرهەمەکانی ئیسماعیل حەقی شاوەیس
کۆکردنەوە و پێشەکی: ئومێد ئاشنا
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٠٤
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: کەڤی مەحفووز + تریسکە ئەحمەد
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق + دلاوەر صادق ئەمین
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاورەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٨٨)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

# چەند وشەیەک

مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیس لە بنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانییە و، خۆیشی یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ئەم بنەماڵەیە و، ڕۆڵێکی دیاری بووە لە زیاتر ناسینیاندا، نەک هەر هێندە و بەس، بەڵکو کەسایەتییەکی نیشتیمانپەروەر و ئازا بوو، برایەکەیشی مامۆستا صدیق شاوەیس کەسایەتییەکی ناسراو و سیاسەتمەدارێکی پێشکەوتنخواز بوو، هەر لەسەر ڕێبازی ئەم دوو برایە، زۆر لە نەوەکانیان ڕێگەی نیشتیمانپەروەری پێشکەوتنخوازانە و کوردپەروەرییان گرتۆتە بەر.

لە سالآنی کۆتایی شەست و سەرەتای حەفتاکاندا مامۆستا شاوەیسم ناسی و، لە ماڵی خۆیاندا هامشۆم دەکرد و، ئەویش چەند جارێک لە ماڵەوە سەردانی کردم. لەم دانیشتنانەدا، ئەگەرچی جیاوازیی تەمەنمان زۆر بوو، بەڵام لە بیر و بۆچووندا زۆر لێک نزیک بووین، دەیویست بەرانبەرەکەی گوێ ڕایەڵ بێ بۆ بیستنی قسە و باس و بەسەرهاتەکانی، بەتایبەتی باسە مێژووییەکانی لەسەر کورد، لە ڕاستیدا زۆریشی دی بوو، زۆریشی پێ بوو. لە کاتی کارکردنم لە (بیری نوێ)دا، لە سەردانێکدا بۆ سلێمانی وتارێکی خۆی پێ گەیاندم کە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو کرایەوە.

شاوەیس هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی هەبوو لە هەموو دیاردەکان و لە کەسایەتی و سیاسەتمەداران و، ئەم هەڵوێستەشی ئازایانە بوو، لە کردار و لایەنیی سەلبیی ڕەفتاری هەندێ بەرپرس و دامودەزگای شۆڕشی ئەیلوول، کە لە نزیکەوە دەیبیستن زۆر پەست و بێزار بوو، جارێکیان بەنیاز بوو بچێتە سەردانی بارزانی مستەفای نەمر، پێش چوونەکەی چاوی بەکەسایەتی ناسراوی سلێمانی بەڕێز دکتۆر تایەر بابان کەوتبوو، مەبەستی بوو لە بیر و بۆچوونی منیش ئاگادار بێ و چەندان پرسیاری لێ کردم و ئنجا گوتی: (دەچمە لای بارزانی و مەبەستمە لە هەموو کەموکورتی و ناتەواوییەکان ئاگاداری بکەم).

لە گەڕانەوەشیدا دوای سەردانەکەی قسەی بۆ کردم کە چۆن بارزانی بەبایەخەوە گوێی بۆ ڕاگرتووە و، وا پێ دەچێ بێدەنگ نەبێ.

شاوەیس پیاوێکی نەترس و ئازا بوو، ڕەنگە بۆ سەلماندنی ئەمە تاقە نموونەیەک بەس بێ کە کاتێک (سەعدون غیدان)ی گەورە بەرپرسی ڕژێم لە سەرەتای هەفتاکاندا دێتە سلێمانی و، لەگەڵ کۆمەڵێک لە کەسایەتییەکانی شاردا کۆدەبێتەوە و، بۆچوونی نابەجێ لەسەر مەسەلەی کورد و کێشە ڕەوایەکەی باس دەکا، شاوەیس لێی ڕادەپەڕێ و



بەڕاشکاوی بەرگری لە کورد و شۆڕشەکەی و ڕابەرەکەی دەکات و، بێ ترس و بیم بەرپەرچی ناوبراو دەداتەوە و سیاسەتی ڕژێمەکەی تاوانبار دەکات و زویری دەکات ئەگەرچی بەڕواڵەت وای پیشان نادات. ئەم هەڵوێستەی شاوەیس کاتی خۆی دەنگێکی باش و ئیجابیی دایەوە.

هەڵبژاردنی ئەم نیشتیمانپەروەرە دڵسۆزە پێشکەوتنخوازە، لە لایەن مامۆستا ئومێد ئاشناوە، کە بەرهەمەکان و هەندێ نووسین دەربارەی ژیان و تێکۆشانی کۆبکاتەوە، دەستپێشخەرییەکی باش و بەجێیە و، چاپکردنیشی لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس)ەوە، وەک کۆمەڵێک لە بەرهەمەکانی مامۆستا ئومێد ئاشنای کۆچکردوو، خزمەتێکی باشە بەمێژووی گەلی کوردستان و ڕۆشنبیریی گەلەکەمان.

پیاوانی خزمەتگوزار و نیشتیمانپەروەری چاونەترس، لە نموونەی ئیسماعیل شاوەیسی مێژوونووس و سیاسەتمەدار نامرن و لە دڵ و دەروونی گەلەکەیاندا بەنەمری دەمێننەوە.

**جەلال دەباغ کۆتایی ئایاری ٢٠٠٢**

# پێشەکی

## نووسینی: ئومێد ئاشنا

مامۆستای نەمر ئیسماعیل حەقی شاوەیس لە ڕیزی پێشەوەی ئەو مێژوونووسە کوردانەیە کە زۆر بەئەمانەت و ڕێگەیەکی زانستی بەشێک لە مێژووی نزیکی نەتەوەی کوردیان نووسیوەتەوە.

نووسینە مێژووییەکانی ئەو بەڕادەیەک ورد و بەئەمانەت و ڕاستگۆیی تۆمارکراون دەست ئەدەن بکرێنە بەشێک لە خوێندنی مێژوو لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لە سەرانسەری کوردستانی مەزندا. لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا کە بەشێکە لە نووسینەکانی ئەم مێژوونووسە خوێنەر ڕاستی ئەم بیروڕایانەی ئێمەی بۆ دەسەلمێت.

ئەم مێژوونووسە خاوەنی گەنجینەیەکی بەهاداری بێ وێنەی زانست و زانیاری بوو سەبارەت بەمێژووی کورد. هەمیشە زۆری دەخوێندەوە و کەمی دەنووسی. زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی و فەڕەنسی و ئینگلیزی بەنووسین و خوێندنەوە و قسەکردن بەچاکی دەزانی، جگە لە زمانی شیریی خۆی کە کوردییە و شارەزایەکی بێ وێنە بوو لە بنەما و ڕەگوریشە و ڕێزمانی کوردیدا.

زانین و نزیکی لە شەش زمانەوە سامانێکی ڕۆشنبیری مێژوویی مەزنی بۆ ئەو دروست کرد، نووسینە مێژووییەکانی گەواهی ڕاستی ئەمەن. لێرەدا خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە پێویستە هەموو نووسەرانی ئەمڕۆ جەختی لەسەر بکەنەوە و بەڕاشکاوی دەری ببڕن ئەوەیە کە کەسایەتییەکی وەکو ئیسماعیل شاوەیس تەنها بەنووسین لە کۆڕی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا نەبووە بەڵکە بەکردەوە و بەهەڵسووڕانی شۆڕشگێڕانە یەکێک بوو لە سوارچاکانی دیبلۆماسییەتی کوردایەتی و ڕابەرانی بیری مۆدێرن و پێشکەوتنخوازانە لە کوردستاندا. نوێنەری دەنگی ڕەوای بزووتنەوەی کوردایەتی بووە لە کوردستانی عیراق و ئێران و تورکیا و سوریا، وەک کادرێکی چالاک و دیبلۆماتێکی قاڵبووی سیاسەت دەنگی کورد و دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی گەیاندووە بەجیهان و لەو ڕۆژگارەدا لە وڵاتێکی وەکو فەڕەنسەدا، لە پاریسدا بەفەڕەنسی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوێدا دۆزی کوردی باس کردووە و داکۆکی لێ کردووە. ئەم مێژوونووسە بەداخەوە وەک ئاوات و خواستی خۆی لە سەردەمی ژیانی خۆیدا ڕۆژگار و بارودۆخی کوردستان ڕێگەیان بۆ ئاسان نەکرد کە بەرهەمە





مێژووییەکانی خۆی چاپ بکات من لە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ کە هەروەک ئێستا خوێنەر و هامشۆکارێکی هەمیشەیی کتێبخانەی گشتی سلێمانی بووم مامۆستا ئیسماعیل-م ئەبینی زۆر جار دەهاتە کتێبخانە و کتێبی بەزمانە بیانییەکان دەبرد بۆ خوێندنەوە. پڕ بەدڵ ئارەزووم دەکرد لێی نزیک ببمەوە و چەندەها پرسیار لە خەیاڵمدا بوون سەبارەت بەژیانی و کارەکانی و خەباتی بێ وچانی، بەڵام بەڕاستی ئەو کاتە من سەرەتای خوێندنەوە و نووسینم بوو، پڕکێشیم نەدەکرد کارێکی وەها ئەنجام بدەم، خۆ ئەگەر ئەو کارەم بۆ بڕەخسایە ئەوا ئێستا وەڵامی زۆر پرسیارمان لەلا ئەبوو سەبارەت بەتەواوی ژیانی زانراو و نەزانراوی ئەو زاتە و نهێنییەکانی کاری تێکۆشان و دبلۆماسییەتی.

خوێنەری بەڕێز: کاری کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و ئامادەکردنی ئەم جۆرە بەرهەمانە هەروا ئاسان نییە و بگرە زۆرجار لە کاری نووسین خۆی گرانتر و بەئەرکترە. چونکە ئەگەر کاری نووسین تەنها قۆناغێک یان دوان بێت ئەوا ئەم جۆرە کارانە چەندین قۆناغی کارکردنی پێویستە وەک گەڕان و پشکنین بەدەستهێنانی تێکستەکان، گواستنەوەیان بۆ سەر ڕێنووسی نوێ و باوی ئەمڕۆ، ڕێکخستنیان بەپێی بابەتەکانیان، کۆمپیوتەرکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەی پرۆڤەکان دواجار سپاردنیان بەچاپ و سەرپەرشتی کردنی چاپکردن و بەرگ و دانانی ناونیشان و... هتد.

لەم کارەدا هەرچەندە من زۆر ماندووبووم و ماوەی ساڵێک هەموو کاتی خۆمم بۆ تەرخان کردبوو بەڵام بەویژدانێکی ئاسوودە و شانازییەکی ڕۆحییەوە بەرەو پێشوازی چووم چونکە مرۆڤێکی ڕۆح خاوێن و دڵسۆزی ڕاستی ڕێگەی کوردایەتی و بیری پێشکەوتنخوازی وەکو مامۆستای خوالێخۆشبوو ئیسماعیل شاوەیس زۆر لەمە زیاتری پێویستە کە خزمەت بکرێ و سەرجەمی بەرهەمەکانی چاپ بکرێت و خوێنەرانی ئەمڕۆی کورد بۆ ڕێگەی تێکۆشانیان سوودی لێ وەربگرن و لێی بەهرەمەند بن. بەهیوای ڕۆژگارێک کە لە سەیوانی سلێمانی لەسەر گڵکۆی پیرۆزی یادەوەری بۆ سازبکرێت و پەیکەری بۆ دروست بکرێ و شەقام و قوتابخانە و دامەزراوی ڕۆشنبیریی لە شارەکەی خۆی و کوردستاندا بەناوی مەزنی ئەوەوە ناوبنرێت.

***

## یادی مامۆستای بەهەشتی ئیسماعیل حەقی شاوەیس
## نووسەر و نیشتمانپەروەر

### د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس

لە مێژووی گەلانی جیهاندا و نەتەوەی ستەمدیدەی کوردیش، وەک هەموو گەلانی تر، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەی بەئەمەک و لە خۆبوردوو هەن، کە جێگەی شانازی نەوەکانی داهاتوون، چونکە ئەو پاڵەوانانە نادیار و سەربازە ونانە، بەخوێن و جوانی و تەمەنی خۆیان، شکۆمەندییان بۆ خۆیان پێکهێناوە و ئەگەر ئەرکەکانی خۆیان بەرانبەر کۆمەڵگاکەیان بەتەواوی جێبەجێ نەکردبێ، ئەوە بەبەشێکی زۆر لەو ئەرکانە هەستاون و ژیانێکی پڕ ئێش و ئازار و پڕ مانایان بەسەر بردووە و دواتریش بەسەربەرزی لە باوەشی دایکی نیشتماندا ئارام بوون و، تا هەتایە ئۆقرەیان گرتووە.

یەکێک لەو سەربازە نەناسراوانە (ئیسماعیل حەقی شاوەیس)ە. لە راستیدا لەمێژ بوو دەموسیت شتێک سەبارەت بەمامۆستای بەهەشتی ئیسماعیل حەقی شاوەیس بنووسم، زۆرجار لەلایەن دۆست و ناسیاوانەوە گلەیی و گازەندەم لێ کراوە، دەربارەی ئەوەی بۆچی لەو ڕووەوە هیچ نانووسم...؟!؟

ئەوەی ڕاستی بێت کۆمەڵێک هۆکار ئەم کەمتەرخەمییەی منیان زیاد کردووە، جگە لە سەرقاڵی و کارکردنم بۆ ماوەیەک بەپێشمەرگایەتی و کاری سیاسییەوە کە تا ساڵی (١٩٩٢)ی خایاند و دواتریش کارکردنم وەک مامۆستا لە زانکۆ... تاد. یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەی ڕێگەیان لێ دەگرتم و دەگرن ئەوەیە کە زۆربەی دەستنووس و بەڵگەنامەکانی مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیس لەلایەن کۆمەڵێکەوە براون و، دیارە دوورە وڵاتی ئێمە و ئاوارەییمانیان بەهەل زانیوە... هەرچەندە چەند جارێکیش داوام لێ کردبوون ئەو دەستنووس و بەڵگەنامانە بگێڕنەوە، بەڵام تا ئێستا خۆیان لێ بێ دەنگ کردووە. خۆشبەختانە هەندێک لەو بەڵگەنامانە کاتی خۆی کەوتوونەتە لای مامۆستایان کاکە حەمەی مەلا کەریم و کاک دکتۆر کەمال مەزهەر و لەو تالآنییە ڕزگاریان بووە.

ڕۆژی (١٢ مایس ١٩٩٨)، بیست و دوو ساڵ بەسەر کۆچی دوایی بەهەشتی (ئیسماعیل حەقی شاوەیس)دا تێدەپەڕێت، بەم بۆنەیەوە و وەک ئەرکێکی سەرشانم





بەهەلم زانی هەندێک لاپەڕەی ژیانی ئەو کەڵە مرۆڤە هەڵبدەمەوە و هەوڵ بدەم هەندێ هەڵەش ڕاست بکەمەوە.

ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ناوی تەواوی، ئیسماعیل عەلی ڕەسووڵ ئەحمەد ئاغایە. ساڵی (١٨٩٤) لە شاری مووسڵ هاتۆتە دنیاوە، چونکە لەو کاتەدا باوکی لە مووسڵ ئەفسەر بووە. لە هەموو سەرچاوەکاندا، کە باس لە مێژووی لە دایکبوونی ئیسماعیل حەقی شاوەیس دەکرێت ساڵی(١٨٩٦) دەنووسرێت.[١] ئەم مێژووەش لە ڕاست ناچێت گەر لەگەڵ بەسەرهاتەکانی ژیانیدا بەراورد بکرێت، ناگونجێ. جگە لەوەش بەپێی ئەو بەڵگەنامەیەی کە بەئیسماعیل حەقی شاوەیس بەخشراوە بەبۆنەی تەواوکردنی قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەری لە سلێمانی ساڵی (١٣٢٣)ی ڕۆمی، کە دەکاتە (١٩٠٧ی زایینی)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەدایکبووی ساڵی (١٣١٠)ی ڕۆمییە کە دەکاتە ساڵی (١٨٩٤)ی زایینی. بەم پێیە و بەپشت بەستن بەو بەڵگەنامەیە ئیسماعیل حەقی شاوەیس ساڵی (١٣١٠)ی ڕۆمی (١٨٩٤)ی زایینی هاتۆتە دنیاوە و ساڵی (١٣١٧)ی ڕۆمی (١٩٠١)ی زایینی چۆتە قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەری لە سلێمانی و لە ساڵی (١٣٢٣)ی ڕۆمیشدا کە دەکاتە (١٩٠٧)ی زایینی خوێندنی لە ڕوشدییەی عەسکەری لە سلێمانی تەواو کردووە. دواتر چۆتە بەغدا و لە وێش خوێندوویەتی و پاشان چۆتە ئەستەمبووڵ و لە قوتابخانەی جەنگی شاهانە ساڵی (١٣٢٧)ی ڕۆمی کە دەکاتە (١٩١١)ی زایینی بووە بەئەفسەر لە سوپادا و پلەی ملازمی دووەمی پێ دراوە.[٢]

لە جەنگەکانی باڵکان- یۆناندا بەشداری کردووە و لەساڵی (١٩١٣)دا لە (سالۆنیک) بەدیل گیراوە، پاش ئازادکردنی گەڕاوەتەوە ئەستەمبووڵ. کاتێک جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێ کردووە لە ساڵی (١٩١٤)دا وەک زۆربەی زۆری لاوەکان ڕاپێچی بەرەکانی جەنگ کراوە. پاش کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم گەڕاوەتەوە سلێمانی و لە ڕاپەڕینی شێخ مەحمووددا بەشداریی کردووە.

ساڵی (١٩١٩) چۆتە کەرکووک وەک نوێنەری شێخ مەحموودی نەمر و دەسەڵاتی کوردستان بۆ وتووێژ لەگەڵ (ژەنەراڵ فرایزەر و میژەرسۆن)دا و هەر لەو وتووێژەدا ئینگلیز و دەستەڵاتدارانی بەریتانیای بەرپرس کردووە سەبارەت بەو خوێنەی دەڕێژرێت و ئەو سەروەت و سامانانەی بەفیڕۆ دەچن. لە وەڵامی ئەوەدان کە ئینگلیزەکان داوای ئەوەیان لێ کردووە، کە دیلە ئینگلیزو هیندییەکان ئازاد بکرێن و بێ بەرگریکردن دەسەڵاتی کوردی خوێ بدات بەدەستەوە و دەسەڵاتی بەریتانی بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی،

ئەو کاتە بەریتانیا ئامادە دەبێت وتووێژ لە سەر مافی کورد و ئازادیی کوردستان بکات. لە وەڵامی ئەمەدا ئیسماعیل حەقی شاوەیس پێی ڕاگەیاندوون کە: ئێوە لە دژی کوردستان جەنگتان بەرپاکردووە، ئەمەش دژ بەپەیمانی نێوان کورد و ئینگلیز بووە و لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا زیانێکی زۆر کەوتۆتەوە، ئینگلیز لەو شەڕەدا بەرپرسە و بەپێی ئەو پەیمانەی لەگەڵ ئینگلیزدا کراوە دەبێت ئازادی کوردستان بپارێزرێت، هەرچی خوێنێک ڕژاوە سوپای کوردستان، حکومەتی کوردستان و مەلیکی کوردستان شێخ مەحموود بەرپرس نین... گوناهی خوێنڕشتنی ئەم بێ تاوانانە لە ئەستۆی ئینگلیزە.

ژەنەراڵ فرایزەر و بارەگاکەی دەڵێن: پێویستە بێ جەنگ و هیچ مەرجێک سلێمانی و کوردستان بدرێتە دەست ئینگلیز، ئێمەی (ئینگلیز) سوپایەکی بەهێزمان هەیە، ئەگەر پێویست بێ لە بەغدا و بەسرە و هیندستانەوە سوپا دێنین و سلێمانی و هەموو کوردستان دەگرین. شاوەیس لە وەڵامدا پێیان دەڵێت: بەرپرسیارەتی جەنگی دوێنێ و ئەمڕۆ و دوارۆژ و بارگرانی مەعنەوی و ئینسانی لەسەر شانی ئێوەیە. هەرچی خوێنێک بڕژێت ئێوە تاوانبارن و گوناهی لە ئەستۆی ئینگلیزە. کوردستان، سوپا و گەلی کوردستان و شێخ مەحموود بەرپرس نین... ئێوە بەجەنگ و خوێنێکی زۆر لە ئەنجامی کاردا دەتوانن سلێمانی بگرن، بەڵام ناتوانن بێنە ناو دڵ و دەروونی کورد و کوردستانەوە.

پاشان ژەنەراڵ فرایزەر دەڵێ: ئەی دیلەکانی ئینگلیزتان بۆ کوشتووە؟ تاڵانیکی زۆرتان کردووە؟ دوو ملیۆن ڕوپیەی خەزینەتان تاڵان کردووە؟ چەک و تەقەمەنییەکی زۆرتان بردووە؟... پێویستە ئەمانە هەمووی بگەڕێننەوە.

لە وەڵامدا ئیسماعیل حەقی شاوەیس دەڵێ: ئەوانە دەسکەوت (غنائم)ی جەنگە و دەست سوپای کوردستان کەوتووە. دیلەکانیش نەکوژراون و زۆر مرۆڤانە خزمەت دەکرێن. بریندارەکانیش مرۆڤانە و وەک پێویست تیمار و خزمەت دەکرێن. پاش ئەم وتووێژە لەگەڵ لێپرسراوانی ئینگلیزدا (ئیسماعیل حەقی شاوەیس)ی نوێنەری حکوومەتی کوردستان و شێخ مەحموودی نەمر دەگەڕێتەوە سلێمانی و بێ ئەوەی وتووێژ ئەنجامی هەبێت. لە ڕاستیدا دیارە بەریتانیا لە مێژ بوو بڕیاری دابوو دەستەڵاتی کوردی لە ناوبەرێت و ئیتر وردە وردە بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا مسۆگەر کردبوو. بۆیە ئەوەندەی نەخایاند ئینگلیز لە دەربەندی بازیان شێخ مەحموودی بەدیل گرت و سلێمانیشی داگیر کردەوە.

پاش داگیرکردنەوەی سلێمانی هاوکارانی شێخ مەحموود و شۆڕشگێڕانی کوردستان





ئەوەی کەوتە بەردەستی داگیرکەر کەوتە بەر شاڵاوی کوشتن و گرتن و ئازاردان... ئیسماعیل حەقی شاوەیس لەو کاتەدا لە شاری سلێمانیدا خۆی دەشارێتەوە، ئینگلیزەکان بەهۆی بەکرێ گیراوەکانیانەوە دەزانن لە شاردا ماوە و دەیانەوێت دەستگیری بکەن، بەڵام بەهۆی یەکێک لە دانیشتوانی سلێمانی و ئەوانەی لای ئینگلیز کار دەکەن ئەم هەواڵە دەگاتە شاوەیس و بەهۆی پوورێکییەوە لە شار بەجلوبەرگی پیاوێکی ئاینییەوە دەرباز دەکرێت و دەچێتە شارەزوور، لە گوندی (بێستان سوور) دەبێتە مەلا و ناوی خۆی دەنێ (مەلا شاوەیس). بەم شێوەیە نازناوی (شاوەیس)ی بۆ زیاد دەبێت، دەنا تا ئەو کاتەش هەر بەئیسماعیل حەقی بەگ ناسراوە و ئیتر دەبێتە (ئیسماعیل حەقی شاوەیس) و بنەماڵەکەش ئەو نازناوە وەردەگرێت.

ئیسماعیل حەقی شاوەیس زۆر لە گوندی بێستان سوور نامێنێتەوە لە ڕێگای کوردستانی ئێران و تەبرێزەوە خۆی دەگەیەنێتەوە تورکیا و لە سوپای تورکیادا وەک ئەفسەر دەکەوێتەوە کار و لە جەنگی سەربەخۆیی تورکیادا بەشداری دەکات. دواتر بەهۆی چالاکی سیاسی و هەستی نەتەواتییەوە تورکیا جێ دێڵێ، پاش ئەوەی چالاکانە لە کۆنگرەی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا لە (باکۆ) بەشداری دەکات.ساڵی (١٩٢٥) پاش گەڕانەوە بۆ عێراق هێندە نامێنێتەوە، کە دەچێتە فەڕەنسا و ماوەی ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە و لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی کورد و ئەرمەندا پێوەندییەکی پتەوی دەبێت و ڕۆڵێکی باش دەبینێ بۆ زیاتر پتەوکردنی پێوەندی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی کورد و ئەرمەن. لە ڕۆژنامە ئەرمەنی و فەڕەنسییەکاندا وتاری بڵاوکردۆتەوە و بەهۆی چالاکی سیاسییەوە دەستەڵاتدارانی تورکیا نارەزاییان دەربڕیوە.

لە (١٩٢٧)دا پاش گەڕانەوەی بۆ عێراق ماوەیەک لە (ناصریە) و (کەرکووک) و (کفری) مامۆستای قوتابخانە بووە، پاشان لەسەر هەڵوێستی نیشتمانی و چالاکی سیاسی لە کار لادەبرێت و لە سەرەتای ساڵانی سییەکاندا جارێکی تر دەگەڕێتەوە فەڕەنسا و ماوەیەک لە پاریس بەکرێکاری و کاری فۆتۆگرافی خۆی دەژیێنێ و لە چالاکی سیاسی و نیشتمانیشدا هەر بەردەوام دەبێت. پاشان دەگەڕێتەوە عێراق و لە سوپای عێراقدا دەبێتە ئەفسەر.

دەستەڵاتدارانی عێراق زۆر جار پۆست و لێپرسراوێتییان داوە بەئیسماعیل حەقی شاوەیس، بەڵام کاتێک زانیویانە لە چالاکی سیاسی و تێکۆشانی نیشتمانی و نەتەوەیەتی ناکەوێت و بۆیان دەستەمۆ ناکرێت، لە کار لای دەبەن و نان بڕاو دەکرێت و زیندانی و دوورخستنەوە دەچێژێ... جگە لە کارکردنی وەک ئەفسەرێک لە سوپادا

ئیسماعیل حەقی شاوەیس قائمقامی (مەخموور) و (ئاکرێ) و (رانیە)ش بووە.

مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی لە زاری (ئیسماعیل حەقی شاوەیس)ەوە دەگێڕێتەوە، کاتێک شاوەیس قائمقامی مەخموور بووە لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا «ئێوارەیەک (لاین) لەگەڵ چەند ئینگلیزێک هاتن، دەسووڕانەوە، باوڵی کردەوە سەد (١٠٠) دیناری دەرهێنا و وتی: (ئەمە بۆ مەصرەفی مەتبەق بێ) منیش وتم (واتە شاوەیس): (ئەم پارەیە لە منەوە تبرع بێ، بۆ ئەو ماڵانەی کە بەبۆمبای نازی لە لەندەن رووخاون) ئینگلیزێکیان دەیویست بەزۆر بەجێی بێڵێ، من قبووڵم نەکرد (لاین) وتی: (لێی گەڕێ وەری ناگرێ) دوایی ڕۆیشتن. من چاوەنۆڕی ئەمە بووم (تقدیر) بکرێم و (ترفیع) بکەم، کەچی هەندەی پێ نەچوو خانەنشین کرام». (٣)

لە کاتی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد ئیسماعیل حەقی شاوەیس یەکێک بووە لە رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانی بەشداری کردووە و چۆتە مەهاباد. پاش هەرەس هێنانی کۆماری مەهاباد گەڕاوەتەوە کوردستانی عێراق و لە چالاکی سیاسی خۆی بەردەوام بووە. لەسەر هەڵوێستی نیشتمانی و شۆڕشگێری زۆر جار زیندانی کراوە و زیندانەکانی سلێمانی، کەرکووک، بەغدا، دیوانیە و بەعقووبە ئاشنا و هاودەمی بوون. دواجار لە (٢٩) ی مارتی (١٩٦٥) دا بەهۆی چالاکی و پێوەندی بەسەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان زیندانی دەکرێت. رۆژی (١٢ مایس ١٩٧٦) کاتژمێر (١٩٢٠) پاش نەخۆشییەکی کتوپڕ لە نەخۆشخانەی سلێمانی (شاوەیس)ی مرۆڤ و نیشتمانپەروەر بۆ دواجار چاوی لێک نا و گۆڕستانی سەیوان لە سلێمانی سەربەرزانە لە ئامێزی گرت.

ئیسماعیل حەقی شاوەیس جگە لە زمانی زگماکی کوردی، عەرەبی، تورکی، فارسی، ئینگلیزیشی بەباشی زانیوە. دوو کتێبی بەچاپ گەیاندووە سەبارەت بەفۆلکلۆر و پەندی پێشینانی کوردی، لەم بوارەشدا یەکێک بووە لە رێچکە شکێنەرەکان. سەرەڕای ئەوەش یەکێک بووە لەو رۆشنبیرە کوردانەی دەست پێشخەر بووە لە هەوڵدانی نووسینی کوردی بەپیتی لاتینی و لە بواری ئەدەبی منداڵانیشدا هەوڵی داوە بۆ کۆکردنەوەی چیرۆکی گوێ ئاگردان و نووسینەوەیان.

– سڵاو لە گیانی پاکی (ئیسماعیل حەقی شاوەیس)ی مرۆڤ و نیشتمانپەروەر و هاوڕێ و مامۆستا و باوک!

– سڵاو لە گیانی هەموو ئەو سەربازە ونانەی لەگەڵ ویژدانی خۆیاندا ڕاست و دروست ژیان و دەژین!





– لە یادی بیست و دوو ساڵەی دواکۆچیدا دوو دڵۆپ فرمێسک و چەپکێ گوڵی وەفاداری بۆ سەر گڵکۆی پیرۆزی تۆ!

## پەراوێزەکان

جگە لە هەندێ دەستنووس سوود لەم سەرچاوە و بەڵگەنامانە وەرگیراوە:

١– بۆ نموونە بڕوانە: تاهیر سالح سەعید. ئیسماعیل شاوەیس نووسەر و نیشتمانپەروەر، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٣، نیسان ١٩٩٣، ل ١٠٨.

* حمید المطبعي، موسوعة اعلام العراق في القرن العشرين ج٢، بغداد، ١٩٩٦ ص٢٢.

٢– دوو بڕوانامەی قوتابخانەی رۆشدییەی عەسکەری سلێمانی و قوتابخانەی جەنگی شاهانە لە ئەستەنبوڵ.

٣– تاهیر ئەحمەد حەوێزی، لە بارەی مامۆستا (ئیسماعیل حەقی شاوەیس)ەوە، رۆژنامەی کوردستانی نوێ ٢٠/٧/١٩٩٦.

# کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستان

قوماندانی فیرقە میرالای خالد بەگی جبری کە سەرۆکی خێڵی جبران بوو، وە لە ناوچەی مووش – خنس (Mush- Henis) دانیشتەبوون، لە ساڵی (١٩٢١)ی زایینی لە (ئەرزروم) کۆمەڵی پەنهانی (کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستانی) دامەزراندووە لە ماوەیەکی کەمدا ئەم کۆمەڵەیە لە کوردستانی تورکیا لە (هەر شەش ویلایەتەکە) دامەزراوی کەوتە کار، بەڵام کۆمەڵە ئاشکرا و نهێنییەکانی کەی کوردستان وەکو (کۆمەڵی تعالی کوردستان، وە تەشکیلاتی اجتماعی، وە هیوی وە دیموکرات وە سوشیالیستی کوردستان) ئەم کۆمەڵانە هەموویان لە ناو کۆمەڵی (کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستان) خۆیان تواندەوە، وە جگە لە مەش لە ئەنقەرە (یوسف زیا بەگ) کە نوێنەری شاری (بتلیس) وە سەرۆکی (مەحکەمەی ئیستقلالی) تورکیا بوو لە ساڵی (١٩٢٢)ی زایینی کۆمەڵێکی پەنهانی بەناوی (ئیستقلالی کوردستان) دروست کردبوو، وە لقەکانی لە ناوچەکانی (وانی وە بتلیس وە ئەنقەرە وە ئەستەمبوڵ پێک هاتبوون» وە دیسان ئەم کۆمەڵەیەش لە ناو کۆمەڵی (کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستان) خۆی تواندەوە، وە بەم جۆرە لە ساڵی (١٩٢١-١٩٢٢)ی زایینی هەموو پارتی وە کۆمەڵە سیاسییە ئاشکرا و نهێنییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیادا چوونە ژێر ئالای (کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستان) وە هەموویان یەکیان گرت وە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان پەیمانیان بەست وە لەگەڵ (کونتەر پاریتەکانی تورک) کە دژی (کەمالییەکان) بوون ڕێکەوتن.

لەم ماوەیەدا (دوو) هۆی گرنگ کاری کردە سەر بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا، یەکەمیان کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی کە لە باکۆ (لە قەفقاسیا) لە ساڵی (١٩٢١)ی زایینی بەسترابوو، ئەم کۆنگرەیە کوردستانی بەجارێک هۆشیار کرد وە جووڵاندی پێش ئەوەی کە شێخ سەعیدی گەورەی قارەمان خۆی دەرخات وە بۆ باس وە مەسەلەی کوردستان بێتە کۆڕەوە، وە لەم کۆنگرەیەدا نەتەوەکانی هیندستان وە ئیران وە تورکیا وە قەومەکانی ئیسلامی ڕووسیا (جگە لە کورد) هەموویان بەشدار بوون، بەڵام لەباتی نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلی کورد بۆ ئەم کۆنگرەیە قوماندانی شەرق جەبهەسیی ئوردووسیی فەریق کازم قەرە بەکر پاشا لە قارس وە ئەرزرومەوە چەند کۆمەڵێک لە تورکی بەناوی کورد و کوردستانەوە ئامادە کردبوو، وە ئەمە گەلی کوردی وا لێ کرد کە بکەوێتە شک و گومان وە بەبوونی





مەترسی لەسەر دەستکەوتەکان و تێکۆشانی، بەڵام هۆی دووهەم لەسەر بزووتنەوەی گەلی کورد لەم ماوەیەدا گفتوگۆکردن وە دەمەقاڵێی پارلەمانی قوایی میللی بوو لە شاری (ئەنقەرە) چونکە هەرچەندە کە لە دوو کۆنفراسی میللیدا، لە کۆنفراسی یەکەمی ئەرزروم کە تەموزی ساڵی (١٩١٩) وە کۆنفراسی میللی دووهەم لە مانگی ئاغستوسی ساڵی (١٩١٩)ی زاینیدا لە سیواسی دا (SUION) بەسترا، وە بەپێی تەشکیلاتی ئەساسی (دەستووری) کەمالی (٢٣) نیسانی ساڵی (١٩٢٠)، کۆماری تورکی بریتی بوو لە دوو گەل (تورک وە کورد) وە دان بەوەدا نرابوو کە ئەم دوو میللەتە لە ناو سنووری ئەتنوگرافی خۆیان سەربەخۆ ئەبن، وە بەیەکەوە بەرامبەر بەدوژمن کۆماری تورکی ئەپارێزن، بەڵام جگە لە بارەی لەشکر وە سوپا وە سیاسەتی دەرەوە نەبێت ئەم دوو گەلە لە ناوەوە سەربەخۆ ئەژین وە گەلی کورد بەزمانی نەتەوایەتی خۆی وە بەپێی ڕەوشت و خووی کوردایەتی ئیدارەی کوردستان ئەکات، وە ئابووری جیاوازی بۆ خۆی ئەبێت وە هەر وەکو ئاوستریا، واتە وەکو مەجارستانی کۆن کورد وە تورک هەر دوو گەل بەیەکەوە ئەژین وە برایەتیان ڕائەگرن.

تورکیا بەو مەرجانە دانی بەمافەکانی گەلی کوردا نابوو بەڵام لە ڕۆژی (٣٠ تشرینی یەکەم لە ساڵی ١٩٢٣) تورکیا ئیعلانی جەمهوریەتی کرد بەڵام بەرامبەر بەگەلی کورد عەهد و پەیمانی بەیەکجاری شکاند وە بەجاریک خۆیان لە کورد جیاواز کردەوە کوردستانیان بەکۆڵونێکی (مستەعمەرەیەکی) تورکیا دانا، وە کۆماری تورکی دەستی کرد بە بەربەرەکانێتی گەلی کورد وە پەیمانی شکاند وە بۆ هەلێک ئەگەرا کەوا لەگەڵی کورد بدات، وە لە ئەنجامی کاردا وە لە دوابەدوای هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر کە تیایا دان بەحەکمی زاتی گەلی کورد نرابوو، وە گۆڕینی پەیمانی سیڤەر بە پەیمانی لۆزان شۆڕشی خالد بەگ جبری بەسەرکردایەتی (کۆمیتەی ئیستیقلالی کوردستان) بەرپا بوو.

لە ئەنجامی ئەو هۆیانە کە لە سەرەوە لێی دواین گەلی کورد بەرامبەر سیاسەتی قوامیی میللی- حکومەتی کەمالی کەوتبووە شک وە لە دوو شت گومانی پەیدا کردبوو یەکەم کە حکومەتی ئینگلیز وە فەڕەنسا لەگەڵ کەمالیستەکان ڕێکەوون بەمەرجێ کە حکومەتی تورکیا واز لە ویلایەتی (موسل وە هەولێر وە کەرکووک وە سلێمانی) بهێنێت بەڵام لەجیاتی ئەوە ناوچەکانی (ئەدرنە، ئەستانبوڵ وە داردەنل وە ئازمیر وە برووسە) بدەنەوە بەدەوڵەتی تورکیای تازە وە حکومەتی ئینگلیز وە فەڕەنسا دان بەحکومەتی کەمالیدا بنێت وە سەڵتەنەت و خەلافەتی عثمانی نەناسێت، وە لە

ئەنجامدا مافی گەلی کورد تیا بچێت. وە دووهەم شت کە گەلی کورد گومانی لێ ئەکرد لە ساڵەکانی دوای جەنگی گێتی یەکەمین ئەوەیە ئەگەر (تورکیا) مەترسی دەرەوەی لە سەر لاچێت دوابەدوای ئەوە وەرئەگەڕێتەوە سەر گەلی کورد وە لە پەیمانی (تورک و کورد) خۆی قورتار ئەکات هەر وەکو چۆن سەڵتەنەتی عثمانی گەلی کوردی دەستخەروو کرد و پەیمانی شکاند دیسان کەمالییەکان بەو دەورەدا بڕۆن وە لە پاداشتی چاکە نووکی سونگی و نێزەیان بەرامبەر بەسنگی گەلی کورد بکەن.

گەلی کورد لە بەر ئەو مەترسییانە بەهەموو (ڕێکخراوەکانییەوە) لە ژێر ئاڵای کۆمەڵەی (کۆمیتەی ئیستیقلالی کوردستان) کۆبۆوە بەسەرۆکایەتی خالد بەگی جبری وە بەوە بزووتنەوەی کوردایەتی خۆی کۆکردەوە و هەنگاوێکی گەورەی بۆ پێشەوە نا، خالد بەگ لای هەموو کورد پەروەرێک ناسرابوو، وە لای شارستانیی وە لادێیی وە زمیندار وە هەژار نرخی هەبوو، گەلی کورد هەموو ڕۆڵەکانی وە نیشتمانپەروەر و ڕۆشنبیرەکان لەم کۆمەڵەدا خڕوگلێر بوونەوە. ئەم کۆمەڵە هەوڵی ئەدا کە گەلی کورد بەجارێک لە ڕژێمی کەمالیستەکان ڕزگاری ببێت بۆ ئەوەی ئاوات و مەرامی ئەحمەدی خانی بەناوبانگ بەجێ بهێنرێت کە لە ناو دڵ و جەرگی هەموو کوردێک جێگیر بوو.

کۆمیتەی ئیستیقلالی کوردستان لە هەموو شوێنێکی کوردستانی تورکیا بەنهێنی دامەزراوە بۆ مەبەستەکانی کۆمیتە خالید بەگ لەگەڵ سمکۆ- جمیل پاشازادەکانی دیاربەکر، نەوەکانی شێخ عبدالقادر شەمزینی یەکیان گرت. وە لە ساڵی (١٩٢١) لە شاری ئەرزروم ناوچەی کۆمیتەی کوردستانی دامەزراند کە (٢٤) قارەمان بوون، وە ئەمانە (١٢) تێکۆشەریان یەکتریان ئەناسی. ئەم کۆمەڵە لەگەڵ کۆمەڵەکانی پێشووی کوردستاندا جیاوازی هەبوو لە ڕووی ڕێکخستنەوە چونکە ڕێکخراوەکانی شێوەیەکی تایبەتی هەبوو چونکە کۆمەڵەکە پەیدا بووبوو لە (هێلانە هێلانە) وە هەر هێلانەیەکیان لەناو خۆیاندا ئەندامەکانی (١٢) کەس بوون، وە ئەم دوانزە تێکۆشەرە یەکتریان ئەناسی بەڵام هەر هێلانەیەک بەهۆی (سەرۆکی) هێلانەوە پەیوەندی بەهێلانەی سەروو خۆیەوە هەبوو وە ئەندامەکانی هێلانەیەک ئەندامی هێلانەکانی کەی نەئەناسی.

ناونیشانی هێلانەکان: هەر هێلانەیەک ناوێکی نهێنی هەبوو، وە بەناوی گوڵ و گیایەک وە یا بەناوی زەوی و زارێکی کوردستان ناوەنووس کرابوون، وەکو هێلانەی بەیبوون، ڕەبەنوک، گوڵی سوور، لە لای‌لاک، شەوبۆ وە هێلانەی: چیا، شاخ، کێو، جۆگە، چەم وە هێلانەی: گوڵە جووت یارە گوڵە گەزیزە وە نەرگز، وە لوولەپەر...، وە هتد.





بەم جۆرە لادێیی و شارستانی وە هەموو چین و دەستەکانی گەلی کورد هاتنە ناو بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کوردەوە وە بۆ سەربەخۆیی کوردان پەیمانیان بەست وە سوێندخۆر بوون.

ئارمە (دروشم و نیشانەکانی کۆمەڵی کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستان): قەڵەمێکی بەرز وە لە سەریەوە بەڕاست و چەپدا خاکەناز و پاچێک وە لەسەر و ئەمانەوە گوڵەپەمو وە گوڵە گەنمێک وە لە ناوەڕاستیانەوە خەنجەرێک، وە بەناو قەدی هەموویانەوە وێنەی (ڕۆژ). ڕەمز و نیشانەی (کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستانی) تورکیا بوو.

لە ئەنجامدا کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستان بەسەرکردایەتی (خالد بەگی جبری) لە ساڵی (١٩٢٤)ی زاینی لە ناوچەی (بتلیس) وە (وان) شۆڕشی بەرپاکرد بەڵام لە مانگی شوباتی ساڵی (١٩٢٥)ی زاینی خالد بەگی جبری لەگەڵ یوسف زیابەگدا لە ناو جەرگی خەباتی پیرۆزدا گیران وە لە لایەن حکومەتی کەمالیستەکانەوە گوللەباران کران وە بەم جۆرە ئەمانیش گیانی پاکی قارەمانێتیان چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی نەمری کوردستانەوە، بەڵام بەگرتن و کوشتنی ئەم دوو سەرکردەیەی گەلی کورد (شێخ سەعیدی پیران) هەستا، وە لە ئەنجامدا لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا ئەم شۆڕشانە بەرپابوون لە نێوان ساڵەکانی (١٩١٦-١٩١٩)ی زایینی کە بەم ڕاپەڕین و شۆڕشانە بەناوبانگن:

١- شۆڕشی جاری وە ئورمی (سمکۆ) وە جوانڕۆ وە قەدەم خێر وە لورسان لە ئێران.

٢- شۆڕشی قوچگیری وە مەڵاتیە وە بای بورد وە شێخ سەعید وە گەلیی زیلان وە ئارارات وە دەرسیم لە تورکیا (١٩٢٠-١٩٣٨)ی زایینی.

٣- شۆڕشی سلێمانی وە بارزان لە کوردستانی عێراق بەناوبانگن.

تەنیا لە کوردستانی تورکیادا لەم بزووتنەوانەی گەلی کوردا لە پێناوی (کوردایەتیدا) (دوو) ملیۆن کورد گیانی خۆیان پێشکەش کرد وە لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا شەهید کران، وە (یەک) ملیۆن کوردیش بۆ ڕۆژاوای ئەنادۆڵ وە ئەستەمبۆڵ وە ئەدرنەوە هەتا سنوورەکانی (بەلگارستان) دوور خرانەوە.

## کۆمەڵی کوردستان

لە ساڵی ١٩٠٨ی زایینیدا کە بانگی مەشرووتییەت لە لایەن کۆمەڵی (ئیتحاد و تەرەقی) تورکەوە لە تورکیادا درا وە سوڵتان عبدالحمید. لابرا گەلی کورد کۆمەڵێکی

هەبوو بەناوی- کۆمەڵی کوردستان-ەوە، وە زۆر لە سەرکردە و ژەنەراڵ وە ئەفسەری کورد و ڕۆشنبیرانی کورد وە گەلێک لە سەرۆکی خێڵەکانی- عەشیرەت- کورد لە ناوچەکانی دەرسیم و خەرپووت و ئەرزروم و دیاربەکر و بتلیس و وان وە ناوچەی مووسڵ وە بەشێکی کەم لە بابانەکانیش لە ناو ئەم کۆمەڵەدا بوون. وە بێگومان ئەفسەر و فەرمانبەر و خوێندەوارانی کورد کە لە ئەستەمبوڵ و ناوچەی تورکەکانا بوون دیسان هەر لەم کۆمەڵەدا بەشدار بوون. ئەم کۆمەڵە لە لایەن- شێخ عبدالقادری شەمزینی کە لە نەوەی نەهری زادەیە لەگەڵ بەدرخانییەکانا سەرکردەیی ئەکرا ئەم کۆمەڵە تێکۆشا بۆ ئازادی کوردستان بەڵام بەشێوەیەک کە نەتەوەی کورد لەخاکی کوردستانا لە ژێر دەسەڵاتی خیلافەتی عوسمانیدا (خود موختاری- الحكم الذاتي) وەرگرێ وە ئەم کۆمەڵە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەی نەتەوەی کورد لە ساڵی ١٩٠٨دا لە شاری ئەستەمبوڵ دوو کۆمەڵی دروست کرد...

١- هیوی (هیڤی).

٢- کۆمەڵی قوتابخانە کردنەوە، وە ئەم کۆمەڵە دوو قوتابخانەی لە ئەستەمبوڵ کردەوە.

ئەم دوو کۆمەڵە وەکو باسمان کرد هەردووکیان بەسترابوون بەکۆمەڵی کوردستانەوە.

بارەگایان لە گەڕەکی (چەمپەرلی تاش) بوو، کە گەڕەکێکی گەورەی ئەستەمبوڵ وە گۆڤارێکیان دەرئەهێنا بەناوی گۆڤاری- کوردستان-ەوە کە لەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد ئەدوا وە لاپەڕەکانی تەرخان کردبوو بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی کورد و زمانی کوردی، وە دەرخستنی هۆی دواکەوتنی گەلی کورد وە پیشاندانی چاری دواکەوتن، وە گەلێک باسیشی لەسەر ئافرەتانی کوردستان بڵاو ئەکردەوە. کۆمەڵی کوردستان لە خەبات کردنیا هەر بەوەوە نەوەستا کە باسمان کرد بەڵکو زۆر بەڵسۆزانە و بەگەرمی هەوڵی ئەدا بۆ ئەم ئامانجانەی خوارەوە:-

١- کۆمەڵ داوای ئەکرد کە قوتابخانەکان لەم شەش ولایەتەدا (ئەرزروم- خەرپووت- ئال عەزیز- دیاربەکر- بتلیس- وە وان) بەزمانی کوردی تیایا بخوێندرێت بەمەرجێک زمانی تورکیشی لەگەڵدا بخوێندرێت.

٢- فەرمانبەرانی ناوچەی کوردستان کورد بن وە زمانی کوردی لە دائرەکاندا بەکار بهێنرێت.

٣- دانشگا و قوتابخانەی بەرز لە کوردستانا بکرێتەوە.

٤- ڕێگە بدرێت بەدەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری سیاسی کوردی.

٥- دادگای شەرعی بەکوردی کاروباری بەڕێوە بەرێ وە موفتی و قازییەکان کورد بن





سونی و جەعفەری بن.

٦- گەلی کورد بەپێی ژمارەدی خۆی نوێنەری لە ئەنجومەنی نوێنەرانی گەلدا هەبێت.

٧- کردنەوەی ڕێگەوبان لە کوردستاندا بەگرنگ بگیرێت.

٨- کارگە لە کوردستاندا دروست بکرێت.

لەم کاتەدا کۆمەڵی (ئیتحاد و تەرەقی) بێ هێز بوو چونکە لە دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی و لەناوخۆشدا مەترسیی لە ڕێگەدا بوو وە ئەم مەترسییەش لەوەوە هاتبوو کە تازە بانگی مەشرووتییەت درابوو وە دەستەی خەلیفە (سوڵتان عبدالحمید) هەر بەهێزبوون وە دژی (ئیتحاد و تەرەقی) هەر لە چالاکیدا بوون وە ئەیانویست دەوری سەڵتەنەت و دیکتاتۆری خەلیفەکانی عوسمانی زیندوو بکەنەوە، ئینجا کۆمەڵی ئیتحاد و تەرەقی بۆ ئەوەی خۆی بەهێز بکات لەگەڵ (تاشناق)دا کە کۆمەڵی ئەرمەنییەکان بوو ڕێک کەوت بۆ پشتگیری کردن و یارمەتیدانی یەکتری.

کۆمەڵی ئیتحاد و تەرەقی لە سەر بنچینەی (تورانیزم) پێک هاتبوو وە باوەڕی بەڕەگەزپەرستی هەبوو لە بەر ئەوە هەر نەتەوەیەک لە ڕەگەزی تورک نەبوایە دانیان بەمافیا نەئەنا بەڵام ئەو ڕێک کەوتنەشی لەگەڵ تاشناقدا جۆرە پیلانێک بوو لە پێناوی بەهێزکردنی تورانیێتیدا.

ئەم کۆمەڵە ڕەگەزی تورک پەرستە، ئەم کۆمەڵە دوژمنی هەموو نەتەوەیەک بوو هەر کە هێزی پەیدا کرد گورج ڕێگەی لە کۆمەڵی کوردستان بەست وە نەیئەهێشت ئیش بکا، لە بەر ئەوە کۆمەڵی کوردستان لە ساڵی ١٩١٢دا کەوتە خەباتکردنی نهێنییەوە، وە زۆر لە کوردە تێکۆشەرەکان چوونە ناو کۆمەڵی (حریە و ئیئتلافەوە) چونکە ئەم کۆمەڵە دانی نا بەمافی حوکمی زاتیدا وە ئەمەش بەرژەوەندی کوردی تیابوو وە هەروەها ئەم کۆمەڵە دژی کۆمەڵی (ئیتحاد و تەرەقی) خەباتی ئەکرد.

کۆمەڵی ئیتحاد و تەرەقی لە ئەستەمبوڵ کۆمەڵێکی تورانیزمی تریان دامەزراند وە گۆڤارێکی تورانیێتیان بەناوی (تورک یوردی) واتە (نیشتمانی تورک)ەوە دەرئەکرد وە ئەم گۆڤارە دەستی کرد بەهێرش بردنە سەر ئەو نەتەوانەی کە تورک نین، وە هەروەها ئەم گۆڤارە بەشانازییەوە باسی (ئالتوون دەوری)ی ئەکرد وە لەسەر حکومەتە سەڵتەنەکەی (ئاڵتای) وە (جەنگیز خانی) ئەنووسی وە داوای ئەکرد کە ئەو نەتەوانەی تورک نین ئەبێ بەزۆر بتوێنەوە وەبکرێن بەتورک، بەم جۆرە ئیتحاد و تەرەقی ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دەرخست وە هەوڵی ئەوەی ئەدا کە دەوری هۆلاکۆ و جەنگیز خان زیندوو بکاتەوە.

کوردەکان جگە لەوەی کە بەئاشکرا لە کۆمەڵی (حریە و ئیئتیلاف)دا بەشداربوون بەنهێنیش لە تێکۆشانی خۆیاندا هەر بەردەوام بوون وە لە کۆمەڵی کوردستاندا ئیشیان ئەکرد.

لەساڵی ١٩١٢دا کۆمەڵی کوردستان گۆڤاری (ڕۆژی کورد)ی دەرکرد وە کاتی ئەم گۆڤارە قەدەغەکرا قوتابی دانشگاکان لە جیاتی ئەم گۆڤارە گۆڤاری (هەتاوی کورد)یان دەرکرد بەڵام لە دوای شەڕی بەڵقان لە ساڵی ١٩١٣ی زایینیدا لە لایەن حکومەتی تورکەوە ئەو گۆڤارە داخراوە ئەو قوتابخانانەش کە کۆمەڵی کوردستان دایناببوون هەر داخران.

ئەوە بوو هەڵوێستی کۆمەڵی (ئیتحاد و تەرەقی) بەرامبەر بەگەلی کورد و کۆمەڵی کوردستان و دامەزراوەکانی گەلی کورد تا ساڵی ١٩١٣، بەڵام ساڵی ١٩١٣ کاتێک کە ئەرمەنییەکان داوای حوکمی زاتیان کرد لە کوردستاندا (گوایا ئەرمەنییەکان داوایان ئەکرد دەوڵەتێکی ئەرمەنی دروست بکەن بەمەرجێک بریتی بێ لە خاکی کوردستان) وە ئەم بزووتنەوەیەش بەهاندانی بەریتانیا و ڕووسیای قەیسەری بوو، ئەڵێم کاتێ کە ئەرمەنییەکان خەریکی ئەمە بوون، کۆمەڵی ئیتحاد و تەرەقی خۆی لە کورد نزیک خستەوە وە هەندێک بەڵێنی دا بەتێکۆشەرانی کورد دەربارەی ژیانی گەلی کورد وە ئەم بەڵێنانە بریتی بوون لە دانان بەو مافەنەی کوردا کە وەختی خۆی کۆمەڵی کوردستان داوای ئەکرد، بەمە کورد لە حکومەتی تورک نزیک بووەوە.

ئەمە بوو وەزعی کورد تا جەنگی گێتیی یەکەم، بەڵام لە ساڵی ١٩١٤دا کاتێ کە تورکیا کەوتە شەڕەوە ئەرمەنییەکان لایەنی ئینگلیز و ڕووسیان گرت لە دژی دەوڵەتی عوسمانی بەڵام گەلی کورد کە نەژادی وایە لە تەنگانەدا بەپیر گەلانەوە بچێ وەنایەوێ هەرگیز حکوومەتێک خاکی گەلێک یان چەند نەتەوەیەک وێران بکا دەستی کرد بەیارمەتیدانی حکومەتی تورک زۆر بەگەرمی و پڕ بەدڵ بۆ پاراستنی نیشتمانی کورد و تورک لە ئینگلیز و ڕووسی داگیرکەر.

ئەمە بوو بەکورتی مێژووی کۆمەڵی کوردستان وە چالاکیی ئەم کۆمەڵە وە ئەوەی شایانی باس بێ ئەوەیە کە لە دوای شەڕی بەڵقان وە ژێرکەوتنی تورک لەو شەڕەدا کۆمەڵێکی ئافرەتان لە ئەستەمبوڵ دامەزرێنرا کە هەوڵی ئەدا بۆ مافی ئافرەت لە تورکیا و کوردستاندا وە زۆربەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵە لە ئافرەتانی کوردستان بوو وە کۆمەڵەکە ناوی (قادیللر جمعیتی) بووە.



## حکومەتی کوردستان

## لە ژێر هەر درەختێکدا سوارێکی کورد و لە هەر بن بەردێکا پیادەیەکی کوردی لێیە بۆ پاراستنی کوردستان

لە مارتی ساڵی ١٩١٩ی زایینیدا لە سلێمانییەوە زۆر بە ئەرک هەرچۆنێک بوو خۆمان گەیاندە چەمچەماڵ لە سلێمانییەوە تا چەمچەماڵ چەند جارێک خەریک بوون بمان کوژن... هەر چۆنێک بوو بەبێ ئەوەی ڕووتیش بکرێینەوە گەیشتینە چەمچەماڵ، کە نزیک چەمچەماڵ بووینەوە ئاڵایەکی سپیم هەڵگرت، وە بە فەرەنسی بانگم کرد (Pocrtementer)... چەند سەربازێکی هیندیی (سوجەر) هاتن چاویان بەستینەوە وە سەریان خستینە سەر قەڵاکەی چەمچەماڵ. کابرایەکی پیرەمێردی بەسزمانم لەگەڵ بوو دایە پرمەی گریان... زۆرم پێ ناخۆش بوو ئەگری... پێم وت شوورەییە بۆ تۆ ئەگریت... مەگری، مەگری... کابرای پیرە وتی: «مادام چاویان بەستووینەوە مانای ئەوەیە کە ئەمان کوژن» منیش پێم وت: «خۆ هەر ئەمرین، ئەمڕۆ بێت و سبەینێ هەر ئەمرین.» کە گەیشتینە تەپڵەسەری قەڵاکە چاویان کردینەوە، ئەمە تومەس بۆیە چاویان بەستبووینەوە تا لەشکرەکەیان نەبینین.

نامەکانم گەیاند، نامەکان بەفارسی نووسرابوون، من نەم ئەزانی چییان تیا نووسراوە... نامەکان یەکێکی بۆ قومانداني کەرکووک بوو، وە ئەم نامانە لە شێخ مەحموودەوە نێردرابوون.

هەواڵ گەیەندرا بەکەرکووک... منیش نەختێک بەقەڵاکەدا گەڕام، ناڵینی زامدارەکانیان ئەهاتە گوێم، بەڕاستی بەو ناڵینە خەمگینی دای ئەگرتم... من بەمەبەستێک بەقەڵاکەدا ئەگەڕام داوای حەبی (کنینم) لە ئینگلیزەکان کرد نەیان دامێ وە وتیان کنینمان نییە.

نزیکەی ٣ سەعات بەناو قەڵاکەدا گەڕام، دەستم نابووە پشتمەوە بەچەشنە هەوایەکەوە هاتوچۆم ئەکرد، بەجۆرێک هەنگاوم ئەنا وەک لەشکرێکی گەورەی وەک ئەڵمان و ڕووسم لەگەڵ بێت.

پاش نێوەڕۆ چاویان بەستمەوە، بەقەڵاکەدا هاتینە خوارەوە سواری زرێلی بووین، بەرەو کەرکووک جوولاین، بەڵام کاتێ کە فەرماندەی چەمچەماڵ منی دایە دەست سەر قافڵە، بەتفەنگەکەی ئیشارەتی کرد کە لە ڕێگا بمکوژن، قافڵەکە زۆر بەترس و لەرزەوە

گەیشتە کەرکووک... ئێوارە وەختە بردمیانە لای جەنەڕاڵ فرایزەر بۆ گفتوگۆ کردن.

جەنەڕاڵ فرایزەر وتی: تۆ ئەم نامەیەت هێناوە؟

وتم: بەڵێ هێناومە بەناوی لەشکر و نەتەوە و حکومەتی کوردستان وە حکمداری کوردستانەوە کە شێخ مەحموودە، وە من نمایندەم.

جەنەڕاڵ وتی: ئێستە تیپێک سەربازمان ئامادەیە دێتە سەر سلێمانی، وە تیپێکیشمان لە (بصرە)یە، وە لیوایەکیش لە (موصلّ) جگە لەم هێزانەش لەشکر و فڕۆکەیەکی زۆرمان لە هیندستان هەیە... ئێمە پێتانی ڕائەگەیەنین کە ئێوە دز و جەردەن وە لەگەڵ (بەریتانیادا) شەڕتان کردووە. وە ملیۆنێک ڕوپیتان بەتاڵان بردووە، وە چەک و جبەخانەیەکی زۆریشتان بردوە... ئەمانە بدەنەوە، وە ئێوە دزو جەردەن.

پێم وت:- ئێمە دزو جەردەنیین، ئێوە بەرامبەر بەحکومەتی کوردستان وەستاون... پەیمان لەگەڵ بەریتانیادا کراوە. وە دان نراوە بەحکومەتی کوردستاندا. حکومەتی کوردستان ئەبێ هەبێت وە بەپێی پەیمان بە دۆستایەتی لەگەڵ بەریتانیادا بژی، ئێمە شەڕ ناکەین و شەڕمان ناوێت، ئێمە دەستی دۆستایەتی و ئاشتی درێژ ئەکەین وە ئەمانەوێ بەپێی ئەو پەیمانەی لە بەینمانا هەیە بەدۆستایەتی بژین وە ئێمەش بە (سەربەخۆیی).

جەنەڕاڵ وتی: نا، نا... ئێوە دز و جەردەن، شێخ مەحموود ملیۆنێک ڕوپیی زەوت کردووە، ئەبێ هەموو دیلەکان بدەنەوە، وە بەبێ شەڕ بێینە سلێمانیەوە وە شێخ مەحموود و هەموو کارگوزاران خۆیان بدەن بەدەستەوە، وە چەک و جبەخانە و ئەسپەکانتان بدەن بە بەریتانیا ئینجا ئەوسا ئاشت ئەبینەوە.

منیش وتم: ئێمە بەم مەرجانە قایل نابین وە خۆمان نادەین بەدەستەوە تا دوا کەس و دوا گوللە شەڕ ئەکەین وە چاک بزانن کە خوێنی هەردوو لا لە ئەستۆی ئێوەیە، وە ئەو خوێنانەی لە مەوبەریش ڕژێنراون هەر ئۆباڵی بەئەستۆی ئێوەیە. نەتەوەی کورد باوەڕی بەشێخ مەحموود بەهێزە وە بەحکمداری خۆی داناوە. وە ئەوەندەش ئەڵێم کە ئەم شەڕە زۆر سەخت ئەبێت وە بەلێشاو خوێن ئەڕێژرێت وە ئێوەن تاوانبار.

جەنەڕاڵ دەستی کردەوە بەهەڕەشە و گوڕەشە کردن وە وتی: «ئێمە سلێمانی هەر ئەگرین».

منیش وتم: سلێمانیش بگرن، چاک بزانن کە حکوومەتی کوردستان هەر ئەجەنگێت وە نابەزێ، وە دووبارەی ئەکەمەوە کە ئێمە ئامادەین بۆ ئاشتی بەستن بەڵام ئەگەر ئێوە





شەڕ بکەن مانای ئەوەیە پەیمان ئەشکێنن، وە ئێمەش ئامادەین بەرامبەرتان بجەنگین وە کورد ملکەچ ناکا... لە ژێر هەر درەختێکا سوارێکی کورد و لە هەر بن بەردێکا پیادەیەک ئامادەن بۆ خۆ بەکوشتدان لە پێناوی کوردستانا... وە ئەگەر کوردستانیش بگرن ناتوانن دڵی کورد داگیر بکەن هەرگیز.

بەم جۆرە گفتوگۆ تەواو بوو وە جیابووینەوە.

# خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژەکانی جەنگی گیتی یەکەمیندا لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان

لەم ماوەیەدا خەڵکی کوردستان وە کۆمەڵە نیشتمانییەکانیان هەر بەوە نەوەستان کە لە ناو (کوردستاندا) تێبکۆشن و هەوڵ بدەن؛ بەڵکو گەلی کورد تێکۆشانی خۆی لە دەرەوەی وڵاتدا شان بەشانی ناوەوەی نیشتمان ئەبرد بەڕێوە. وە ساڵی (١٩١٨)ی زایینی لە شاری (قاهیرە) لقێکی گرنگ (کۆمەڵی کوردستان) بەسەرۆکایەتی (میر ثورەییا بەدرخان) دروست بوو وە دەستی کرد بەپروپاگەندە کردن و تێکۆشان بۆ گەلی کورد وە هەوڵی ئەدا بۆ پاراستن و ڕاگرتنی مافەکانی خەڵکی کوردستان، وە بۆ ئەوەی هەقی نەتەوەی کورد لە سوێندخۆرەکانی (ئینگلیز و فەرەنسا و ڕووسیا و ئەمەریکا) بسەندێ.

زۆر لە سەرکردە و ئەفسەرەکانی گەلی کورد کە لەلایەن سوێندخۆرەکانەوە لە شەڕدا دیل کرابون لە کامپی دیلکراوەکاندا لە (شاری قاهیرە و ئەسکەندەریە و سەید بەشیر) کەوا بەدیلکراوەکانی دەوڵەتی تورکیا ئامادە کرابوو، دەستبەسەر و زیندانیی بوون، ئەمیر ثورەییا بەدرخان پەیوەندی لەگەڵ ئەو پیاوانەی گەلی کوردا بەست بۆ لێکۆڵینەوە و لێدوان و چارەکردنی مەسەلەی کورد.

لە هیندستان کامپی دیلەکانی کورد (سەمەر پورە و بیلاریو وە ناو گونگ) ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەست لەگەڵ سەرکردە وە ئەفسەرانی کوردا کە بەدەستی لەشکری بەریتانیا لە ڕوکاری عێراقدا دیل کرابوون.

دیلکراو و ئەفسەرەکانی کورد لەو کامپانەدا لە هیندستان دەستبەسەر و زیندانی بوون لە ئەنجامی ئەوەی کە لە (جەبهەی عێراق) لە شەڕدا یەخسیر کرابوون، ئەمانە هەموویان لەگەڵ لقی (کۆمەڵی کوردستان) کە لە شاری قاهیرە بوو پەیوەندییان پەیداکرد وە دەستیان کرد بەهەوڵ و کۆشش کردن بۆ ئەوەی بەزووترین کات لە (ئەوروپا) کۆنگرەیەک بگیرێت لە لایەن گەلی کوردەوە، چونکە زۆر بەپێویستیان ئەزانی کەوا چ، بەرامبەر (سەڵتەنەتی عثمانی) وە چ، بەرامبەر (سوێندخۆران) گەلی کورد بۆ خۆی (نومایندەیەکی سەربەخۆ) ببەستێت بۆ چارەکردنی مەسەلەی خۆی. ئەو دەستبەسەر و کوردانە لە هیندستان بڕیاریان بەگشتی دەرکرد کە بۆ نوێنەری خۆیان لە کۆنگرەی گەلی کورد لە ئەوروپا (میرثورەییا) هەڵبژێرن وە بۆ ئەو مەبەستە نوێنەرێکی





خۆیان نارد بۆ لای میر بۆ شاری قاهیرە وە پێیان ڕاگەیان کەوا ئەو نوێنەرمان بێت لەو کۆنگرەیەدا کە گەلی کورد لە ئەوروپا ئەیبەستێت بۆ باسکردنی گیروگرفتی نەتەوایەتی و ڕزگارکردنی کوردستان.

هەر لەو دەمەدا لە ساڵی ١٩١٨/١٩١٩ی زایینی کاتێ لەشکری عثمانی لە شەڕی کەناڵی سویس و فەڵەستین شکاوە شاری (قدس) لەگەڵ فەلەستین بەگرتنی ژەنەڕاڵ (ئەیم بی) ئینگلیزی هەڕەشەی لێ کرابوو کە بکەوێت و بگیرێت وە ژەنەڕاڵ- مۆد لە شاری کوتەوە بەرەو شاری بەغدا ئەکشا، لەشکری عثمانی لە رووکاری عێراقدا لە نێوان دوو ڕووبارەکە (ما بین النهرین) بەرەو شکست ئەچوو وە شاری بەغدا لەمرۆ سبەیدا لە مەترسی کەوتندابوو، وە ناوجەرگی کوردستانی عێراق دێهات و شارەکانی لە نەخۆشی و برسێتی و گرانیدا دووچاری چەرمەسەری و مردن بوو.

لەم هەڵوێستە ناخۆشەوە ئەنجامەکانی ئەم هۆیانە نیشتمانپەروەران و ئەفسەرانی کورد کەوتنە ترسەوە کەوا ژیان و ژینی کورد وە مەسەلەی ژیانەوەی کوردستان لە پەرێشانیدایە لەبەر ئەوە وە بۆ ژیانەوەی- کورد و کوردستان- لەناو خۆیانا لە هیندستان دیسان کۆبوونەوە وە کۆمەڵەیەکی پەنهانی کوردیان دروست کرد بەناوی (کۆمەڵی کوردستانەوە) بەمەرجێک کوردستان بژێتەوە و دان بەسەربەخۆیی و مافەکانی گەلی کوردا بنێن. ئەفسەر و سەربازی کورد لە هیندستان ئامادەبوون کەوا بجەنگن دژی سەڵتەنەتی عثمانی وە بۆ ئەو مەبەستە چوونە لای (والی گشتی هیندستان) کە نوێنەری (تاجی بەریتانیا) بوو وە ویستیان کە بەڵێنی لێ وەرگرن یارمەتیان بدات، بەڵام والی گشتی هیندستان لە باتی ئەوەی کە بەڵێنەکەی خۆی بەجێ بهێنێت دوای ماوەیەکی درێژ ناردی بۆ لایان وە پێی ڕاگەیاندن کە ئەیاننێرێت بۆ حیجاز بۆ ئەوەی هاوبەشی بکەن لەگەڵ مەلیک حسین وە لورانس وە یارمەتیان لە شەڕەکەدا بدەن. بەڵام ئەو پیاوانەی نەتەوەی کورد لە هیندستان بەگشتی ئەوەیان پەسند نەکرد وە وتیان ئێمە هاوبەشی ئەم جووڵانەوەیە ناکەین... وە بەو جۆرە حکومەتی ئینگلیز هیچ یارمەتییەکی گەلی کوردی نەدا وە دژی کۆمەڵەکە بوو، وە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی هەڵوێستێکی دوژمنانەی بەرامبەر ئەو کۆمەڵە پەنهانییەی گەلی کورد وەرگرت، وە بەدوژمنانە لەگەڵ دیلەکانی لە هیندستان ئەجووڵایەوە.

لە ساڵی ١٩١٩ی زایینیدا کاتێ کە شەڕ وەستا وە تورکیا تەسلیم بوو وە سوێندخۆرەکان چوونە ناو شاری (ئەستەمبوڵەوە) سەرلەنوێ دەسگای حکومەتی (وحیدالدین) بە ناوی سەڵتەنەتو خەلافەتی عثمانیەوە دامەزرا، بەڵام گەلی کورد لە

کۆششی خۆیدا بەردەوام بوو وە درێژەی بەخەباتی سەختی خۆی دا بەهۆی کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردەوە کە بەیەکەوە خەباتی خۆیانیان ڕیز کردبوو، وە لەو دەمەدا گەلی کورد لە شاری ئەستەمبۆڵ پێنج کۆمەڵی هەبوو، یەکەمیان ناوی کۆمەڵی بەرزی کوردستان (تعالی تعاون جمعیتی) بوو کە شێخ عەبدولقادری شەمزینی سەرکردەیی ئەکرد، وە کۆمەڵی دووهەم ناوی (کۆمەڵی ئیستیقلالی کوردستان بوو) وە بنەماڵەی بەدرخانەکان سەرکردەیان ئەکرد، وە کۆمەڵی سێهەمیان ناوی (کۆمەڵی دیموکراتی کوردستان) بوو کەوا تێ ئەکۆشا بەسەرکردایەتی نەوجەوانان و ڕۆشنبیران و لاوانی گەلی کورد، وە لە پیاوە ناسراوەکانی ئەم کۆمەڵە مەمدوح سەلیمی وانی بوو، بەڵام کۆمەڵی چوارهەمیان ناوی (کورد سوشیالیستی و ترەقی پەروەران) بوو وە گەلێ لە قوتابی دانیشگاکانی تێدابوو، وە کۆمەڵی پێنجهەم لەو دەمەدا کە بۆ گەلی کورد تێکۆشا ناوی (هیوی وە تشکیلاتی اجتماعی) بوو.

ئەم پێنج کۆمەڵە هەموویان پێکەوە خەباتیان ئەکرد و هاوکاریان ئەکرد بۆ هێنانەدیی مافەکانی گەلی کورد و سەربەخۆیی کورد و کوردستان، وە بەیەکەوە دوو ڕۆژنامەیان دەرئەکرد، یەکەمیان ناوی (ڕۆژنامەی ژین) بوو کە تورکەکان پێیان ئەوت (جن) واتە جنۆکە، وە دووهەمیان ناوی (کوردستان) بوو، وە ئەم دوو ڕۆژنامەیە هەردووکیان سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون وە داوای مافەکانی گەلی کوردیان ئەکرد و بەزمانی کوردی کرمانجی و تورکی دەرئەچوون، وە جگە لەمەش ئەم کۆمەڵانە زۆر پەڕاوی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیان بەزمانی کوردی (کرمانجی) چاپ کردبوو وە بۆ قوتابخانەکان گەلێک پەڕاویان هێنابووە بەرهەم.

بەهێزترین و بەتواناترین و چالاکترینی ئەم کۆمەڵانە کۆمەڵی بەرزی کوردستان (کوردستان تعالی وتعاون جمعیتی بوو) وە ئەم کۆمەڵە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دامەزراوی هەبوو، وە تەنیا لە کوردستانی تورکیادا (٣٤) لقی ئەم کۆمەڵە هەبوو سەبارەت بەوەی کە ئەم کۆمەڵە کارێکی گەورەی لەسەر کوردستانی خواروو هەبوو کە (سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و مووسڵ) وە جگە لەوەی کە ئەم کۆمەڵە دەنگی خۆی گەیانبۆوە دەرەوەی کوردستان وە لەگەڵ ئینگلیز و ئەمەریکا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا، پەیوەندی پەیدا کردبوو، ئەم کۆمەڵە بەرامبەر (خیلافەتی عثمانی) سیاسەتی مامناوەنگی بوو بەڵام ڕاستەوخۆ دژی (کەمالییەکان) هەڵسوکەوتی ئەکرد و لە کاردابوو، وە ئەم کۆمەڵە لەبەر ئەوەی کە بۆ سەربەخۆیی و یەکیەتی (خاکی پیرۆزی کوردستان) تێ ئەکۆشا ئینگلیزەکان زۆر ڕقیان لێ هەبوو وە بەرەنگاری وەستابوون وە





هەوڵی نەهێشتن و قەڵاچۆکردنیان داوە بەتایبەتی لە (کوردستانی عێراق) واتە لە ناوچەی مووسڵ و هەولێر و کەرکوک و سلێمانی، وە شاری بەغدا، وە ئینگلیزەکان هەرگیز نەیان ئەهێشت نووسراوەکانی کۆمەڵی بەرزی کوردستان وە چاپەمەنی و بڵاوکەرەوەکانیان دەست خەڵکی کوردستان بکەوێت وە بەتایبەتی (کوردستانی عێراق) بەڵام کۆمەڵی بەرزی کوردستان لە بەر ئەوەی گورج و گۆڵ و ئازابوو نەئەترسا وە بەرێکوپێکی نووسراوەکانی خۆی بەپەنهانی هەر ئەگەیان وە هیچ نرخێکی نەئەدا بەپروپاگەندە و درۆ و دەلەسەی ئینگلیز کە دژی کۆمەڵی کوردستان ئەیکرد.

ئەم کۆمەڵانەی گەلی کورد هەر بەوە نەوەستان کە لە ناوەوەی کوردستان تێبکۆشن بەڵکو خەباتی خۆیان درێژە پێ دابوو بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی بێگانە لە مەسەلەی کورد شارەزا بێت و هەقی گەلی کورد سەرنج بدەن و لایەنی بگرن وە لە بەر ئەو مەبەستە پیرۆزانە ئەم کۆمەڵانە بۆ کۆنگرەکانی دەوڵەتان لە ئەوروپا نوێنەری خۆیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی دەنگی گەلی کوردیان پێ بگەیێنن و گەلی کورد هاوبەشی ئەو کۆنگرانە بکات کە بۆ چارەنووسی ئەو گەلانە ئەبەستران کە لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عثمانی ڕووخاودا بوون، وە بۆ ئەوە ئەو کۆمەڵانە نوێنەری خۆیان هەڵبژارد وە زۆربەی دەنگیان دا بە «ژەنەڕاڵ شەریف پاشا سەعید پاشا زادە» کە لە خەڵکی شاری سلێمانیە بۆ ئەوەی نوماینەدەی گشتی هەموو کوردستان بێت وە نوێنەری نەتەوەی کورد بێت لە هەموو «کۆنگرەکاندا» کە لە ئەوروپا ئەبەستران لە نێوان دەوڵەتە گەورەکاندا، بۆ ئەوەی مافی کوردستان بپارێزێت. ئەم کۆمەڵە سیاسییانەی گەلی کورد پێش بەستنی کۆنگرەی سیڤەر یەک لە سەریەک یادداشتیان پێشکەش دەوڵەتە گەورەکانی جیهان وە بەتایبەتی ئینگلیز و فەڕەنسا و ئەمەریکا و ئیتاڵیا ئەکرد و ڕاپۆرتیان ئەدانێ بۆ باسکردنی مەسەلەی کورد وە بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری کوردستان داوایان ئەکرد.

حکومەتی بەریتانیا هەرگیز نەی ئەویست کۆمەڵی بەرزی کوردستان بەهێزبێت چ لە کوردستانی تورکیا وە یا لە کوردستانی عێراق وە ئینگلیزەکان زۆر لایان گران بوو کە (ژەنەڕاڵ شەریف پاشا) نوماینەدەی گشتی کورد بێت لە ئەوروپا چ، لە کۆنگرە گشتییەکاندا وە یان لە کۆنگرە ڕۆژهەڵاتی (شەرقیە)کاندا لە بەر ئەوە بەهەموو هێزێکیان بەرهەڵستی شەریف پاشایان ئەکرد وە حکومەتی تورکی کەمالیستەکان کە مەرکەزیان ئەنقەرە بوو لە دژی شەریف پاشا هانیان ئەدا، وە جگە لەوەش لە شەریف پاشا ئەترسان کە لە (مؤتمرەکاندا) لایەنگری سیاسەتی حکومەتی فەڕەنسا بگرێت لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وە بەرژەوەندی فەڕەنسا سەربخات بەسەر قازانجی ئینگلیزدا چونکە حکومەتی بەریتانیا لە ئەنجامی پەیمانی (سایکس بیکو) زۆر ئەترسا.

ساڵی (١٩١٩)ی زایینی لە سەر بیروڕای کۆمەڵەکانی کوردستان لەگەڵ نومایەی گشتی ئەرمەن (بارون بوکومس نوبار پاشا)ی میسریدا ڕێکەوت وە لە ئەنجامی ڕێکەوتنەکەدا پەیمانیان بەست کە گەلی کورد وە گەلی ئەرمەن هەریەکە دان بەمافی ئەوی کە دا بنێت وە یارمەتی و هاوکاری یەکتری بکەن، وە لە کۆنگرەکانی گێتیدا پشتی یەکتری بگرن، بۆ ئەوەی بەرامبەر «کەمالیستەکان» وە «حکومەتی ئەستەمبۆڵ» مافی کوردستان وە ئەرمەنستان پارێزگاری بکەن. بەم جۆرە ئەم کۆمەڵانەی نەتەوەی کورد لەم ماوەیەدا لە تێکۆشاندا بەردەوام بوون، وە جگە لەوەش لە کۆتایی شەڕدا هەوڵیان دا کە بەیارمەتی (سوێند خۆران) ئەو کوردانەی کە بەهۆی ئەو جەنگەوە دەربەدەر و دیل و پەنابەرن، وە ماڵ و دێهات و زەویان لێ داگیر کرابوو بەهۆی سەڵتەنەتی «عثمانی» وە، وە لە ڕووی غەزا و جیهادەوە تووشی ئەم سەرگەردانی و ماڵوێرانییە بوون، وەیان ئەو کوردانەی کە ڕەوانەی «ئەنادۆڵ و ئەزمیر و ئەستەمبۆڵ» کرابوون بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان وە بۆ گەڕانەوە و دامرکاندنی ئەم هەزارەها کوردە لە کوردستاندا ئەم کۆمەڵە سیاسییانە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریان دا و بەیارمەتی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان هەموویان گەڕانەوە بۆ ناو شار و ماڵ و جێگەی خۆیان.



# مەلا سەلیم ئەفەندی

مەلا سلیم ئەفەندی کە یەکێکە لە شێخە گەورەکانی (هێزان) لە کاتی خۆیدا لە ڕووی تێگەیشتن و زانیندا دائەنرا بەجێنشینی (شێخ صبغةالله هێزانی) کە شێخی هێزان بوو، لە بەرئەوەی مەلا سلیم ئەفەندی کوردایەتی ئەکرد وە هەوڵی ئەدا بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ حاجی موسا بەگی خویتەلی وە سید عبدالقادر ئەفەندی شەمزینانی بەپێی فرمانێک کە لە لایەن (سوڵتان عبدالحمید)ەوە دەرکرا لە ساڵی (١٨٩٤)ی زایینی دوور خرانەوە بۆ شاری (مەدینەی منەوەرە)وە دیسان هەر لەو ساڵەدا کە (سوڵتان عبدالحمید) هەرا و گێچەڵی ئەرمەنییەکانی دروست کردبوو وە ئەرمەنییەکانی لە دژی گەلی کورد هان دابوو بۆ ئەوەی شەڕ بکەن و ئاژاوە بنێنەوە، وە بەم جۆرە ئەو شەڕە لە لایەن ئەرمەنییەکانەوە هەڵگیرسێنرا کە دەستی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی وە قەیسەری ڕووسیا (چارنیکولا) شی تیادا بوو، وە جگە لەمانەش هەر لەم ساڵەدا (موسی بەگی هێزانی) لە لایەن کۆمەڵی تاشناقی ئەرمەنییەکانەوە کوژرابوو وە لە ئەنجامی ئەو ڕوداوانەی کە باسمان کردن (گەلێک پیاوی گەورەی کورد کە بەهێز و توانابوون دوور خرابوونەوە بۆ حیجاز).

لە حیجاز لە شاری (مەدینەی منەوەرە) مەلا سەلیم ئەفەندی هێزانی وە حاجی موسی بەگی خویتەلی وە سەید عبدالقادر ئەفەندی شەمزینانی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو پیاوە دوورخراوە تێکۆشەرانەی کوردا ئەکەن، وە لەم کۆبوونەوانەدا دیسان ئەو کوردانەی کە چووبوون بۆ (حەج) لە حیجاز هاوبەشی تیائەکەن وە لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە ئەبن، وە کۆبونەوەکان بەهەموویان لە (مەسەلەی کورد ئەکۆڵنەوە وە لە زۆرداری و نالەباری حکومەتی عثمانی ئەدوێن) وە لە ئەنجامدا لە (مەرقەدی بزورگی پێغەمبەردا صلی الله علیە وسلم) لە شاری مەدینەی منەوەرەی پیرۆز هەموویان کۆبوونەوەیەک ئەکەن وە بۆ یەکتری سوێند ئەخۆن کە لە دەوڵەتی عثمانی جوێ ببنەوە وە (خۆ بەخۆ کوردستانێکی ئازاد) پێک بهێنن، وە هەر لەوێدا پەیمان ئەبەستن کە گەڕانەوە بۆ کوردستان، هەر کەسە لە شوێنی خۆی تێ بکۆشێت بۆ ئەوەی ئەم گەلی کوردە هەژارە و چەوساوەیە لە زۆرداری و نالەباری دەوڵەتی عثمانی ڕزگاری ببێت.

لە ساڵی (١٨٩٦)ی زایینی سوڵتان عبدالحمید مەلا سەلیم ئەفەندی وە شێخ عبدالقادر وە حاجی موسی بەگ ئەبەخشێت، وە ڕێگا ئەدرێت بە دوور خراوەکان کە لە حیجازەوە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، وە بەم جۆرە مەلا سەلیم گەڕایەوە بۆ کوردستان وە

دەستی کرد بە پروپاگەندە و بزووتنەوە، وە چووە ناو کوردەکانی (باش قەلا- وان- مووش- بتلیس- دیار بەکر) وە دەستی کرد بەبلاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەی، وە خێلەکانی ئەو ناوە زۆریان گوێ لە پەند و وتەکانی مەلا سەلیم ئەگرت وە باوەڕیان پێ ئەهێنا وە پێیان ئەسەلمێنێت کەوا گەلی کورد پێویستە هەوڵ بدات (بۆ ڕزگاربوونی خۆی) وە هەموویان بۆ ڕاپەڕین دژی حکومەت خۆیان ئامادە ئەکەن، جگە لە هەندێک لە شێخەکانی قادری نەبێت کە لەبەر چەند هۆیەکی دینی و خودپەرستی شێخایەتی بێ بایەخ هاوبەشی بیری خەلیفە سەلیم ناکەن (گوایا لە بەر ئەوەی نەقشی مەزەبە)وە بەتایبەتی لە (بولانیق و مووشدا) شێخ عبدالرحمن تاگی (Tagi) لایەنگریی مەلا سەلیم ئەفەندی ناکات وە یارمەتی سەڵتەنەتی حەمیدی ئەدات.

لێرەدا ئەوەی کە زۆر گرنگە مەلا سەلیم لە کاتێکدا کە خەریکی بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و ڕزگاری کوردستان بۆ (شێخ صبغة اللهی هێزانی) کە شێخی هێزان بووە وە سەرۆکی هەموو نەقشییەکانی کوردستانی تورکیا بوو وە کە مەلا سەلیم خۆی خەلیفەی بوو کۆچی دوایی کرد، بەڵام مەلا سەلیم لە باتی ئەوەی کە خۆی بچێتە جێگای خوا لێخۆشبوو هات لە جیاتی ئەوەی کەوا بکات، کوڕەکەی شێخ صبغة الله کە ناوی شهاب الدین بوو دای ئەنێت لە جێگای خۆی کە لە تەمەنی (١٠) دە ساڵاندا ئەبێت، وە خەلیفە مەلا سلیم دوای ئەوە دەست ئەکات بەڕێ و شوێن دانان بۆ شێخ شهاب الدین وە لە جێگا و بارەگای باوکی دای ئەمەزرێنێت وە فێری زانیاری و سۆفیتی و ئیرشادی دینی ئەکات، ئەمجا مەلا سەلیم بڵاوی کردەوە کە سۆفی و پیاوی دینی ئەبێت تەنیا هەر بۆ خۆی هەوڵ نەدات بەڵکو پێویستە خۆی بتوێنێتەوە لە ناو بزورگی و توانای خوادا و خۆشەویستی ئادەمزاد و مرۆڤدا وە وەتەن پەرستی هەردوو دنیا بێت.

شێخەکانی کوردستان هەموویان ئەم هەنگاوەی مەلا سەلیم پەسند ئەکەن و پێ خۆشحاڵ ئەبن وە بەدڵ و بەگیان هاوکاری مەلا سەلیم ئەکەن لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەریدا، بەم شێوەیە مەلا سەلیم لە ناو زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانی تورکیادا بیروباوەڕی پیرۆزی کوردایەتی بڵاو ئەکاتەوە وە تەنانەت کار ئەکاتە سەر کوردەکانی (قەفقاسیا) کە دانیشتووی (قاقزمان و قارس و ئەردەهان) ئەبن وە بەو جۆرە دەروێش و موریدێکی زۆری ئەبێت، وە مامۆستا و زانا و پیاوە تێگەیشتووەکانی کورد بیروباوەڕی خەلیفە سەلیم پەسند ئەکەن، وە (کۆمەڵی عولەما) فتوا دەرئەهێنن کە بەپێی شەرع نابێت زانا دینییەکانی کوردستان خزمەت و یارمەتی





ئیمپراتۆریەتی عثمانیەکان بدەن وە بە تایبەتی لەژێر فرمان و ڕژێمی عثمانیدا ناگونجێت کە کورد ئیمام و قازیتی و موفتیێتی پەسند بکات، چونکە حکومەتی عثمانی بەپێچەوانەی خیلافەتی ئیسلام و شەریعەت لە کاردایە، بەرامبەر مەزەبی جەعفەریەکان هەڵوێستێکی دوژمنانەی وەرگرتووە وە دووبەرەکی ئەخاتە ناو ئیسلامەوە بو سوودی خۆی.

لە ئەنجامی ئەم تێکۆشانە تێکراییەی گەلی کورد وە پیاوە ئازاکانیدا، وە لە سەر ڕۆشنایی ئەم بزووتنەوەیەدا لە پێناوی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کوردایەتیدا خەڵک لە کوردستانی تورکیادا لە شەش ویلایەتەکەدا کە بریتییە لە ویلایەتی (ئەرزرۆم و خەرپوت و ئال عەزیز و دیاربەکر و بتلیس و وان) ڕائەپەڕن، وە خەڵکی ئەم شەش هەرێمە بە یەک جار ئەجوڵێنەوە، وە بزووتنەوەی کوردایەتی لە ناویاندا پەرە ئەسەندێت و بڵاوئەبێتەوە وە بەم جۆرە خەلیفە مەلا سەلیم لەگەڵ گەلێک لە زانیار و مەشایخ و سەرۆکی ئەو ناوچانە بەڵێن و پەیمانیان بەست، وە بەتایبەتی لەگەڵ ناوچەکانی (ئەرزرۆم و وان وە بتلیس)دا ڕێک کەوتبون کە کوردستان بەجیاوازی لە تورک (ئیدارەیەکی موختاری) بێت بەڵام ئەو ئیدارەیە بەدەوڵەتی عثمانییەوە ببەستریت وە سەر بەخەلافەتی عثمانی بێت.

حکومەتی عثمانی لەمە زۆر شپرزە بوو وە بۆ گرتنی مەلا سەلیم لەشکری دەرکرد وە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩١٠)ی زایینی مەلا سەلیم لە سەر ڕێگای وان بتلیس لەلایەن (ئالایەکی سوپایی) تورکەوە ئەگیرێت، کاتێک شێخ شهابالدینی هێزانی کە ئەمەی بیست زۆری لا گران بوو، لە بەر ئەوە لەگەڵ (١٠٠) سەد سواری کورددا هێرشیان بردە سەر ئالا سەربازیەکەی تورک وە بەشەڕکردن مەلا سەلیمیان سەندەوە، وە لە ئەنجامدا لە سەر ئەم ڕووداوە (مەسەلەی کوردستان) ئاشکرا بوو و دەرکەوت وە لە نێوان کورد و تورکدا شەڕ هەڵگیرسا، وە لەشکری تورک لە شاری (بتلیس) بریتی بوو لە (چوار تابور سەرباز وە یەک بەتاریە تۆپ، وە دوانزە مەترەلۆز)، بەڵام شێخ شهاب هێرشی بردە سەر (بتلیس) وە لەم شەڕەدا تورکەکان شکان وە لە ئەنجامدا (٢ تۆپ وە ١٠ مەترەلۆز وە ٣٠٠ تفەنگ لەلایەن لەشکری کوردەوە گیران ٣٢٠ سەربازی تورک دیل کران)، بەڵام داخی گران لەم شەڕەدا (٥٠) شەرکەری کورد شەهید کران، سوپای تورک بەرەو (دیاربەکر) هەڵات وە والی بتلیس ڕای کرد، بەڵام لە مانگی ئابی ساڵی (١٩١٠)ی زایینی لە شاری دیاربەکرەوە فیرقەیەکی سوپا بەرەو بتلیس هێرشی برد، وە لە ئەنجامی شەڕدا سوپای زۆرداری عثمانی شاری بتلیسی هەمدیسان داگیر

کردەوە، وە لەم شەڕەدا زۆری لەشکرەکە لە ئەرمەنییەکان بون وە لەبەر ئەوەی کە ئەمانە لە پێشەوەی سوپاکەوە بون زۆریان لێ کوژران، بەرامبەر (٢٠) شەڕکەری کورد کە لە وێدا شەهید کران، بەڵام بەمە شەڕ کۆتایی نەهات وە شێخ شهاب الدین لە ڕۆژهەڵاتی شاری (بتلیس) دیسان لەگەڵ لەشکری تورک دایان بەیەکدا وە ئەمجارەش تورکەکان شکان وە شێخ شهاب الدین شاری (بتلیس)ی لە داگیرکەرە تورکەکان سەندەوە.

ئەوەی جێگای داخە، وە شایەنی ناخۆشییە تورکەکان زۆر کات هەستی دینی هەندێ لە عێلەکانی کوردیان بەکارهێناوە وەڕایان کێشاون بۆ لای ئیمپراتۆریەتی عثمانی، وە بەبۆنەی جیاوازی مەزەب و مەزەب پەرستییەوە دووبەرەکیان خستۆتە ناویانەوە زۆر زیانیان بەبزووتنەوەی کوردایەتی گەیاندووە بۆ قازانجی گڵاوی خۆیان وە حکومەتی عثمانی لەم شەڕەی گەلی کوردا چەند شێخێکی بەناوی (مەزەبی قادریەوە) بۆلای خۆی ڕاپێچ دان، وە لە شێخەکانی قادری لە قەزای کفرا (Kefra) شێخ عبدالباقی وە شێخ حسێنی قادری حکومەتی عثمانی بۆ سوودی خۆی بەکاری ئەهێنان دژی شێخ شهاب الدین وە لە ئەنجامدا ئەمانە خیانەتیان لەگەڵ شێخ شهابدا کرد و هێرشیان بردە سەر شاری (بتلیس) لەگەڵ لەشکری تورکیادا، بەڵام شێخ شهاب الدین کە شاری بتلیسی بەدەستەوە بوو، بۆ ئەوەی کە لە ناو کوردەواریدا (برا کوشتن ڕوو نەدات) وە بۆ ئەوەی کە لە نێوانی (کورد و کوردا) خوێن نەڕێژرێت شاری (بتلیسی) بەجێ‌هێشت وە بەرەو مووکس- سعرت MUKS SIERT کشایەوە وە تورک شاری بتلیسیان دیسان داگیر کردەوە، مەلا سەلیم تا بەهاری ساڵی (١٩١٣)ی زایینی لەو ناوەدا مایەوە بەڵام دەستەڵاتی حکومەتی عثمانی تەنیا هەر لە ناو شارەکەدا (بتلیسی) هەبوو وە هەر لە ناو بتلیسدا فەرمانڕەوایی عثمانی مابوو وە دەرەوەی شارەکە هەمووی بەدەست سوپای کوردەوە بوون، وە هەر چەندە لە نێوانی هەر دوو لەشکرەکەدا (کورد و تورک) وەک پەیمانێکی ئاشتی بەسترابێت وابوو بەڵام دیسان هەر جارجار شەڕ ڕووی ئەدا وە هەرگیز هەر دوولا بەرامبەر یەکتر گوماندار بوون تا بەهارێ (١٨)ی مانگی نیسانی ساڵی (١٩١٤)ی زایینی کە حکومەتی تورکیا لە (وان، وە مووش، ئەرزروم، دیاربەکر)ەوە ٣ فیرقە سەربازی ئامادەکرد وە هێرشیان بردە سەر شێخ شهاب الدین وە خلیفە مەلا سەلیم ئەفەندی زازا، وە لە ئەنجامی شەڕێکی خوێنیندا شێخ محمد شیرین کە برای شێخ شهاب الدین وە سەید علی ئەفەندی ئامۆزای بەدیل گیران وە لە شاری (بتلیس) لەگەڵ (١٠)دە کوردی کەدا هەڵواسراون وە گیانیان لە پێناوی کوردستاندا بەخت کرد مەلا سەلیم ئەفەندی ئەمەی زۆر لە لا گران بوو وە ویستی هێرش بەرێتە سەر بتلیس وە





بۆ ئەمە ئازایەتییەکی مەردانەی نواند وە (شەبەیخوینەکی) کرد بەوەی کە خۆی لەگەڵ (٤٠) پیاوی گیانفیدا بەشەو چوونە ناو (شاری بتلیس)ەوەوە دەستیان کرد بەشەڕکردن، وە مەلا سەلیم ئەفەندی لەگەڵ (٤٠) قارەمانە کوردەکە (٥) سەعات لە شەڕدا ئەبن لەگەڵ لەشکری عثمانی لە ناو شاری بتلیسدا، وە لە ئەنجامی شەڕەکەدا (٢) ئالآی قوماندانی وە (٥) ئەفسەر وە (١٤٠) سەربازی لەشکری تورک ئەکوژێن وە ئەمانە زۆریان بەگوللەی یەکتر کوژرابوون لە شەڕەکەدا لە بەرئەوەی کە شەو ئەبێت وە لە تاریکاییدا جەندرمەی تورکەکان ئەحەپەسێن، بەڵام کاتێک کە ڕۆژ ئەبێتەوە مەلا سەلیم وە (٤٠) قارەمانەکە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ ئەدرێن وە (١٠)دە قارەمانیان لێ دەکوژرێت وە (٢٠) بیستیان دەرباز ئەبن وە ئەگەڕێنەوە بەڵام مەلا سەلیم لەگەڵ دە تفەنگچی خۆیان ئەخەنە ناو قونسوڵخانەی ڕووسیا وە تا هەڵگیرساندنی جەنگی گێتی یەکەمینی جیهان لەویانەدا ئەمێننەوە، بەڵام کاتێک کە جەنگ هەڵئەگیرسێت عثمانییەکان قونسوڵی ڕووسیان بەدیل گرت وە مەلا سەلیم و دە قارەمانەکەیان گرت وە لە بەردەمی قونسوڵخانەی ڕووسیدا هەڵیان واسین بەتاوانی کوردایەتی وە لە دین لادان وە (٧) ڕۆژی ڕەبەق لاشەکانیان بەهەڵواسراوی مابوونەوە، وە بەو جۆرە گیانی پاکی مەلا سەلیم ئەفەندی لە لەشی پیرۆزی جیا ئەبێتەوە لەگەڵ دە قارەمانەکەدا ئەبتە قۆچی قوربانی ڕێبازی ڕزگاری کوردستان. خەلیفە مەلا سەلیم کە لە سێدارە درا تەمەنی (٦٥) ساڵان بوو وە کاتێک کە هێنایانە بەر سێدارە بۆ هەڵواسین (والی بتلیس) لێی پرسی خۆ تۆ ئەت وت ( خودا نوسرەتتان ئەداتێ) کەچی ژێر کەوتی؟ شێخ سەلیم لە وەڵامدا فەرمووی (بەڵێ خودا نوسرەتی بەئێمە بەخشی) بەڵام لە ناو خۆماندا غایەن هەبوو لە بەر ئەوە (خودا نوسرەتی لە ئێمە سەندەوە) بەڵام خودا بۆ هەموو مرۆڤێک مردنی داناوە، وە مردن بۆ هەمووان یەک ڕەنگە، ئەمجا لە سەر پەتی قەنارەکە ڕووی کردە والی وە فەرمووی:

بەڵام مژدە بێت لە تۆ... کە تۆ دۆزەخیت وە جێگات جەهەنەمە، چونکە من هاتم وە هەقم تەلقین کردیت کەچی تۆ پەسندت نەکرد، لە پاشا فەرمووی: مردن بۆ گیانی ئێمەمانان نییە، ئەمین بن کە گەلی کورد لەگەڵتانا حسابێک هەر ئەکات وە هەرگیز لە حسابی دەرناچیت، وە ئێوە (لە دنیا و قیامەدا هەر ژێر ئەکەون چونکە حوکم و سەڵتەنەتی درۆ و دەلەسە و فێڵ و تەلەکەبازی بەزوڵم و زۆرداری ناچێتە سەر و هەق داناپۆشێت)، وە بەم ڕەنگە گەورەیەک لە گەورە پیاوەکانی کورد و قارەمانێکی مەزنمان دوا هەناسە و گیانی لە سێدارەدراوی لە ڕێگای گەلەکەیدا بەخشی.

مەلا سەلیم ئەفەندی پیاوێکی گەورە بوو، پیاوێکی دینی گەلپەروەر بوو وە زانا و شاعیر و ئەدیب بوو، زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی ئەزانی وە شارەزایی لە هەموو شێوەکانی زمانەکەی خۆیدا هەبوو وە دیوانی (مەسنەوی بخاری بەناوبانگ) بەکوردی کرمانجی شەرح و تەفسیر ئەکرد، لە پێناوی (ئیستقلالی کوردستاندا) دوو جار بۆ ئەستەمبۆڵ و چوار جار بۆ حیجاز چووە، وە لەگەڵ پیاوە مەزنەکانی کوردستاندا کە لە شاری (مەدینەدا) دەستبەسەر و زیندانی بوون گفتوگۆی کردووە، وە ئەوی ڕاستی بێت (شێخ شهاب الدین) زۆر جار تکای لە مەلا سەلیم ئەفەندی کردووە کە دانیشێت وە واز بهێنێت وە ئەوی مەلا سەلیم ئەڵێت ئەم وا بکات، وە دیهاتی پێ ئەدات، بەڵام مەلا سەلیم کۆڵی نەدا وە گوێی لە قسەی شێخ شهاب نەبوو، وە لە پێناوی گەلی کوردا لە هاتوچوو نەکەوت و نەترسا لە هەڕەشە و گوڕەشەی تورک وە هەرگیز ئیرشادی میللی و دینی خۆی هەر ئەکرد، وە ئەی فەرموو (لە پێناوی دین و قەومی کوردا هەتا خوێنی خۆم گیانفیدا نەکەم... واز ناهێنم).

بەڵام ئەوی پێویستە کە باسی بکەین بەداخەوە حکومەتی حەمیدی (٦٤) ئالای سوپایی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیادا کە کوردستانە لە خێڵەکانی کورد پێک هێنابوو، بۆ پچڕپچڕکردنی بزووتنەوەی پیرۆزی گەلی کورد وە پارچە پارچەکردنی هێزەکانی (بۆ ئەوەی شیرازەی یەکیەتی و برایەتی وە ئاهەنگی ڕێکوپێکی لە ناو کوردا پێک نەیەت وە بەرامبەر سەڵتەنەتی عثمانی هێز و توانایەکی کوردایەتی دروست نەبێت) وە جگە لەمەش سوڵتان عەبدولحمید ئەم تەشکیلانەی بۆیە دروست کردبوو تاکو بەرامبەر (قازاقی) ڕووسی بەکاریان بهێنێت وە لە شەڕی یەکەمی جیهان سوودێکی زۆری لەم کوردانە وەرگرت بەڵام زۆر جێگای سەرسوڕمان و شەرمەزارییە کە لەم هەموو بزووتنەوە میللییە گرنگانەدا کە بۆ سەربەخۆیی خاکی پیرۆزی کوردستان و ڕزگاری ڕەنج خۆڕاوانی کورد ئەکرا، ئەم (٦٤) ئالایە هیچ بەشداری و هاوکاری بزووتنەوەکانی کوردیان نەکرد وە ئەمانە هەموویان لەگەڵ تورکدا یەک بوون وە بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کورد بێ لایەن وەستابوون.

شەرمەزاری و ڕووڕەشی بۆ ئەوانەیە کە خیانەت لەگەلەکەیان ئەکەن، شانازی بۆ گیانی پاکی مەلا سەلیم و هەڤاڵەکانی!



## پیاوە مەزنەکانی گەلی کورد

## میر عەبدولڕەزاق بەدرخان

میر عەبدولڕەزاق بەدرخان لە ساڵەکانی ١٩١٢-١٩١٣ زایینیدا لەگەڵ چەند پیاوێکی ناسراوی کوردا ئەچن بۆ شاری سان پترسبورگ (لێنینگراد) وە لەگەڵ چارنیکولای قەیسەری ڕووس گفتوگۆ ئەکەن لە بابەت مەسەلەی نەتەوەی کوردەوە بۆ ئەوەی یارمەتی لێ وەربگرن بۆ پێکهێنانی حکومەتێک لە کوردستاندا لە ناوچەی شەش ویلایەتەکەی ڕۆژهەڵاتی تورکیادا کە (کوردستانە).

لە ئەنجامی گفتوگۆکردندا میر عەبدولڕەزاق بەدرخان بەڵێنی لە چار نیکۆلای قەیسەر وەرگرتبوو بۆ (دامەزراندنی حکومەتی کوردستان)، بەڵام بەمەرجێک کە پارێزگاری مافی کەمایەتییەکانی ئەرمەن و ئاثوری و هەندێ لە کلدانییەکان بکرێت کە لە کوردستاندا ئارام سازن... میر عەبدولرزاق بەدرخان بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەی گەلی کورد وە بەتایبەتی خێزانی بەدرخان وە خێزانی شەمزینان وە دەرسیمییەکان یارمەتیان ئەدا، وە لە ساڵی (١٩١٢)ی زایینیدا بۆ بەجێهێنانی ئەم فەرمانە گەورەیە لەگەڵ سەرۆکی بارو لوتفی فیکری بەگی دەرسیمی کە سەرۆکی گشتی نەقابەی پارێزەرانی دەوڵەتی عثمانی بوو دوابوو وە پێکەوە ڕێکەوتبوون بۆ هانینەدیی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد.

بەڵام لە کاتێکدا کە میر عەبدولڕەزاق هەوڵ و کۆششی ئەکرد بۆ گەلە چەوساوەکەی کەچی کۆمەڵی (ئیتحاد و تەرەقی) لە ژێر فەرمانداری ئەنوەر پاشا وە تەلعەت بەگ دژی بەدرخان لە کاردا بوون.

وە ڕۆژنامەکانی (ئەستەمبۆڵ) (وەقت) وە(سەباح) وە(ئیقدام) وە(تەسویری ئەفکار) لە نووسینەکانیاندا پروپاگاندەیان ئەکرد وە هاواریان ئەکرد کە میر عەبدولڕەزاق بەدرخان لە دین وەرگەڕاوە و خائینە چونکە بەرامبەر خەلافەتی عثمانی هەڕەشە ئەکات، وە بەم جۆرە ئەیان ویست کە ناوی میر خراپ بکەن و لەناو گەلی کوردا بیشکێنن، وە ڕۆژنامەکانی تورک بۆ قازانجی خۆیان ئەیان نووسی، میر عەبدولڕەزاق لەگەڵ (مۆسکۆ) پەیمانی بەستووە و چل هەزار تفەنگی وەرگرتووە لەگەڵ پارەیەکی زۆر چونکە خەیاڵی دامەزراندنی حکومەتی کوردستان لە ژێر چاوەدێری ڕووسیدا لە کەللەیدایە.

ڕۆژنامەکانی کۆمەڵی ئیتحاد و تەرەقی هەر بەوەشەوە نەوەستان بەڵکو ئەیان ویست

(دین) بەکاربهێنن بۆ دژی (بەدرخان) چونکە هەمیشە بانگیان ئەکرد و ئەیان نووسی، ئەی ئیسلام ئەی کورد و ئەی تورک، ئێوە چۆن ویژدانتان ئەمە پەسند ئەکات کە میر عەبدولرەزاق بەدرخان ئاوا بکات؟! وە بەم جۆرە حکومەتی (تورکیا) فرمانێکی دەرکرد کە خێزانی بەدرخانییەکان وە شەمزینییەکان وە دەرسیمییەکان خائینن بەرامبەر بەئیسلامەتی و تورک.

لە ئەنجامی ئەم هەڵوێستانەی حکومەتی تورکیادا بەرامبەر بەگەلی کورد کە بۆ هەقی خۆی هەوڵی ئەدا و کۆششی ئەکرد وەکو کە لە ژێر دەستەکانی کەی تورکیا لە ساڵی (١٩١٤)ی زایینیدا کە جەنگی گێتی یەکەمین هەڵگیرسا وە لە کاتێکدا لەشکری ڕووسیا لە دوایی پایزی ساڵی (١٩١٤)ی زایینیدا هاتە نزیک (وان و ئورمیە) میر عەبدولرەزاق بەدرخان لەگەڵ قوماندانی گشتی ڕۆسیادا ئەبێت وە لە شاری (چالدیران) کە ئەکەوێتە ڕۆژهەلاتی هەرێمی (وان) لە سنووری ئێران حکومەتی کوردستان دائەمەزرێنێت وە لەشکرێکی بچووک لە خێڵە کوردەکانی دەوروپشتی (ئورمیە، وان، حەیدەران، میللی وە شوکاک) دروست ئەکات، وە لەم کاتەدا (سید طه شەمزینی) وە(سمکۆ ئاغای شوکاکی) کە دوو سەرۆکی کوردن وە دیلکراو ئەبن لە (باکۆ) لە سەر داوا و هەوڵی میر عەبدولرەزاق بەرەڵا ئەکرێن، وە هەردووکیان ئەگەڕێنەوە و هاوبەشی (حکومەتی کوردستان) ئەکەن، ئەمجا میر عەبدولرەزاق دەست ئەکات بەکارو فرمان بۆ بەڕێوەبردنی حکومەتی کوردستان وە بۆ ئەم مەبەستە بەیاننامەیەک دەرئەهێنێ وە تیایا ڕای ئەگەیێنێت کەوا پێویست ناکات گەلی کورد خۆی بکات بەقوربانی لە پێناوی عثمانییەکاندا چونکە شەڕی نێوان (تورک و ڕووس) شەڕێکی دینی نییە بەڵکو شەڕێکی (تورانیزمە) وە هێچ سوودی گەلی کوردی تێدا نییە وە ئەم شەڕە لە ژێر چاودێری ئیمپراتۆری ئەلمانیادا (ویلهیلم) ئەکرێت لە پێناوی دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی تورانیەکاندا بۆ ئەوەی گەلی کورد بەجارێک ناوی لە ناواندا نەمێنێت وە ئەم شەڕە تەنها قازانجی تورانییەکان ئەپارێزێت، لەبەر ئەوە میر عەبدولرەزاق لە بەیانەکەیدا لە گەلی کوردی داوا کردبوو کە (بێ لایەنی) بن وە دەری خستبوو کە تورک ئەشکێت لەبەر ئەوە بەجێهێشتن وە چۆڵکردنی ماڵ و دێهات و شارەکانی کورد لە پێناوی بەرژەوەندیی تورکیادا هیچ باشییەکی بۆ گەلی کورد تیانییە جگە لە سەرگەردانی نەبێت، دواجار میر عەبدولرەزاق لە بەیانەکەیدا ئەڵێت کە ڕووسیا دوژمنی گەلی کورد نییە، وە ڕووس دڕندە نییە وەکو تورکیا بلاوی ئەکاتەوە، چونکە ڕووسیا دانی بەسەربەخۆیی وە بەمافی کورد و کوردستاندا ناوە، وە لەگەڵ موسڵمانەکانی





ڕووسیادا کردەوەی باشە وە یارمەتیمان ئەدات.

بەڵام هەروەکو سیاسەتی تورکیا لە هەموان ئاشکرایە حکومەتی تورکیا بەم حاڵە قایل نەبوو وە ئەیویست هەرگیز لە میر عەبدولرەزاق بدات لەبەرئەوە بۆ مەرامی خۆی لە لایەکەوە هەوڵی ئەدا میر عەبدولرەزاق بگیرێت وە بکوژرێت تا حکومەتی کوردستان لە ناوبچێت بەڵام بۆ تەڵەکەبازی لە لایەکی کەوە بانگی بلاوکردەوە کە گوایا ئەگەر میر عەبدولرەزاق واز بهێنێت لەم کەڵکەڵەیەی کە لە سەرپایەتی ئەوا هیچ ترسی لە سەر نییە وە هەر بەو نیازە درۆیە حکومەتی تورکیا فەرمانی پادشاهی دەرکرد بۆ بەخشینی، بەڵام مەخابن کە تورک پەیمانی نەبێت وە داخی گران حکومەتی کوردستان زۆر بەردەوام نەبوو وە ئەم (حکومەتی بەدرخان) تا شۆڕشی ئوکتۆبەری ڕووسی دەوامی کرد چونکە کە شۆڕشی ئوکتۆبەری ڕووسی سەرکەوت لەشکری ڕووسی (لە بتلیس و وان و ڕەواندوز و ئورمیە وە شارەبان و قەسری شیرین و هەمەدان و تاران و تەوریز بەرەو سنووری خاکی قەفقاسیا وە ڕووسیا کشایەوە) وە بەکشانەوەی لەشکری ڕووسی حکومەتی کوردستان لە ناوچوو وە بەو جۆرە گەلی کورد ئەو هەلەشی لە دەست چوو، وە لە ساڵی (١٩١٨)ی زایینیدا ئەم قارەمانە کوردە لە سنووری شاری ڕەواندوز حکومەتی تورکیا گرتی، وە میر عەبدولرەزاق بەدیلکراوی درایە دەست (علی احسان پاشا) کە سەرۆکی سوپای- جەبهەی عێراق بوو وە لە شاری موسڵ بەنهێنی خنکێنرا بەو جۆرە پیاوێکی مەزنی گەلی کورد سپێردرا بەباوەشی نیشتمان.

# شۆڕشی قوچ گیری

## ١٩٢٠- ١٩٢٦

## ١

لە ساڵی (١٩٢٠)ی زایینیدا ڕاپەڕینی قوچگیری دەستی پێکرد، ئەم شۆڕشە شەش ساڵی خایان، وە لە ساڵی (١٩٢٦)دا بەکوشتنی موراد پاشای خاین کۆتایی هات، وە لەم شۆڕشەدا گوندەکانی قوچگیری تووشی تاڵان و سوتاندن بوون وە خەڵکی گوندەکانی ئەم ناوچەیە کوژران و ژن و مناڵیان تووشی کوشتار و تاڵانکردن هاتن، زۆر لە سەربازە تورکەکان کە بەهۆی کەمالیەکانەوە شەڕیان پێکرا پیان ناخۆش بوو کە خوێن لە نێوان کورد وە تورکدا بڕێژرێت، چونکە ئازادی و سەربەخۆیی کوردیان لە لا بەنرخ بوو وە شەڕیان زۆر پێ ناخۆش بوو، چونکە ڕاپەڕینی ئەم جارەی گەلی کورد وەکو ڕاپەڕینەکانی کە نەبوو، وە شۆڕشی قوچگیری لە سەر هەق و داخوازیەکانی گەلی کورد بوو، بەڵام داخەکەم کەمالیەکان بێ وەفا دەرچوون وە هێرشیان بردە سەر ماڵ و دێهاتی کوردستان وە زۆریان لێ فەوتاندن وە هەزارەها ڕەنجبەر وە فەلاح وە عەسکەری بەسەرزمانیشی تێدا نابووت و پەرێشان بوون لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ لەمانە تەنانەت بەشداری ڕاپەڕینەکەش نەبوون، وە بەم جۆرە بەدڕندانە دوای وێرانکردنی ناوچەکانی قۆچ گیری شۆڕشەکە دامرکایەوە.

## هەندێ لە زانیاری لە بارەی ئێڵ و هۆزەکانی قوچگیری

دانیشوانی قوچگیری وە ئیل و هۆزەکانی هەموویان لە نەتەوەی کوردن وە عەلەوین (جەعفەری مەزەبن)، وە بە قزڵباش واتە (کڵاوسوور) بەناوبانگن، وە ئەو گوندانە کە ئەم کوردانە تیایدا ئەژین ژمارەیان (١٥٠) گوندە، وە ئەمانە بە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتەوە خەریکن، وە باخ و بێستان و ڕەزی نایاب و هەمە جۆرەی جوانیان هەیە، وە قوچگیری لە کوردستانی تورکیادایە وە ئەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای کوردستان، وە سنووری هەرێمی قوچگیری لە هەر چوار لای شاری (سیواسە)وە دەست پێ ئەکات وە هەتا نزیک شاری (ئەرزنجان) ئەگرێتەوە، وە دانیشتوانی ئەم ناوچانە کە ئەکەوێتە نێوان ئەو دوو شوێنەی سەرەوە لە ژێر دەستەڵات و فەرمانڕەوایی وە هێزی (ئێکونومی) دانیشتوانی قوچ گیریدا ئەژین، وە ناوچەکانی قوچگیری بریتین لە





دانیشتوانی شارەکانی (زارا) وە (عیمرانیە) وە (قەرەجەویران) وە (بلووجان) وە (بەی پینار)، وە لە قەزای (کان گال) ناحیەی قەواق وە قەزای (قووروچای) ناحیەی قوزقشلە وە ئالاکلیسە، وە هەتا ئالووجەرە، وە سوو شەهری ئەگرێتە باوەشی خۆی، وە دیسان لەگەڵ دانیشتوانی عەشیرەت و خێڵەکانی ڕۆژئاوای دەرسیمیش کە ئەمانەش کوردن وە عەلەوی مەزهەبن کەم و زۆر تێکڵاویان هەیە، جگە لە مەش ناوچەکانی قوچگیری هەندێ دێهاتی تورکیشی تیادا هەیە، ئەمانەش دیسان عەلەوی مەزهەبن وە لەگەڵ کوردەکاندا هاوژیان و هاوبەختن وە لە یەکتری جیاناکرێنەوە، وە ئەم ناوچەیە کە شۆڕشی کوردەکانی قوچگیری تیا هەڵگیرسا درێژێکەی نزیکەی (٢٥٠) کیلۆمەترە و پانیەکەی لە (زاراوە) هەتا (ئالاکلیسە) (١٥٠) کیلۆمەتر ئەبێت، وە ڕاپۆرتەکانی مێژووی جەنگ هی ئەنجومەنی تورک ئەڵێت شۆڕشی قوچگیری درێژێکەی (١٨٠) کیلۆمەترەیە وە ژمارەی دانیشتوانی (٦٠) شەست هەزار کەسە وە (٣) هەزار چەک هەڵگری هەیە و ئێڵەکانی قوچگیری بریتین لە ئێڵەکانی ئیی بۆیان وە سارووویان، وە زازایان، وە پالوویان، وە کەرتەلی وە ئەمانەیان بەناوبانگن، بەڵام بەهێزترینیان ئیلی (Ib- Oyan) ئیبویانە کە زۆر بەتوانان، وە لە ساڵی (١٩٢٠)ی زایینیدا کە قوچگیری ڕاپەڕین سەرۆکی قوچ گیریەکان، موستو پاشازادە (حەیدەر بەگ) وە براکەی (علی شان بەگ)، وە حاجی ڕاسم، وەعیزەت، وە محمد و، وە کوڕانی گوڵ ئاغا (نەقی وە عیزەت) وە حەسەن عەسکەری وە کاتب وە میرزاریان علی شێر بووە وە ئەم پیاوانەی گەلی کورد هەموویان هاوبەشی ڕاپەڕینەکە بوون، وە حەیدەر بەگ مدیری ناحیەی (عمرانیە) بوو، وە براکەشی (علی شان) قائمقامی شاری (ڕەفاهی) بووە، وە ئەمانە هەموویان بەیەکەوە بۆ شۆڕشی قوچگیری چەک و فیشەکی زۆریان ئامادە کردبوو، هەرێمی قوچگیری ئاوو هەوای خۆشە وە چیاکانی بەرزن، وە دەشت و دۆڵ و دەرەکانی پان و فراوانن وە گەلێ سەرچاوەی ئاو و کانیاوی خۆش و سازگاری تێدا هەیە وە دارستان و جەنگەڵی زۆرە.

هۆی ڕاپەڕین و شۆڕشی کوردانی قوچگیری لە هەرێمی سیواس:

ئەرمەنستانی قەفقاسیا وە وەزع و پەیوەندیی بەرامبەر بەئەرمەنی وە کورد و تورک لە تورکیادا: لە سەر پرنسیپی چواردەکانی سەرەک کۆماری یەکگرتووی ئەمەریکا (ویلسون) دەوڵەتی ئەمەریکا وە ئینگلیز، وە فەرەنسا لە ساڵی (١٩١٩)ی زایینیدا پەیمانیان دابوو بە(ئەرمەنییەکان) کە دەوڵەتێکی گەورە و فراوانیان بۆ دروست بکەن وە لە (ئەریوانە) تا پورتی (ئەسکەندەروون) لە سەر دەریای سپی بگرێتەوە، وە

پێشەکی ئەم دەوڵەتانە لەگەڵ حکومەتی داشناقی ئەرمەنستان، وە حکومەتی مساواتی ئازربایجانی قافقاسیا وە گورجستانیش یەکیان گرتبوو وە لەگەڵیاندا بۆ ئەو مەبەستە هاوکاریان ئەکرد وە لە قافقاسیای ئەرمەنستاندا تاکو سنوورەکانی ڕووسیا وە تورکیا لە پێشەوە بۆ سەربەخۆیی ئەرمەنستان بڕیاریان دابوو وە لەشکر و سوپایان بەرامبەر بەتورکیا وە یەکیەتی سۆڤیەتی ڕووسیا ئامادە کردبوو وە لەم بارەیەوە لە جەنگی یەکەمدا سەرۆک وە پیاوە مەزنەکانی ئەرمەنستان لە دەوڵەتەکانی ئەورووپا وە لە ئەمەریکا نزیک بووبوون وە داوای یارمەتیان لێ ئەکردن وە لەگەڵیاندا لە دژی سەڵتەنەتی عثمانی هاوکاریان ئەکرد، بەڵام هەرچەندە گەلی کورد حەزی بەناخۆشی وە چەرمەسەری گەلی ئەرمەنی نەئەکرد وە نەی ئەویست کە زوڵم و زۆریان لێ بکرێت، وە تەنانەت لە ساڵی (١٩١٤- ١٩١٥)ی زاییینیدا کاتێ کە حکومەتی عثمانی (ئیتحاد و تەرەقی) هێرشی بردە سەر ئەرمەنییەکان وە دەستی کرد بەکوشتاریان، گەلی کورد دەستی یارمەتی وە هاوکاری بەکردەوە بۆ گەلی ئەرمەنی درێژ کرد. وە (٣٠) هەزار ئەرمەنی لە ژن و پیاو وە گەورە و بچووک داڵدەیان برد بۆ ناو شار و دێهاتەکانی گەلی کورد پارێزگاری شەرەف و نامووس و گیان و سامانی ئەرمەنییەکانی کرد لە تورکە دڕندەکان، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا گەلی کورد (بۆ خۆی) تێئەکۆشا وە هەر چەندە کە ماف و سەربەخۆیی ئەرمەنستان لە لای زۆر خۆشەویست بوو بەڵام کورد نەی ئەویست کە دیلیتی تورکەکان بۆ ژێر دەستی بوونی ئەرمەنییەکان بگۆڕێتەوە، وە لە دیلێتیەکەوە بۆ دیلێتییەکی کە بچێت وە یا دیلێتییەکە ئاڵوگۆڕ بکات، لەبەر ئەم هۆیانە گەلی کورد بەڕاست و دروستی لە پیلان و ڕێکخستنی (ئەرمەنستانێکی گەورە و فراوان لە سەر حسابی گەلی کورد ئەم وەزعە شپرزەی کردبوون، سەرۆک وە کۆمەڵ وە کۆمیتە سیاسییەکان وە کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کورد لە ئەستەمبۆڵ وە لە ئەنادۆڵ، وە لە کوردستانی تورکیادا بەئاشکرا و پەنهانی خەریکی خۆڕێکخستن بوون وە داواکار و پارێزگاری کوردستان بوون، وە بۆ ئەو مەبەستانە لەگەڵ ئینگلیز و ئەمەریکا و فەڕەنسا و ئیتالیا و یۆناندا نزیک بووبوونەوە، بۆ مافە مێژووییەکانی گەلی کورد داواکاربوون، بۆ ئەوەی لە دابەشکردن و پارچەکردنی دەوڵەتی عثمانیدا (کوردستان) بەشخوراو وە دیل نەکرێت وە پارچە پارچە نەبێت.

هەر وەکو لە سەرەوە باسمان کرد کوردەکانی قوچ گیری، وە ڕۆژئاوای دەرسیم، پێکەوە بۆ ئامانجەکانی گەلی کورد کەوتبوونە کار و، ئەم کوردانە بەسەر ویلایەتەکانی ئەرزنجان، وە سیواس، وە ئال عەزیزدا زاڵ و بەدەسەڵات بوون وە لەبەر ئەوەی کە ئەم





کوردانە لە شەڕی گێتی یەکەمدا بەهۆی جەنگی نێوان تورک و ڕووسیای قەیسەری تووشی ماڵوێرانی و زەرەر و زیانێکی زۆر بوو بوون، لەبەر ئەم هۆیانە سەرۆکی قوچ گیرییەکان، وە خەڵکی قوچگیری وە ئال عەزیز لە شاری (ئەستەمبۆڵ)دا لەگەڵ کۆمەڵە سیاسیەکانی کوردستان پێکەوە هاوکاریان ئەکرد وە بوو بوونە ئەندام و باوەڕپێکراوی، ئەم کۆمەڵە سیاسییانە وە بەتایبەتی لە لایەن کۆمەڵی (کوردستان تعالی جمعیتی) توانایان پێ درابوو یەکیان گرتبوو، وە کەوتبوونە کار بۆ پێکهێنانی مافەکانی گەلی کورد وە سەربەخۆیی کوردستان، وە بەتایبەتی بۆ جێبەجێ کردنی پەیمانی سێڤەر (SEVAR) کە تیایا دان بەسەربەخۆیی کوردستانی تورکیادا نرابوو، وە بۆ مافەکانی سەربەخۆیی (ئۆتۆنۆمی) ویلایەتی مووسڵ بڕیاریان دابوو.

بۆ ئەم ئامانجانە گەلێک لە سەرۆکی دەرسیمییەکان لەگەڵ سەرۆکی قوچ گیرییەکان لە شاری (ئەستەمبۆڵ)ەوە گەڕانەوە بۆ کوردستان وە پێکەوە لە ناوچەکانی قوچگیری وە دەرسیم وە عەرەب گیر دەستیان کرد بەدامەزراندنی (تەشکیلاتەکانی) سەربەخۆیی گەلی کورد لە ساڵی (١٩٢٠)ی زاییینیدا، ئەمە لە لایەکەوە بەڵام لە لایەکی کەوە ساڵی (١٩١٩)ی زاییینی (مستەفا کەمال پاشا) لە ترسی خیلافەتی عثمانی وە لە ترسی دەوڵەتە گەورەکان کە هەڕەشەیان لێ ئەکرد هەموو تورکیا پەنای هێنایە بەر کوردەکان، وە مستەفا کەمال پاشا وە فەریق جەنەڕاڵ کازیم قەرە بەکر پاشا کە لە ئەرزروم بوو وە قوماندانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا (کوردستان) بوو بەشپرزەیی هەردووکیان پێکەوە کەوتنە کار چونکە مەترسی کەوتن و لەناوچوونی تورک کەوتبووە ناوەوە، وە لەبەر ئەمانە لە ئەنجامدا مستەفا کەمال پاشا وە کازیم قەرە بەکر وە هاوکارانی پەنایان بردبووە کوردستان وە لەگەڵ سەرۆک وە شێخەکان وە کوردەکانی ئەرزڕوم وە وان، وە بتلیس، وە دیاربەکر کەوتنە کۆشش وە دامەزراندنی هێزی (بەرگری میللی)، وە بەم جۆرە بزووتنەوەی کەمالی لە ناو جەرگی کوردستانەوە دەستی پێ کرد وە شاری (ئەرزرومیان) بەپایتەختی کەمالییەکان دانا بەڵام لە ٢٣ی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩١٩ی زاییینی لە یەکەم کۆنگرەدا لە ئەرزروم وە لە دووهەم کونگرەدا لە مانگی ئاغستوسی ساڵی ١٩١٩ی زاییینی لەو دوو کۆنگرەیەدا بەرامبەر هەموو سەرکردەکانی گەلی کورد دان نرا بەهەقی گەلی کورد وەدان نرا بەکوردستان وە بەمافەکانی کورددا وە ئەو ڕاستییە چەسپێنرا کە (تورکیا) پەیدا بووە لە دوو گەل (تورک وە کورد)، وە لەو دوو کۆنگرەیەدا بڕیاریان دا کە هەردوو نەتەوەکە بە (کونفەدراسیون) بەسەربەخۆیی ئەژین وە بەرامبەر بەدوژمن بەیەک گیان تورکیا وە کوردستان ئەپارێزن وەکو نەمسا

واتە (هەنگاریا)ی پێش جەنگی گێتی یەکەم.

## گفتوگۆی مستەفا کەمال پاشا لەگەڵ مستو پاشازادە علی شان بەگ لە سیواس

وەکو وتمان مەسەلەی کوردستان وە ئەرمەنستان پێکەوە هاتبووە ناوەوە وە گەلی کورد مەترسی پەیدا کردبوو وە بەتایبەتی لە نێوان کوردانی ئەرزروم وە وان وە بتلیس وە دیاربەکر مەسەلەی ئەرمەنی ترسی پەیدا کردبوو چونکە لە ئەریوان قەفقاسیادا جمهوریەتێکی بەهێز پێک هاتبوو وە دەوڵەتە گەورەکان پشتگیریان ئەکردن وە دیسان جمهوریەتەکانی ئازربایجان وە گورجستان لە دژی ڕووسیای سۆڤیەتی وە تورکیای عثمانی لەگەڵ جمهوریەتی ئەریوان یەکیان گرتبوو وە هەڕەشەیان لە کورد و تورک ئەکرد، وە جگە لەمانەش پیاوە سیاسییەکانی ئینگلتەرە و فەڕەنسا و ئەمەریکا بۆ پێکهێنان و جێبەجێ کردنی پەیمانی (سایکس بیکو) لە ناوچەکانی ئەرزروم وە سیواس وەمەلاتییە وە عەرەب گیر بۆ قازانجی گلاوی خۆیان لە دژی گەلی کورد لە هاتوچۆدا بوون وە لە حەلەب وە لە سوریە بەئاشکرا هاتوچۆیان ئەکرد وە بۆ زیندووکردنەوەی پرۆژەی (جەستەر) بۆ قازانجی دەوڵەتی ئەمەریکا لە کاردا بوون وە زیاتر لەمانەش کۆمپانییەکانی ئەمەریکا بۆ مەعدەنەکانی کوردستانی تورکیا وە بۆ سەندنی (نەوت) لە شاری (ئەرزرومدا) لەگەڵ جەنەڕاڵ (کازیم قەرە بەکر پاشا) لە گفتوگۆ کردندا بوون، وە دیسان بۆ ئەم ئامانجە دەوڵەتە یەکگرتوەکان لە شاری ئەستەمبوڵ لە ژێرەوە لەگەڵ کەمالییەکان خەریکی ڕێکەوتن بوون.

لەم ڕۆژە ناسکانەدا لە (٧)ی نیسانی ساڵی (١٩٢٠)ی زایینی لە (سیواس) مستەفا کەمال ئەتاتورک پاشا لەگەڵ علی شان بەگ مستو پاشا زادە لە گفتۆگۆکردندا بوو، وە مستەفا کەمال لە علی شان بەگی گەیانبوو کەوا دەوڵەتە گەورەکان بەرامبەر بەتورک و کورد سیاسەتێکی خوێنیان هەیە، وە نیازیان وایە کە تورکیا بدەن بە(یۆنان وە ئەرمەن) وە کوردستان دابەش بکەن بەسەر (ئەرمەن و عەرەبدا) وە کوردستان هەڵگرن وە بیدەن بە ئەرمەنێکان لە بەر ئەوە گەلی تورک و گەلی کورد لە تاڵووکەدان وە داوای لێ کرد کە یارمەتی تورک بدەن لە دژی حکومەتی خەلیفە وحیدالدین وە مستەفا کەمال پەیمانی دا بە علی شان بەگ گەر سەربکەون ئەوساکە تورکیا ئەبێتە دەوڵەتێکی کونفەدراسیونی (هاوبەشی) لە نێوان کورد وە تورکدا، وە بەم جۆرە وای لە علی شان بەگ گەیان کەوا لەگەڵ خەڵکی قوچگیری وە دەرسیمێکان دیسان بەو مەرجانە ڕێکەوتوون، لە سەر ڕۆشنایی ئەو حاڵەی کە لە سەرەوە باسمان کرد وە لە





ئەنجامی ئەو مەترسییانەی کە لە ڕێگای گەلی کورد وە هەقە مەشروعەکانیا هەبوو علی شان بەگ وە هەڤالانی هەر چەندە کە لە نیازپاکی تورکیا بەگومان بوون و لە کار و کردەوەی تورکیا پشت ئەستوور نەبوون بەڵام ئەم گفتوگۆیەیان لە لا گرنگ بوو وە کەوتنە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی پەیمانەکانی مستەفا کەمال کە لەگەڵ کوردەکاندا لە ئەرزروم لە سەری پێک هاتبوون، وە لە ئەنجامی کاردا مستەفا کەمال بۆ علی شان بەگ و هاوڕێکانی دەرخستبوو کە ئەمەریکا وە ئینگلیز هەردوو دەوڵەت هاو دین و هاو ژیانن وە دوژمنی ئیسلامن وە ئەیانەوێت کورد و تورک بکەن بەقوربانی ئەرمەن وە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندیدا ئەم دوو گەلە واتە (کورد و تورک) نەهێڵن.

لە ١٨ ئەیلولی ساڵی ١٩٢٠ کاتێ کە کۆتایی بەشەڕی داشناق وە ئەرمەنستان هێنرابوو وە تورکیا لە مەترسی ئەرمەنستان ڕزگاری بووبوو بەهۆی یارمەتی وە فیداکاری گەلی کوردەوە، ئەردەهان، وە ایگ دیر تا نزیک ئەریوان کەوتبوەوە ژێر دەستی دەسەڵاتی تورکیا، وە لەم ساڵەدا علی شان بەگ لەگەڵ هاوەڵەکانی هاتنە ناو کوردەکانی قوچگیری وە دەرسیم، وە لە (ئووەجەق) کۆبوونەوەیەکیان کرد. وە بە دوور و درێژی ئەو گفتوگۆیەی کە لەگەڵ مستەفا کەمال پاشادا کردبووی بۆی گێڕانەوە و باس کردن، وە بیروباوەڕی کەمالیستەکانی بەرامبەر بەکورد بۆ سەرۆکەکانی کورد گێڕایەوە وە دیسان بیروباوەڕی کوردانی ئەرزروم، وە وان، وە بتلیس وە دیاربەکری پێ ڕاگەیاندن کەوا لەگەڵ کەمالییەکاندا بەمەرجی کونفەدراسیونێکی کورد و تورک ڕێکەوتن، وە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەم گفتوگۆیانەدا، کوردەکان بوونە دوو بەش، ڕای هەندێکیان وابوو کە پێویستە گەلی کورد تەنیا بۆ سەربەخۆیی کوردستان وە بۆ ئیستقلالی تام هەوڵ بدات وە هەندێکی کەیان ڕایان لەوە بووە کە کورد بۆ (خود موختارێتی کوردستان کۆشش بکات وە ئەم خاڵە دووپات بۆوە لە نێوان نوێنەرانی گەلی کورد لە پەرلەمانی ئەنقەرە لە (بیوک میلت مجلسی)دا وە بووە هەراو هوریا و مقۆمقۆ لە ناویاندا.

وە لە ئەنجامدا مستەفا کەمال داوای کرد لە (٧٢) نوماینەدەکانی گەلی کورد وە ئەمر و فەرمانی پێ دان کە پێویستە برووسکێ بنێرن بۆ (سەرۆکی کۆماری ئەمەریکا) ویلسن وە بۆ (پاریس) وە پێویستە کە بە هەموو (ئەوروپا) ڕابگەیێنن کە کوردستان سەربەخۆیی ناوێت وە لەگەڵ تورکیادا پێکەوە ئەژین و هاوکاریمان ئەوێت، بەڵام لە (٢٩) نیسانی ١٩٢٠دا، علی شان بەگ لە سەر ئامانج و پەیمان و داخوازیەکانی سەرۆکی کوردانی ناوچەی سیواس وە قوچگیری وە دەرسیم وە ئال عەزیز تەلگرافێکی

دوورو درێژی بۆ ئەستەمبول نارد وە بەهۆی (کۆمەڵی تعالی جمعیتی) وێنەی ئەو تەلگرافە نێررا بۆ پیاوە سیاسیە گەورەکان و دەوڵەتە یەکگرتوەکانی ئەوروپا وە بۆ سەفیر و قونسوڵخانەکانی دەوڵەتەکانی ئەوروپا لە شاری (ئەستەمبوڵ)، وە لەو تەلگرافەدا نووسرابوو کە مستەفا کەمال پاشا لە خۆیەوە بەناوی (٧٢) نوماینەدەی کوردەوە بێ پرس و ڕا ئەو برووسکەیەی بۆ ئەوروپا ناردووە کە گوایا کوردستان ئیستقلال و سەبەخۆییان ناوێت وە ئەمە هەڵبەستراوە وە ئەم کارە بێ دەنگ وەرگرتنی گەلی کورد وە بێ خەبەری سەرۆکەکانی کوردستان کراوە. وە لەو تەلگرافەدا سەرۆکی کوردان ڕای گەیاندبوو کە ئێمەی کوردان بەخوێن و چەک لایەنگیریی سەربەخۆیی کوردستان ئەکەین بۆ ویلایەتەکانی کوردستان کە بریتییە لەم ویلایەتانە (ئال عەزیز دیاربەکر، بتلیس، وان، ئەرزروم، وە سیواس) وە کوردستان لە تورکیا لە رووباری (قزیل ایرماق لە شاری سیواسەوە هەتا ویلایەتی مووسڵ دانیشتوەکانی کوردن، وە بۆ ئامانجی ژین و ژیانەوەی کوردستان داوای مێژوویان ئەکەن وە بۆ پاراستنی مافەکانیان بەخوێن ئامادەن کە هەموو گیانیان بەخت بکەن، وە لەسەر ئەم ڕاپۆرتە، مستەفا کەمال پاشا وە کازیم قەرەبەکر پاشا زۆر شپرزە و سەرسام بوون، وە پەرلەمانی (بیوک ملت مجلس) لە ئەنقەرە بەجارێک شڵەقا و پێ تێک چوون وە بەو جۆرە گەلی کورد لە هەڵگەڕانەوەی تورکان کەوتە فریای خۆی وە لە ئەنجامدا سەرۆکی کوردان لە ناوچەی قوچگیری وە دەرسیم کەوتنە کۆبوونەوە و (بۆ شۆڕش) خۆیان ئامادەکرد.

## ٢

لە ناوچەی (یەلیجە) لە شوێنی جێ نزرگەی حسن بابا کوردانی قوچگیری کۆبوونەوەیان پێک هێناوە بەناوی (ذوالفقاری ئیمامی عەلی)یەوە سوێندیان خوارد و سێویان لەت کرد و هەر سەرکردەیەک پارچەیەک سێوی خوارد کە ئەمە دروشمی پەیمان بەستن بوو لەسەر ڕەوشتی باووباپیرانیان. ئەم سەرکردە کوردانە بڕیاریان دا کە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان تێکۆشانێکی سەختی خوێناوی دەست پێ بکەن وە هەموو چەک هەڵگرن لە دەرسیم (قوچ گیری) (عەرەب گیر) نزیکەی ٣٠ هەزار کوردی چەکدار بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزە خۆیان ئامادەکرد لە ناوچەی قوچ گیرییەکان لە بەر ئەوەی نزیکە لە سیواس و ئەرزنجان و ئال عەزیز لەبەر ئەمە تورکانی ئەو ناوچەیە زەنەقیان چوو وە کەوتنە هاوارکردن لە ترسی هێرشی کوردان وە لە عەزرەتا زۆر بەپەرۆشەوە پەنایان بردەبەر مستەفا کەمال ئەتاتورکی خوێنمژ کە لە هێرشی کوردانی شۆڕشگێڕ





بیانپارێزێ.

لە تەمووزی ساڵی ١٩٢٠ی زایینیدا کوردەکان مەخفەرەکانی دەورووپشتی شاری سیواس و کان گال و دانشمەند و زارایان ڕووت کردەوە و هەموو چەک و جبەخانەیان لێ سەندن، والی سیواسیش (ڕەشید پاشا) لە ٥ ئاغستوس ١٩٢٠ دا ناچار بوو کە (علی شان بەگ) کە یەکێک بوو لە کوردانی (ڕەفاهییە) بکا بە قائمقامی ڕەفاهییە، وە حەیدەر بەگی برای علی شان بەگ بکا بە مودیری ناحیەی (عجم رانیە) چونکە لەشکری (پاشو ئاغا) ئەو ناوچانەی سیواس و ئال عەزیزی پەرێشان کردبوو وە جێی بەتورکەکان لێژکردبوو وە ڕێگەی (گیرە سون- شین قرە حصار)ی بەجارێ داخستبوو بەمەش هاتوچۆی لە بەینی گیرەنسون و سیواسدا بڕیبوو.

## بانگی سەربەخۆیی کوردستان

کوردەکانی قوچگیری و دەرسیم بڕیاریان دا کە (ئووەحەق) پایتەختی شۆڕش بێ وە دووبارە سوێند خورایەوە، وە علی شان بەگ یەکێ بوو لە سەرکردەکانی کورد لەو یەکبوون و یەکگرتنەدا، بڕیاری شۆڕشیش بەو جۆرە بوو کە شۆڕش لە دەرسیم و خوزات و ڕەفاهییەدا بەرپا بکەن، چونکە بەرپاکردنی شۆڕش لەم ناوچانەدا مانای ئەوەیە کە هەموو کوردستان ئەگرێتەوە، وە تێکڕا نەتەوەی کورد ئەجوولێ. بەم پێیە (دەرسیم- ئووەحەق) دانرا بەپایتەختی شۆڕش.

## سەربەخۆیی کوردستانیان ئەوێ

کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد بەتایبەتی (کوردستان تعالی و تعاون جمعیتی) بەیەک دەنگ داوای سەربەخۆیی کوردستانیان ئەکرد. بڵێسەی ئاگری کوردایەتی بەجۆرێک بەرز بۆوە کە بەجارێ سامی ئەنایە دڵی هەموو دوژمنانی کوردەوە، تێکڕا هەموو کوردێکی هەست پاک و بەشەرەف، جوتیار، خاوەنی زەوی و زار، لادێیی و شارستانی خوێندەوار و نەخوێندەوار، دەوڵەمەند و هەژار تێکڕا هەموو یەک ئامانج و یەک دڵ بیری هەرە پیرۆزی ژیانیان سەربەخۆیی کوردستان بوو.

لە ڕۆژی ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩دا ئامباسادور (باڵوێزی پێشووی ستەکهۆڵم) وە جەنەڕاڵ شەریف پاشای تێکۆشەری کورد بوون بەنوێنەری ئەرمەن و کورد وە خۆیان گەیاندە کۆنگرەی پاریس.

لە ڕۆژی ٣٠ کانوونی یەکەمی ١٩١٩دا کورد و ئەرمەن لە کۆنگرەی (سیڤەردا)

یەکیان گرت دژی خەلیفە وحیدالدین وە بۆ داواکردنی مافی کورد و کوردستان و ئەرمەن.

لە ئەنجامی تێکۆشانی نەتەوایەتیی کورد و ئەرمەندا، پەیمانی سیڤەر لە بەینی «بەریتانیا و ئەمەریکا و فەڕەنسا و ئیتالْیا و تورکیادا» بەسترا و بەپێی ئەم پەیمانە دان نرا بەسەربەخۆیی کوردستاندا و بەمافی ئەرمەنییەکاندا.

## یەکەم ڕاپەڕین

لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٠ی زایینیدا کورد ڕاپەڕی بۆ ڕزگارکردنی کوردستان، لە ڕەفاهییە سەرۆکی خێڵی شادیان پاشا بەگ لەگەڵ ١٥ سەرۆکی تردا چوون بۆ قەزای (ئووەحەق) بۆ لای کوردەکانی ڕۆژئاوای دەرسیم. حەیدەر بەگی قوچگیری لەو کۆبوونەوەیەدا کە بۆ ئامانجی پیرۆزی کوردایەتی پێکیان هێنا خۆتبەیەکی دا وتی ئامانجمان ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستانە. ئەی کوردینە پێویستە هەموو خێڵەکان گەورە و بچووک، لادێیی و شارستانی، سونی و عەلەوی هەموو کورد یەک بگرین یەک دڵ و یەک زمان بانگ کەین (ڕزگاریی کوردستان) تێکۆشین بۆ ڕزگاریی کوردستان، لەبەر ئەمە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پیرۆزە پێویستە چی ڕووی داوە لە ناخۆشی و ناکۆکی لە بیرمانی بەرینەوە و وەک یەک تێکۆشین بۆ ڕزگاری کوردستان پێویستە بەگورجی خۆمان ڕێک بخەین. کۆمەڵێک لە ناو خۆمانا هەڵبژێرین وە بینێرین بۆ ئەنقەرە، تا لەوێ ئەم نوێنەرانەمان بەپێی پەیمانی سیڤەر و کۆنگرەی ئەرزروم و دەستووری میللی داوای سەربەخۆیی کوردستان بکەن کە دەوڵەتانی ئەوروپایی دانیان بەم مافەدا ناوە:

براینە: پێویستە بەرامبەر بەحکومەتی ئەنقەرە یەک دڵ و یەک زمان ڕاوەستین وە لە داواکردنی سەربەخۆیی کوردستان هەرگیز کۆڵ نەدەین.

کەمالییە درندەکان کە هەواڵی ئەم کۆبوونەوەیەیان زانی دیسان چەند تەلگوراف و ڕاپۆرتێکیان نارد بۆ دەوڵەتە ئەوروپاییە سوێندخۆرەکان بەناوی کوردی کوردستانی تورکیاوە، وە لەم ڕاپۆرتە تەلگورافانەدا وایان دەربڕیبوو کە گوایا کورد سەربەخۆیی کوردستانی ناوێ وە لە تورک جیانابێتەوە لەسەر ئەمە کورد کردی بەهەرا (یاداشتێک)یان بەناوی هەموو سەرکردە ناودارەکانی کوردستانەوە نووسی و ناردیان بۆ جمعیتی تعالی و تعاونی کوردستان وە وێنەشیان نارد بۆ باڵوێزخانەکانی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان لە ئەستەمبوڵ وە بۆ پیاوە سیاسییەکانی ئەوروپا بەم ڕەنگە درۆ و





دەلەسەی کەمالییە فاشستییەکان دووبارە کەوتەوە ڕوو وە بیروباوەڕی کوردایەتی لە هەموو جیهانا دەنگی دایەوە.

## هێرش

لە ڕۆژی ٣٠ی ئەغستۆسی ساڵی ١٩٣٠ی زایینیدا کوردەکان دەستیان کرد بەهێرشبردن، لەم هێرشەدا فەوجێکی جەندرمەی تورکیان ڕووت کردەوە، چەکەکانیان لێ داماڵین و بەرەڵایان کردن بەرەبەرە لە ئەنجامی شەبەیخون و پەلاماردانی کوت و پڕدا لەشکری تورک پەرێشان بوو ڕێگەی هاتوچۆی گەلێک شوێن بەسترا وە دانیشتوانی تورک لەو ناوچانەدا پەنایان بردەبەر حکومەت بەم پێیە تەق و تۆق و کوشتار (٢) مانگی خایان.

## کوشتار

لە ئەنجامی ڕووتکردنەوەی ئەو فەوجە جەندرمەیەدا تیپێکی پیادە (فرقە) لەگەڵ (٢) تۆپی چیایی و (١٢) شەستیر، لە ڕۆژی ٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠دا لە سیواسەوە بزووت بەبیانووی ئەوەوە کە گوایا ئەم تیپە لەشکرەی تورک ئەچێت بۆ شاری ئەرزنجان، بەڵام شەرکەرەکانی زاڵم چاووش و قارەمان حسین ئاغای شادانی و عزەت بەگ کە ٢٣٠ شەرکەر بوون بەرەنگاری ئەم لەشکرە بوونەوە و کەوتنە شەڕێکی سەختەوە. ئەم تیپە سەربازە بەو هەموو چەک و جبەخانەیەوە پەرێشان بوو، وە نەیتوانی بگا بەئامانجی خۆی کە ئەویش ئەوەبوو تۆڵەی ڕووتکراوەکانی بکاتەوە، بەڵام لە ئەنجامی کوشتارێکی زۆر گەورەدا بەهەر حاڵێک بوو خۆی گەیاندە شاری (زارا) بەڵام لەوێدا بەتەواوی گەمارۆ درا وە وای لێ کرا کە نەتوانی فزە بکا.

لەگەڵ ئەمەشدا کوردەکان لەبەر ئەوە نەیانئەویست خوێن برێژن تا ناچار ئەبن سەید ڕەزای دەرسیمی داوای کشانەوەی شەرکەرانی گەمارۆدەری کرد چونکە بەپێویستی نەزانی کەوا شۆڕش بەرپابێت تا بەتەواوی خۆیان ڕێک نەخەن و ئامادە نەبن.

لە ڕۆژی ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠دا کوردانی قوچگیری و ڕۆژئاوای دەرسیم ئەم تەلگورافەی خوارەوەیان نارد بۆ (ئەنقەرە).

بەپێی پەیمانی سیڤەر لە ناوچەکانی دیاربەکر- العزیز- وان- بتلیس- سیواس- ئەرزروم پێویستە کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنرێت چونکە حکومەت و خیلافەتی تورک لە ئەستەمبوڵ دانی ناوە بەسەربەخۆیی کوردستانا وە هەروەها کۆنگرەی ئەرزروم

وە سیواسیش هەر دانیان بەوەدا ناوە.

سەرۆک خێڵی قوچگیری: محمد تقی

لە سادات: علی شێر

لە سەرۆکانی دەرسیم: منذر وە مەحموود وە سەیدخان وە مستەفا

سەرۆکی ئەسەلان: مەحموود

کات زستانێکی زۆر سەخت بوو، بەفر و بارانێکی زۆر ئەباری حکومەتی ئەنقەرە وەڵامی تەلگورافەکەی نەدایەوە، وە ئەیویست ئەمرۆ بە سبەیان پێ بکا تا هەلێکی دەست ئەکەوێ و دەست لە کورد ئەوەشێنێ کوردەکانی عەرەب گیر و مەلاتییەش لەم کاتەدا هاتنە کۆمەکی قوچ گیرییەکان و دەرسیمییەکانەوە، لەشکری کورد تا ئەهات بەهێزتر ئەبوو، ئەنقەرە لەرزی ترسی لێ هاتبوو، شۆڕشگێڕانی کورد پرۆگرامیان دانا بەم جۆرە ئاڵای پیرۆزی کورد هەڵگرێ وە لەشکری کورد بەم جۆرە ببزوێت: لە ڕەفاهییەوە بۆ ئەرزنجان و لە خوزاتەوە بۆ ئەگینە و العزیز و لە زاراوە بۆ جەلالییە، وە بۆ سیواس وە بۆ دەست پێکردنی ئەم هێرشە بەهاری ساڵی ١٩٢١ دانرا.

بێینەوە سەر ڕەشید پاشای والیی سیواس، ئەم والییە دڕندەیە بەرامبەر بەبزووتنەوەی کورد کەوتە پڕوپاگەندەکردنێکی فراوان بەهەموو لایەکا دەست و پێوەندی بڵاوکردەوە و ئەم نۆکەرانە ئەیان وت کە گوایە (حوکمی خۆیی کوردستان) لە لایەن مستەفا ئەتاتورکەوە بڕیاردراوە لە بەر ئەمە هیچ پێویست بەشۆڕش و خوێن ڕشتن ناکات ئنجا تورکەکان هاتن چەند ڕەوشنبیرێکی کوردیان کرد بەنوێنەر لە پەرلەماندا وە لە ناوچەکانی قوچگیری و دەرسیم و عەرەب گیردا بڵاوی کردەوە کە حوکمی زاتیی کوردستان دانی پیانرا و ساز بوو.

وە بەشەرەفی حکومەتی تورک!!! وە بەسەری ئەتاتورک!! سوێندی ئەخوارد کەوا مافی کورد ئەدرێ وە دان نان بەمافی کوردا بڕاوەتەوە و بووە.

بەڵام ئەم پڕوپاگەندە بێ جێیانە هیچ کاری نەکردە سەرکردەکانی قوچگیری و دەرسیمییەکان، وە لە ناو خەڵکا دەنگ بڵاوبووەوە کە هەندێک لە ڕۆشنبیرانی کورد، نەتەوەکەیان بەکورسیی نائیبی فرۆشتووە و بۆ فەرمانبەری پشتیان کردۆتە کورد و کوردستان.

مستەفا کەمال ئەتاتورکی بێ پەیمانی خوێنمژی دوژمنی کورد زۆر هەوڵی ئەوەی ئەدا کە لە سەید ڕەضای دەرسیمی و علی شان بەگی قوچگیری هەرچۆنێک ئەبێ بەهۆی





ئایینەوە کوردەکان ڕاکێشێ بۆ لای خۆی وە ئەو ٧٢ نوێنەرە کوردەی هان ئەدا کە لە سەید ڕەضای بگەیەنن کەوا ئەکرێ بەسەرکردەی هەموو کوردستان، بەڵام ئەم دوو قارەمانە بەهیچ جۆرێک بۆ کەمال ئەتاتۆرک دابین نەئەبوون وە هەڵ نەئەخەڵەتان.

## ٣

دەستەی ئامۆژگاریکەرانی مستەفا کەمال... پەیتا پەیتا بەهۆی یارمەتی والییانی سیواس و ئەلعەزیزەوە کەوتنە یەکخستن و ناردنی دەستەی ئامۆژگاریکەرانە ئەیان وت کەوا مستەفا کەمال و پەرلەمانی ئەنقەرە دانیان ناوە بەحوکمی خۆیی کوردستانا، لەبەر ئەوە شۆڕش بەرپاکردن پێویست ناکات، بەم جۆرە ئەم دەستە ئامۆژگاریکەرانە هەوڵیان ئەدا کە کورد لە خشتە بەرن و هەڵی خەڵەتێنن لە لایەکی تریشەوە بەهەموو توانایەکیانەوە ئەم کەمالیستانە لە تەقەلای ئەوەدا بوون کە ناوی کورد نەهێڵن و مەسەلەی کوردستان لە ئارادا نەمێنێ، بەڵام کوردانی قوچ گیریش بەرامبەر بەم پیلانە تازەیەی کەمالیستەکان هەروا بێ دەسەڵاتانە نەوەستان بەڵکو ئەمانیش دەستەی (ڕیش سپییانیان) پێک هێنا و بۆ بەرەنگاربوونەوەی پڕوپاگەندەی کەمالییەکان دەستەی ڕیش سپییان بەکوردستانا دەگەڕان وە بەهەموو جۆر و توانایەکەوە بیروباوەڕی کوردایەتییان بڵاوئەکردەوە لە گەلێک جارا تار و ساز و سەمتوور لێ ئەدرا و ئاهەنگ ڕێک ئەخرا و ئنجا دەربارەی مەسەلەی کورد و کوردستان قسە ئەکرا.

دەستەی ڕیش سپییانی کورد ئەم بانگەی خوارەوەی ئەدا:

عوسمانییەکان لە کاتی سەفەوییەکانەوە تا ئەمڕۆ ئێمەیان خەڵەتاندووە و بەناوی (مذهبی) سونی و عەلەوییەوە دووبەرەکییان لە ناوا پەیدا کردووین، ئەمانە خیانەتیان لە ئایین و مرۆڤایەتی کرد، بەرامبەر بەکورد و حەزرەتی پیرمان ئیمامی علی بەکتاشی وەلی دووزمانییان کرد، تۆوی کوشتن و وێرانییان لە ناو کوردستانا چاند.

بەرامبەر بەزۆرداری مل کەچکردن کفرە، بێدەنگ بوون شوورەییە... «باب و داکەکانی تورک بەو پەڕی بێ دادییەوە و دوور لە ڕەوشتی پاک بەرامبەر بە کورد ڕەفتار ئەکەن و فەرمان دەرئەکەن. وە ئەگەر داوای مافی خۆمان بکەین بە جەردە و ڕێگرمان دائەنێن.

«بەرامبەر بەزۆرداری مل کەچکردن کفرە... بێدەنگ بوون شوورەییە... جەوامێر هەڵسن ڕاپەڕن».

سەرنج بدەن دیوانی عورفی چۆن لە ئاستی کورد کوشتنا، منالی کورد سەر بڕینا،

چاوی خۆی ئەنووقێنێ و بێدەنگ ئەبێ، چۆن گالّتە بەداد و قانوون ئەکا و شەرەف و نامووس و مافی ئادەمیزادی بەلاوە هیچ نییە؟ سەرنج بدەن چۆن تالاّنکردنی مالّی کوردیان حەلاّل کردووە، وە چۆن هەزارەها کوردیان (بێ تاوان) ئاختیوەتە بەندیخانەوە! کۆچیان بەهەزاران کردووە و، گوندەکانی کوردستان ئەسووتێنن؟! چەند بێ ئایین و بێ ویژدانن... لە پێناوی ئەوەدا کە مافی کورد بخۆن هەرچی رەفتاری ناشرین هەیە لە پیاوکوشتن و تالاّنکردن و دێ سووتاندن کردوویانە بەقانوون و نەریت.

بۆ پێشەوە، ئەمرۆ رۆژی رزگاریییە، رۆژی ئازادییە «یا ژیان یا مردن» کوردینە دوارۆژی کورد لە دەست ئێمەدایە پێویستە گیانمان بەخت کەین لە پێناوی رزگاری کوردستانا، ئەبێ نەلەرزین، لە مردن نەترسین... ئاواتی ئەحمەدی خانیی مەزن بێنینە دی «سکە بۆ خۆمان دروست کەین، ئالاّی خۆمان هەلّکەین» بەرامبەر بەزۆرداری مل کەچکردن کفرە، بێدەنگ بوون شوورەییە. رابە، رابن، رابین.

بەم جۆرە دەستەی ئامۆژگاریکارانی مستەفا کەمال پروپاگەندەی ئەکرد بۆ هەلّخەلّەتاندنی کورد، وە دەستەی ریش سپییانی کوردیش بیروباوەری شۆرشیان بلاوئەکردەوە بەرەنگاری پروپاگەندەی نارەوای کەمالییەکان ئەبوونەوە.

## شۆرش

لە ٤ی مارتی ١٩٢١ی زاییینیدا سەرۆکانی کوردی ناوچەکانی قوچگیری وە قۆماندانان و کاپیتان و سەربازانی کورد «صادق بەگ»یان کرد بەسەرۆکی لەشکری شۆرشی کورد.

لەشکری کورد بەسەرۆکایەتی عەلی شێر و مووزوور ئیبراهیم کە پێک هاتبوو لە ٨٠٠ شۆرشگێر چووە سەر (عیمرانییە) لەمانە ٤٠٠ یان لە پردی «ئیلیچ شەیتان»دا پەرینەوە (دی وریکی) وە ٤٠٠ کەی تر روویان کردە (تورکلو TERKILO) وە ٣٠٠ شەرکەرێکیش بەسەرکردەیی قەرە ئیبو وە فیلیک چاودێری شەریان ئەکرد. لە پشت ئەمانیشەوە (٢٠٠٠) کوردی بێ چەک کران بەشەش قۆلّەوە، ئەمانە کە لە ژێر فەرماندەیی (عەزەمەت- تاگی بەگ کور رفعت) دا بوون ئیشیان ئەوە بوو کە کوژراو و بریندار هەلّگرن وە شەرکەران پەیدا بکەن و فیشەک و چەک بدۆزنەوە و پەیدا بکەن، وە ئەمانە دەورەپشتی (بوغاز وێران. قەرەتاش- مادەن- وە کەمووچە)دا هاتوچۆیان ئەکرد... بەم جۆرە شاری (کەماخ) و چوار لای شاری (ئەرزنجان) شاری (سیواس)یان خستە ژێر چنگی خۆیانەوە.





لەم کاتەدا والیی (سیواس) دیسانەوە دەستەیەکی ئامۆژگاریی پێک هێنا و ناردی بۆ (حەفیک) بۆ دامرکاندنەوەی شۆرشی کورد بەلاّم ئەم دەستەیە هیچی پێ نەکرا ناچار پاشەوپاش گەرایەوە...

تورکەکان لە ئەرزروم و بایبوردە لە ئالاّی (١١) دوو فەوج پیادە و بەتەرییەوە تۆپی چیایی ناردە سەر (ئەرزنجان). ئەم لەشکرە توانیی ئەرزروم داگیر بکات.

لە ژێر سەرۆکایەتیی مەحمود بەگ زادەدا (BEKO) ٢٠٠ شەرکەری کورد هێرشیان بردە سەر دێکانی روفاهییە و رزگاریان کرد و هەموو ژاندەرمەو سەربازانی تورکیان بەدیل گرت و چەکەکانیان لێ سەندن و بەرەلاّیان کردن و ناردنیان بۆ سیواس و ئەو ئالاّ پیادەیەی کە لە (قەرە حەسارەوە) هاتن بۆ یارمەتیدانی لەشکری شکاوی تورک لە لایەن لەشکری قارەمان (نوری)یەوە شکێنرا، وە (زارا) رزگار کرا.

## ئالاّی کوردیان هەلّکرد

رۆژی ٦ی مارتی ١٩٢١ کور رفعت و پالّەوان حسین و ئاشوور نامەیەکیان بۆ قومانداني عیمرانییە نووسی کە ٣ فەوجی لە ژێر دەستابوو... لە نامەکەدا نووسیبویان «ئەگەر شەر ئەکەی وەرە دەرەوە» بەلاّم قوماندان وەلاّمی نەدانەوە... ئەمانیش لە پر هەلّمەتیان برد، وە شەر لە بەیانییەوە تا نیوەرۆی خایاند لە ئەنجاما شاری عیمرانییە لە لایەن شۆرشگێرانی کوردەوە رزگارکرا، وە میرئالاّی خالص بەگ کە قومانداني لەشکری تورک بوو لە عیمرانییەدا کوژرا، وە لەشکری تورک هەمووی بەدیل گیرا و چەکیان لێ سەندرا، وە (ئالاّی کورد لە شاری عیمرانییەدا) هەلّکرا و کەوتە شنەشن... لە ئەنجامی ئەم هەلّمەتە بزورگەدا ١٠ شۆرشگێر شەهید کران و ٢٠ یان لێ بریندار بوون. لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنەدا ناوچەکانی (سیواس و عەرەب گیر و ئەرزنجان) کورد رێگەیان پێ درا کە بچنەوە ناو مالّ و منالّی خۆیان.

## دکتۆر نوری بەگ

دوکتۆر نوری بەگ یەکێ بوو لە رەوشەنبیران و تێگەیشتووان و تێکۆشەرانی دلّسۆزی نەتەوەی کورد. ئەم جگەرسۆزە لە رووی دیبلۆماسیتییەوە یەکێ بوو لە بەرێوەبەرانی شۆرشی کوردستان، وە گەلێک لە خزمان و چەند برایەکی لە پێناوی کوردایەتیدا شەهید کراون، وە کۆمەلّی (کوردستان تعالی و تعاون) باوەری بەم رۆلّەی کوردە زۆر هەبوو.

حکومــەتی ئەنقــەرە زۆر بەعــەزرەت ئەوەوە بوو کــە ئەم تێکۆشــەرە بگرێ، بەڵام نەیتوانی چونکە لە کوردستانی ڕۆژئاوادا زۆر بەناوبانگ بوو...

شۆڕشگێرە کوردەکان هەر وەسیقەو ڕاپۆرتێکیان لە شەڕەکانی قوچگیری و دەرسیمدا چنگ کـەوتبوو دابوویـان بەم دکتـۆر نورییە بەم هۆیەوە کەڵکیـان زۆر لێ وەرئەگرت لە ڕابەری کردنا لە ڕووی بیروباوەڕەوە.

بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان لە شاری (سیواس)دا دکتۆر نوری و چەند کوردپەروەرێکی تر لە ناکـاوا ئەگـیرێن و ئەخـرێنە بەندیخـانەوە، وە دەست ئەکـرێ بەئازاردانێکی زۆر توندوتیژ، لەسەر ئەمە شۆڕشگێرانی کورد گەمارۆی شاری سیواسیان دا، وە لە ڕۆژی ٨ی مارتی ١٩٢١دا شەڕێکی سەخت بەرپابوو، وە لەشکری تورک شپرزە کرا و شکا. لەسەر ئەمە ئەتاتورک و وەزیری ناوخۆ فەرمانیان دا بەوالی سیواس کە دکتۆر نوری و هەڤـاڵەکـانی دەسـتـبـەجێ بەر بدەن تا شـەڕ تەشـەنە نەکـا و شـۆڕشگـێـڕەکـان بەرەو (قەیسەری- ئەنقەرە) هەڵمت نەبەن وە حکومەتی ئەنقەرە نەخەنە مەترسییەوە، وە لە لایەکی تریشەوە تورکەکانی قـەیسەری ئەنقەرەش کە دژی حکومەتی مسـتەفا کەمال بوون کـەوتنە بزووتنەوە، بەم ڕەنگە ئەتاتورک ئەوەندی نەمـابوو بکەوێتـە بەینی سێ هێـزەوە (هێـزی کـورد، تورکـانی دژی حکومـەتی ئەنقـەرە، وە یۆنانیـیـەکـان) سـەرەڕای ئەمەش قـارەمـانی کورد سەید ڕەضـای دەرسیـمی بەوەی کە پشـتی دکتۆر نوری ئەگرت پەرلەمانی ئەنقەرەی شپرزە کردبوو.

## دەرسیم کەوتە خۆی

لە ڕۆژی ٩ی مـارتی ١٩٢١ لە (ئووەجق)ەوە (١٧٠٠) چەکـداری دەرسـیـمی دایانە کـەژە بەفـرینەکـانی (MUNZUR - مـونزور) ئەو ڕۆژە بەفـرێکی زۆر باری، ڕێگەوبان بەفر گـرتبووی، بەڵام ئەم دەرسیـمییـانە چەند شتێکیـان لە پێ کردبوو کـە پێی دەڵێن (هدیک) ئەم هدیکە وەکو هێڵەک وایە، ئەبەسـترێ بەبنی پێـوە ئیـتر ڕۆیشتن بەسەر بەفرا بۆ ئەو کەسە ئاسان ئەبێ.

ئەم لەشکرە بزورگە خۆی گەیاندە شاری (کەماخ) وە قایمقام و سەرکردەی لەشکری تورک و بەرێوەبەرانیـان دیل کرد، وە هەر کوردێکیش کە لایەنگرانی حکومەتی ئەنقەرە بوون گـرتیـانن و دایانن بەدادگـە کـە ناوی (دیوانی حـەربی کـورد) بوو وە لە شـاری عیمرانییەدا بوو.

ئینجـا لەشکر بەرەو فـورات کـشـا، لە پردی ئیلیچ شـەیتـانەوە پەڕینەوە، وە ١٠٠





شـەرکـەریان بوو بەیاسـاوڵی پردی ناوبراو، بەم ڕەنگە شـۆڕشگێـڕانی دەرسـیم لەگـەڵ لەشکرەکانی (دی وریکی - جەلالی - وەحەفیک) یەکیان گرت...

سەرکردەکانی لەشکری دەرسیم ئەمانە بوون:

علی شیر - برا ئیبراهیم - مستوبەگ - مەحمود ئاغا

لە ڕۆژی ١٠ی مارتی ١٩٢١دا علی شیری قوچگیری وە دەرسیمی قوچ زادە، وە برا ئیبراهیم بە ٢٠٠ شەڕکەرەوە هاتنە نزیک شاری (کەماخ) و شاری (شەسکوپرد)یان گرت، قوماندانی سوپا و جەندرمەکان بەبێ شەڕ دیل کران. حکومەتی تورک ئەیویست دەنگی ئەم شۆڕشە خەفە بکا، وە کارێکی ئەوتۆ بکا بەکوردستان، ئەوروپا و جیـهان نەیبیستن، لەبەر ئەوە دەستەیەکی ئامۆژگاریی نارد بۆ پروپاگەندە کردن، وە لەولاشەوە خـۆی کـۆئەکـردەوە بۆ هەڵمـەت بردن. والی سـیـواس لە ١٢ی مـارتی ١٩٢١دا برووسکەیەکی نارد بۆ (خوزات) بۆ سـەرۆکـانی ڕۆژئاوای دەرسـیم، لەم برووسکەیەدا داوای ئەوەی کردبوو کە گوایا ڕەئییـان چییە دەربارەی شۆڕشی قوچگیری وە هەروەها داوای لێ کردن کە ئەرمـەنییەکان تەسلیم بکەن. ئەوانیش وەڵامی برووسکەکەیان بەم جۆرەی خوارەوە دایەوە:

**بۆ والی سیواس ١٤ی مارتی ١٩٢١**

بەدڵێکی پاکەوە بیروباوەڕی خۆمانتان بەم جۆرەی خوارەوە پێشکەش ئەکەین:

١- جەنگ و خوێن ڕشتن بەرژەوەندی نە کورد وە نە تورکی تیا نییە.

٢- لەسـەر بڕیاری مسـتـەفا کـەمـال پاشـاوە کـۆنگرەکـانی ئەرزروم و سیواس پێویستە زوو بەزوو جوگرافیای کوردستان جیا بکرێتەوە.

٣- بەپێی بڕیاری حکومەت پێویستە کوردستان لە ڕووی (ئیداری و ئابووری و موعاریفدا) سەربەخۆیی وە لەگەڵ تورکیادا چۆنیەک سەیر بکرێ.

٤- نابێ سیاسەتی کۆنی خیـلافەتی عـوسمـانی بۆ کوردستـان زیندوو بکرێتەوە، پێـویسـتـە دان بنرێ بەمافی کوردا، وە کـورد وەکـو تورک چۆن یەک تەماشا بکرێ وە لە کاروباری دەوڵەتدا بەشدار بێ.

٥- بەرامبـەر بەداخوازییەکـانی کوردانی قوچگیری و هێزکـار هێنان ئەنجامی خراپ ئەبەخشێ، وە نەک هەر کوردانی قوچگیری هەمـوومان

لە ژێر باری باجی گرانا ژیانمان لێ تاڵ بووە، وە تێکرا ئێمەی کورد بێ قوتابخانە و بێ خەستەخانە و دکتۆرین وە شەڕی جیهانگیری ماڵی وێران کردووین لەبەر ئەوە کوردستان پێویستی بەئاوەدان کردنەوەیە.

٦- پێویستە هەموو بەندەکان بەر بدەن، وە نابێ لەشکری تورک وەک دوژمن سەیری کورد بکا، ئێمە بەناڕەوا خوێن نارێژین.

٧- ئەو ئەرمەنییانەی لای ئێمە هەموو منداڵ و ئافرەت و پیرن وە بێ چەکن و پەنایان بۆ ئێمە هێناوە، وە بێ گوناهن لەبەر ئەوە ئێمە نایاندەین بەدەستەوە.

ئیمزا

**سەرۆکایەتی ڕۆژئاوای دەرسیم**

وێنەیەکی بۆ: مستەفا کەمال پاشا

ئەنجومەنی میللی

والی سیواس بەو وەڵامەی سەرەوەدا بۆی دەرکەوت کەوا دەرسیمییەکان ڕێک کەوتوون لە تێکۆشانا بۆ (سەربەخۆیی کوردستان) لەبەر ئەوە والی دەربارەی وەزع بۆ ئەنقەرەی نووسی، وەڵامی ئەنقەرەش ئەوە بوو کە پێویستە والی نەیەڵێ کەوا دەرسیمییەکان لەم شۆڕشەدا بەشدار بن، وە ڕێگە نەدات بەوەی ئەم شۆڕشە فراوان بێت. لەسەر ئەمە والییەکانی (سیواس و ئەلعەزیز و ئەرزنجان) کەوتنە خۆ، وە لەشکریان پتر کرد.

حاکمی زارات عزەت بەگ هەواڵی گەیاندە علی شیر بەگی دەرسیمی کەوا هەرچۆنێک ئەبێ ٧٠ سوارەی شەرکەر ئامادە بکا... وە قوچ گیرییەکانیش قەزاکەی (ڕوفاهییە و قورورچای) گەمارۆ بدەن و عیمرانییە و زارا نەدەن بەدەستەوە. لە ١٤/ مارتی/ ١٩٢١دا لە ئاماسییەوە تیپی (٥) یەک فەوج وە ئاڵای ١٣ دوو فەوج پیادە وە یەک بەتاریە تۆپی چیایی نارد بۆ (سیواس) وە سوارەی ئاڵای ٥٣ش هەروەها هاتن بۆ شاری سیواس.

**دەستەی ئامۆژگاری**

چەند دەستەیەکی ئامۆژگاری لە (سیواس) و (ئەلعەزیز)ەوە ڕوویان کردە ناوچەکانی





ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەرسیم، لەسەر دەستوور و ڕەوشتی مذهبی عەلەوی (شیعە) دەستیان کرد بەپەند و ئامۆژگاری کردن بۆ بەرهەڵست کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریی کورد. ئەمانە ئەیان وت کەوا تورکیش عەلەوین، عەلەویش نەبن ئیسلامن بەتایبەتی مستەفا کەمال پاشا خۆی ئەڵێ (من شیعەم و کوردم خۆش ئەوێ وە ئەگەر دوژمن بێتە ئەنقەرەوە خۆم و لەشکری حکومەتی تورکیا دێینە دەرسیم وە لە چیا سەختە بەفرینە جوانەکانی دەرسیمدا کورد و تورک پێکەوە ئەژین و ئەمرین، وە لە پاش دەرکردنی ئینگلیز و فەڕەنسە و ئەمەریکا «حوکمی ذاتی» بەکورد ئەدەم لەبەر ئەوە ئەم خوێن ڕشتنەی ئەمڕۆ بۆ هەردوولا زیان بەخشە.)

بەم ڕەنگە ئەم ئامۆژگاریکەرانە ئەو جۆرە پڕۆپاگەندانەیان بڵاو ئەکردەوە بۆ بەرهەڵست کردنی شۆڕش وە ساردکردنەوەی کورد. مستەفا کەمال بەهۆی والیی سیواس و ئەلعەزیزەوە بڵاوی ئەکردەوە کەوا (حوکمی خۆیی - ذاتی) ئەدا بەکوردستان وە دەرسیم ئەکا بەویلایەتێکی نایاب وە ئەم پروپاگەندەیە کارێکی زۆری کردە کورد وە بەداخەوە ئەیلێین کەوا کوردی سارد کردەوە.

**وەفدێکی تایبەتی**

جگە لە دەستەی ئامۆژگاری، دەستەیەکی تریش بەسەرۆکایەتی (شەفیق بەگ)ی ئیداری و سیاسی و لەشکری پێک هات وە ئەم دەستەیە بەتایبەتی بەفەرمان و ئامۆژگاری مستەفا کەمال پێک هێنرا، ئەم دەستەیە لە ئەنقەرەوە دەرچوو وە لە ڕۆژی ١٥ی مارتی ١٩٢١دا گەیشتە سیواس، لە پاش چەند ڕۆژێک چووە گوندی (بوغازی وێران) لای حەیدەر بەگ میوان بوو... وە گەلێک سەرۆکی کورد لەوێ بوون... شەفیق بەگ وتی (بەفەرمانی مستەفا کەمال پاشا هاتووم، مستەفا کەمال زۆر سڵاوتان لێ ئەکات ئەم نامەیەی بۆ ئێوە و حەیدەر بەگ ناردووە کە ئەڵێ: (بۆ حوکمی خۆیی کوردستان بڕیار دراوە، شەڕ بوەستێنن، زمانی ڕەسمی کوردی ئەبێ وە ئابووری جیا ئەکرێتەوە، وە پیت و سامان و مەعدەنی کوردستان بۆ خۆی خەرج ئەکرێ وە بەڕێوەبەرانی کوردستان هەموو کورد ئەبن.) لە ئەنجاما حەیدەر بەگ بەم مەرجانە قایل بوو، وە باوەڕی بەفەرمانی کۆمیسیونی (دەستەی) ئەتاتورک کرد، وە خەڵەتێنرا و جەنگیان وەستان، ئامۆژگاری و بەڵێنی کۆمیسیونی ئەنقەرە پشتی هەموو کوردانی سارد کردەوە، بەم جۆرە بەهیوای حوکمی خۆییەوە بۆ کوردستان شەڕی قۆچگیری وەستێنرا...

## ٤

### نەخشەکەی لوید جورج Loyd Gorg

دکتۆر نوری بەگ کە بەفەرمانی مستەفا کەمال لە زیندان دەرهێنرا برایە بەردەمی والی سیواس (رەشید پاشا)، والی پێی وت: (ئاغا بەگ، دکتۆر، تۆ خوێندەوارێکی زۆر بەرزی، وە دپلۆمتان هەیە. زمانی فەڕەنسی چاک ئەزانیت وە لە جیهانی ڕامیاریدا «سیاسەت» ئاگاداری، جا لەم کاتەدا کە یۆنانییەکان هەڵمەتیان بردۆتە سەر تورکیا و حکومەتی میللیمان «کە حکومەتی تورک و کوردەوە هیچ جیاوازییەکمان نییە» وە ڕۆژی خۆشی و تاڵیمان یەکە، ئایا لەم کاتەدا ڕەوایە ئەم کوردانە شەڕ لەگەڵ حکومەتا بکەن و داوای جیابوونەوە بکەن وە بەقسەی ئەوروپاییەکان......!! بۆ دروستکردنی حکومەتی کوردستان شەڕمان لەگەڵ بکەن؟!!!

بنوارە، ئەمە نەخشەکەی لوید جۆرجە، تورکیای بەپەڵەیەکی تاریک و ڕەش پیشان داوە، وە ئەڵێ گەرەکە ئەم ڕەشییە بەچەقۆ بکرێنرێت وە سپی بکرێتەوە، ئەم پیاوە ئێستا وەزیری دەرەوەی بەریتانیایە. بەریتانیا و ئەمەریکا و فەڕەنسا و ئیتالیا ئەیانەوێ لە «ئەدرنە هەتا قەفقاسیا» و ناوەڕاستی دەریای ڕەش ئەرمەنستانێکی گەورەی لێ دروست بکەن ئەدرنە و ئەستەمبۆڵ و داردەنیل و ئەزمیر بدەن بەگریک – یۆنان – وە کورد و تورکیش بکەن بەنۆکەری خۆیان. مزگەوتەکانمان بکەن بەکنیسە. نابێ کورد فریو بخوا وەک عەرەب کە بەقسەی لورانس فریویان خوارد، ئێمە «تورکیا» باوەڕمان بەمافی کورد هەیە و دانمان پیاناوە. دوای پاکژ کردنی نیشتمان لە دوژمنان، بەفەرمانی ئەتاتورک خود موختاری ئەدرێ بەکوردستان، وە «بیوک میللەت مەجلیسی پەرلەمانی تورکیا»ش دانی بەو مافانەدا ناوە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات کورد شەڕمان لەگەڵ بکا و دنیامان لێ پڕ بکات، چونکە دوای بڕانەوەی شەڕ لەگەڵ بێگانە هەموو شتێک بەپێی هیوا و خواست و ئارەزووی کوردان ئەبێت.

دکتۆر، تۆ بۆ تورکیا خزمەت و دڵسۆزیت زۆرە وە لە لایەن حکومەتەوە پاداشتیشت دراوەتەوە، ئەمڕۆ هەموو شتێک بۆ تۆ ئامادەیە، تەنیا مەیەڵە کوردەکان شەڕ بکەن...).

لەسەر ئەمە دکتۆر نوری پتر لە جاران لە سیاسەتی تورکیا کەوتە گومانەوە، لەبەر ئەوە هەرکە لە زیندان هاتە دەرێ لە جاران گەرمتر کەوتە تێکۆشان بۆ سەرخستنی شۆڕشی قوچگیری. لە ڕۆژی ١٣ مارتی ١٩٢١دا لە بوغازوێران سەرۆکی کومیسیون شەفیق بەگ فەرمانی مستەفا کەمالی بۆ نوری بەگ و هەڤاڵانی خوێندەوە، وە دوور و





درێژ باسی خود موختاری کوردستانی بۆ کردن وە لە دژی شەڕ گەلێک قسەی کرد. دکتۆر نوری وەڵامی شەفیق بەگی سەرۆکی دەستەی ئامۆژگاری دایەوە وتی: (پێویستە ئێوە دەست لە بزووتنەوەی لەشکری هەڵگرن، وە ڕەشبگیری «نفیر عام» نەیەڵن وە دان بنێن بەمافی ئابووری و زانیاریی کورددا، وە ئەو خود موختارییەی بۆ ئێمەی باس ئەکەن بەرەسمی دەری ببڕن وە پەرلەمانی تورکیا بەئاشکرا بڕیاری لەسەر بدات و ڕۆژنامەکان لەسەری بنووسن و بڕیاری حکومەتی تورکیا دەربارەی خود موختاری کورد لە هەموو جیهاندا بڵاو بکرێتەوە. ئەگینا ئێمە بەبەڵێن باوەڕ ناکەین، چونکە کوشتار و تاڵانەکانی زەمانی عوسمانیمان هەر لەبەر چاوە).

ئەم وتانەی دکتۆر کارێکی بەتینی کردە سەر سەرکردەکانی کورد وە کەوتنە ئەو باوەڕەوە کە وەستاندنی شەڕ لە لایەن حەیدەر بەگەوە ڕاست نییە وە ئەبێت بەهۆی ڕۆژێکی ڕەش بۆ کوردان، لەبەر ئەمە خەریک بوون دەستەی ئامۆژگاری بەدیل بگرن، بەڵام ڕۆژی ٢٢/مارت/١٩٢١ گەڕانەوە بۆ سیواس، وە هۆی ئەوەش کە نەیانگرتن هەر ئەوە بوو چونکە میوانی حەیدەر بەگ بوون، پێیان نەنگ بوو میوان بگیرێ. لەم کاتەدا حکومەتی تورکیا خەریکی ڕێکخستنی پیلانێکی گەورەترە بۆ قڕانی کورد.

### لەشکری تورک

دوای گفتوگۆکەی دکتۆر نوری بەگ ناوچەی ئوردووی ئەنقەرە کەوتە خۆی، تیپی سوارەی (١٤) و لیوای سوارەی (١٣)یان بەپەلەپەل نارد بۆ (سیواس) تا بتوانن العزیز و ازرنجان و سیواس لە هەڵمەتی شۆڕشگێڕانی کورد بپارێزن.

### حەیدەر بەگ و سەرکردەکانی تری کورد

لە سەرەتادا پیلانی ئەمجارەیان وابوو کە لە سیواسەوە پەلاماری ئەنقەرە بدەن و بیگرن، بەڵام حەیدەر بەگ لە ئەنجامی دڵپاکیدا باوەڕی بەپەیمان و بەڵێنی ئەتاتورک کرد بوو. قایل نەبوو هێرش ببرێتە سەر ئەنقەرە، بەمە حەیدەر بەگ ئەو نەخشە و پیلانەی ژێر و زەبەر کرد.

لەشکری فەڕەنسە لە ئورفە و عەینتاب و ئارام ساز بوون. ویستیان بێنە پێشەوە، بەڵام کوردان نەیانویست بێنە ناو قوچگیرییەکانەوە، چونکە لە هێڵی عەینتابەوە هەتا سیواس ئەم ناوچانە هەموو کەوتبوونە ژێر دەستی قۆچگیرییەکان. علی شان بەگ زادە و عزەت بەگ و مەحمود بەگ و عەزەمەت ئاشکی، ئەم چوار قارەمانە سەرکردەیی

شۆڕشگێڕانی (قوروچای – بلووجان – زارا – هاڤیک وە سیواس)یان ئەکرد، لە هەندێک شوێندا ئافرەتانی کوردیش لەم شۆڕشی قوچگیرییەدا بەشدار بوون بۆ برینداد تیمارکردن و زەخیرە گواستنەوە و شەرە تفەنگیش.

کوردەکان لەم ناوچانەدا بەتەواوی سەرکەوتن، وە هەموو ئەو شوێنانەیان گرتە دەست، شۆڕشگێرە کوردەکان لە هاتوچوو و هەڵمەت بردنا مارشی دەرسیمی (کوردایەتییان) لە سێبەری ئاڵای کوردا ئەوت، بەمە ئاگریان ئەرشتە هەموو دڵێکەوە بۆ تێکۆشان لە پێناوی کوردستانا. بەڵام فەرەنسییەکان کە دییان کوردەکان شۆڕشێکی ڕێکوپێکیان بەرپا کردووە و ئاڵای کوردیان هەڵکردووە، ترس کەوتە دڵیانەوە لەبەر ئەوە لە ژێرەوە لەگەڵ تورکدا کەوتنە گفتوگۆ کردن.

کەمالییەکان لە ١٨ی مارتی ١٩٢١دا لە ویلایەتەکانی ترابزون و گومووش خانە و شبین قەرەحەسار و سیواسدا دەستیان کرد بەرەشبگیری، لەسەر ئەمە کوردەکانی ناوچەی (زاماریک) یاخی بوون وە هاتوچوویان لە بەینی شارەکانی ئەرزنجان و خەرپووت و کەماخدا بەجارێک نەهێشت، وە تەلی تەلەفۆن پچرێنرا. وە لە لایەن حکومەتەوە عورفی لە ئەرزنجان و سیواس و خەرپووتدا اعلان کرا، بەم جۆرە کوشتار لە هەموو لایەکەوە بەرپا بوو کوردەکان بەدەم بانگی یا حەق یا عەلییەوە هەڵمەتیان ئەبردە سەر لەشکری تورک وە لە هەموو لایەکەوە لە گەرمەی کوشتارا لەشکری کورد سروودی ڕزگاری کوردستانی ئەوت، لە ٢٠ی مارتا لە بەینی زارا و قوبووڵ حیادا کوردەکان پۆستەیەکی حکومییان گرت بەمە گەلێک ڕاپۆرت و فەرمانی حکومییان کەوتە دەست. شەرکەرەکانی (سەید هەباس) کە ٣٠٠ تفەنگچی ئەبوون دایان بەسەر لەشکری تورکا کە بەرەو کەماخ ئەکشان، ئەم لەشکرە شکا وە ١٠٠ کەسی لێ کوژرا و بەرەو ئەرزنجان هەڵاتن.

وە لە شەوی ٢٢ی مارتا ناوچەی سینجان کە بەقەزای (دی وریکی)یەوە بەستراوە شەرکەرانی زاڵم چاوەش و عزەت بەگ گرتیان، وە شەرکەرانی تورک خۆیان دا بەدەستەوە. بەم جۆرە ناوچەکانی (ئارموودان و دی وریکی و چەلین قەیا) بەجارێک کەوتە ژێر دەستی کوردەوە، سەربازەکانی تورک لەم شەڕەدا بەتەواوی پەرێشان بوون کەوتنە ژێر دەستی کوردەوە.

ئینجا کەمالییەکان دیسانەوە کەوتنەوە فڕوفێڵ و پاڕانەوە و لاڵانەوە، وە اعلانی عەفووی گشتییان کرد. لەم شۆڕشەدا تورکە موعاریزەکان کەم و زۆر یارمەتیی کوردیان ئەدا، وە لە پەرلەمانیشا موعاریزەکان کەوتنە خۆیان.





## جەنەڕاڵ نورالدین پاشا

حکومەتی ئەنقەرە ئەی وت ئەم شەڕە، شەڕی دز و جەردەیە... لە ٢٤/مارتی/١٩٢١دا جەنەڕاڵ نورالدین پاشا کە دوژمنی عەرەب بوو، وە ناوی بەوە دەرکرد بوو کە بەخوێنی سەری کورد تینووە، کرا بەقوماندانی ئەو لەشکرەی هێرشی ئەبردە سەر قوچگیرییەکان. حکومەتی ئەنقەرە دەسەڵاتێکی زۆری دا بەجەنەڕاڵ نورالدین، نورالدینیش دەستبەجێ ڕەشبگیریی بانگ دا، وە هەر لەو بەیانەدا هێرشێکی بەتینی بردە سەر شۆڕشگێڕانی کورد وە ناوی لێ نان جەردە و ڕێگر، وە هەروەها لەو بەیاننامەیەدا وای دەربڕی کە گوایا کوردە شۆڕشگێڕەکان دژی ئایینی ئیسلامن، وە لەگەڵ دوژمنانا ڕێک کەوتوون وە پەنایان بردۆتە بەر ئەرمەنییەکان، وە پەیوەندییان بەدەوڵەتی بێگانەوە هەیە وەکو (بەریتانیا و فەرەنسە و ئەمەریکا و ئیتالیا و گریک) وە ئەم کوردانە دژی حکومەتی تورک و ئیسلام ئەجووڵێنەوە، وە لەگەڵ دوژمنا ڕێک کەوتوون بۆ دروستکردنی حکومەتی کوردستان، وە بیروباوەڕی ئەورووپایی ڕژاوەتە ناو کوردستانەوە، بەم جۆرە جەنەڕاڵ نورالدین پاشا کەوتە پرووپاگەندە کردن و بەیاننامە دەرکردن دژی شۆڕشی کوردایەتی وە هەروەها کەوتە هەڕەشە و گوڕەشە کردنیش وە بڵاوی کردەوە کە گوایا ئەگەر شۆڕشگێڕەکان بڵاوەی لێ نەکەن و پەنا نەبەنە بەر حکومەت ئەوا سزای بەتینیان ئەدرێ. ئەم توند و تیژییەی جەنەڕاڵ نورالدین نواندی، وە ئەو هەڕەشانەی کردی بەپێچەوانەی ئارەزووی ئەوەوە کاری کرد چونکە شۆڕشگێڕانی قوچگیری لەم هەڕەشە و گوڕەشەیە زۆر دڵگیر بوون وە زیاتر گەرم بوون لەسەر تێکۆشان، ئەوە بوو دڵی بزورگی کورد ئاگری گرت، وە خۆی ئامادە کرد بۆ خوێن ڕشتنێکی سەخت لە پێناوی کورد و کوردستانا. جەنەڕاڵ نورالدینیش زۆر بەپەلە خۆی کۆکردەوە، وە هەرچی سەربازێک کە بەردرابوون هێنرانەوە ژێر چەک، وە لە سیواسەوە (٥٤) ئاڵای سوارە بۆ حیسار و لە توفانەوە (٣٢) مین ئاڵایی سواری بۆ سیواس لەگەڵ ژاندرمە و میلیشا کە هەزار کەس پتر بوون پێکەوە بە (٢) فەوج پیادە و (١) بەتاریای تۆپی چیاییەوە لە ئەنجامی شەڕێکی سەخت و خوێن ڕشتنێکی زۆردا بەدوو ڕۆژ گەیشتنە (روفاهییە).

### سەرکردەیێتی گشتی

جەنەڕاڵ نورالدین پاشای خوێن ڕێژ جگە لەم لەشکرەش لە (یوزگادەوە) (٥٣) مین ئاڵای سوارە و لە (ئاماسییەوە) فەوجەکانی هێرشی تیپی (٥)ی لەگەڵ ئاڵایی پیادەی

(٧٠) هەم و (٢) بەتاریای تۆپ و گەلێک ژاندرمە و میلیشـای لە ڕۆژی ٢٥ مارت ١٩٢١دا نارد بۆ شاری سیـواس، وە لە دیاربەکرەوە ئالایییەکی پیادە و (٤) تۆپ و (٨) مەترەلۆزی لەگەڵ فەوجێک ژاندرمە و هەزار میلیشای نارد بۆ سیواس بەڵام لە گەلێک شوێندا ئەمانە تووشی پێشمەرگەکانی کورد ئەبوون وە کوشتار دەستی پێ کرد. بەکورتی جەنەڕاڵ نورالدین (٦) هەزار سوارە و (٢٥) هەزار پیادە و (٨٠) مەترەلۆز و چەند هەزار میلیشا و ژاندرمەی بەکارهێنا بۆ هێرشبردنە سەر قوچگیریان بۆ ئەوەی کۆتایی بێنن بەشۆڕشی کورد.

## ڕزگاری کوردستان

شۆڕشی پیرۆزی قوچگیری شۆڕشێکی سەخت و خوێناوی نەتەوەی کورد بوو بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کورد و کوردستان، وە ئەم شۆڕشە بە (٢) جار بەرپا کرا جاری یەکەم لە ٣ کانوونی دووەم ١٩٢٠ تا ٢٦ ئەیلوول ١٩٢٠ وە جاری دووەم لە ٢٤ شوبات ١٩٢١ تا ٣ حوزەیران ١٩٢١. بەڵام لە ٥ حوزەیران ١٩٢١دا کۆتایی شۆڕش هات بەبانگکردنی (عەفووی گشتی).



## سەربەستی تەئسیری کۆمەڵی وڵات

ڕۆژنامەی (ژیان) ژمارە ٤٩٠ ساڵی ١٩٣٦

ئەگەر تەماشای تەئریخی کۆن و تازە بکەین کەوا جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لە مابەینی سەربەستی بەشەری چەند ساڵێ لەمەوپێش و ئەمڕۆ. لە قەرنی وەسطادا سەربەستی بەشەری چەند ساڵێ لەمەوپێش و ئەمڕۆ. لەقەرنی وسطادا سەربەستی کۆمەڵی وڵات ون بووە لەو وەقتەدا هەر کەسێ بەهێز بوایە ئەو کەسە یاخود ئەو بەگە ئەرزەکەی بۆ خۆی داگیر دەکرد وە کۆمەڵیش دەبوایە عەبدی ئەو بەگە بوونایە چۆن ئەمری بکردایە دەبوایە سەریان بۆ دابناوانایە چونکە خوێندەوار کەم بووە.

زۆری پێ نەچوو تەبەقەی بێ هێز و بێ پارە و سەروەت کە دیبیان هەمیشە دەرامەتی کردە و کۆشەیان هەر بۆ بەگ و ڕەئیسەکانە لەبەر ئەوە خۆیان لە ناو خۆیاندا بیریان کردەوە لێکیان دایەوە ئەمە ژیانی بەشەری نییە بەم گوێرەیە کۆمەڵی وڵات و پاشەڕۆژی وەتەن لەناودەچن زۆر زوو دەمرێ.

لەبەرئەوە تەبەقەی موخلیس و وەتەنپەروەر بوون بەیەک و مەبدەئێکیان بۆ خۆیان دۆزییەوە شوێن ئەم مەبدەئە کەوتن تا سەرنەکەوتن وازیان نەهێنا "کە ئەم مەبدەئەش سەربەستییە" ئەمریکای ئەمڕۆ لە پێشا لەبەر زوڵم و ئیستبداد نەیدەتوانی پێش بکەوێت کە وەختێ سەربەست بوو ئەوا دەبینین بوون بەخاوەنی ئەم مەدەنییەتە و پێشکەوتنە خاوەنی صناعەتی عیلم و فەنی ئیستە هەروەها لە نەتیجەی زوڵم و ئیستبداد اعلانی سەربەستی کرا.

لە ساڵی ١٨٧٥ی ٦١ ساڵ لەمەوپێش ئەهالی فەرەنسا زۆر لە ناخۆشیدا بوون سەریان نەوی بوو نەیان دەزانی چۆن ڕۆژئاوا دەبی و چۆن هەڵدێ لەبەر زوڵم و ئیستبدادی ئەهلی کەنیسە، بەگ... و ئەهالی فەرەنسە دابەش بوو بوون بەچەند بەش هەر بەشە شوێن ڕێگەیێ دەکەوت کە تەماشای مەنفەعەتی پاشەڕۆژی کۆمەڵی وڵاتیان دەکرد!

بەڵام تەبەقەی فەقیر و بێ هێز لەگەڵ فەلاح یەکیان گرت، داوای حقوقی ئینسانیان کرد لەسەر دوو ئەساس:

١- مساواتی مەدەنی

٢- سەربەستی فەرد

دەیانوت:

١- ئینسان بەڕووتی لە دایک دەبێ و گەورە دەبی لەناو کۆمەڵ و خاکێکی ناسراودا ئەم کەسە دەبێ متساوی بێ بەرامبەر بەقانون و هەموو شتێ.

٢- غایە لە حکومەت و هەموو کۆمەڵێکی سیاسی محافظەی حقوقی ئینسانە تا سەر لە هەموو شتێکا و ئەم حقوقەش سەربەستییە و نابێ حکومەت و جەمعیەت فەرق بنوێنێ لە مابەینی هەیئەتی اجتماعیدا چونکە حکومەت لە افراد دێتە وجود لەبەر ئەوە دەبێ ئەفراد لە حقوق و هەموو نەوعە پێویستییەک متساوی بێ و ئەم مساواتانەش ئەمانەن:

١- مساوات لەبەردەم قانون دەبێ هەموو ئەفراد وەک یەک سەر بۆ قانون دابنەوێنن تەماشای فەقیر و دەوڵەمەند عالم و جاهل وەک یەک بکرێ.

٢- مساوات لەبەردەم مەحکەمە دەبێ مەحکەمە چوون یەک تەماشای ئەفرادی کۆمەڵ بکات.

٣- مساوات لە وەزیفە ئەو کەسەی کە کەفائەت و توانای تیا هەیە نابێ دوای ئەو کەسانە بکەوێت کە بۆشن.

٤- مساوات بەرامبەر بەتەکالیفی حکومەت ئەمانەی هەموو بۆ ئەهالی تەنسیق و تەطبیق کرد و کردی بەقانون چونکی ئەهالی هەموو یەک بوون بەیەک غایە و یەک مەبدەئیان هەبوو لەناو خۆیانا ڕقیان لە یەکتری نەبوو خەریکی حەسادەت و بەخالەت و ناکۆکی نەبوون.

بەڵام کە ڕەوشت و خوو و تەربیەت و تەعلیمی ڕۆما تێکچوو بێ هێزترین کۆمەڵ سەرکەوت بەسەر ئەم دەوڵەتە بەهێزەدا. ئینسان بۆ ئەمە خەلق نەکراوە کە ببێ بەعەبدی بەگ و ڕەئیس... وە یا بکرێ بەتۆپێکی لاستیک بەگوێرەی ئارەزوو غەرەزی شەخسی یاری بەم کەسە وە یا کۆمەڵە بکرێ وەکو دەبینین بەڵکو خەلق کراوە کە ئیش بکات بەتەنیا بەگوێرەی ئارەزوو و سەربەستی خۆی چ شتێ ئەم سەربەستییە ئەخاتە بەرچاو و بەردەمی یەکێ؟ دەبینین هەروەک خواردن و تەنەفوس دەبێتە سەبەبی جووڵاندن و ژیانی ئینسان دووبارە تەربیە و تەعلیم و ڕەوشت و خوویش دەبێتە سەبەبی هێنانە وجودی سەربەستی و لابردنی جەهل، چونکی تەربیە و تەعلیم گیانی کۆمەڵە. علمیش خوێنی وەتەنە بەهۆی ئەمانەوە ژیانێکی جوان ، ڕێکوپێک لە کۆمەڵی ولاتا دەبینرێ هەر چ کۆمەڵێ تەعلیم و تەربیەتی باشی هەبوو کەس نابێتە مانعی پێشکەوتنی. سەربەست دەبێ لە ئیشی خۆیدا، سەربەستیش پاڵ بەئینسانەوە دەنێ بۆ هەوڵدان و تێکۆشین وەک ئەمریکا و فەرەنساکان کەوا بۆ سەربەستی تەطەور ئەهێنێتە وجود خلق و ڕەوشت





و خووی خراپ لە کۆمەڵدا ناهێڵێت. یەکێ دەتوانێ سەربەست بێ لە هەموو شتێکدا لەناو کۆمەڵی ولاتێکدا بەشەرتێ ئەو کەسە خاوەندی علم و ڕەوشتێکی باشی بێ وەک ئەمەل و ئیرادە و ثبات، ئازادیی، یەعنی "لە وەقتی تەنگانەدا خۆی نەشارێتەوە و ئینکاری هەق نەکات" وە هەموو کۆمەڵ بڕوایان بەکردەوەی هەبێ و موخلیس بێ. بەم کەسە ناڵێن سەربەست کە ڕێگەی چاکە بشارێتەوە، کۆمەڵی ولات تووشی ناخۆشی و خراپە بکات. دەست بکات بەغەیبەت و هەڵمەت بداتە سەر ئەو کەسەی کە دەیەوێت و بەدەستی خۆی هەق ببینێ.

دەبێ ئەفرادی کۆمەڵ بەدڵێکی پاک و خاوێن دەست بخەنە ناو دەستی یەکتری قسەی باش بهێننە پێش. خەریکی بڵندی و خۆش و زیادی ئیقتسادیاتی ولات بن. تێکۆشن بۆ بڵندی و سەرکەوتنی کۆمەڵی ولات. چونکە بۆ هەریەکێ وە یا کۆمەڵێ ڕۆژێکی مەخصوصی هەیە کە تیا دەمرێ مردنی ئەو یەکە و یا ئەو کۆمەڵە ئەو ڕۆژەیە کە سەربەستی تیا ونە و یا ون دەبێ. زیرەکی و ژیری لە کۆمەڵمانا هەیە و لە ولاتمان خاکمان زۆر بەبەرەکەتە و پڕە لە مەعادن...

بەڵام کۆمەڵ و ولاتمان هێجگار فەقیرن بەمە کە پیاوی موخلیس و ئیشکەری زۆر زۆر کەمی تیا هەیە. هیوادارم منەوەرانی تازە پێگەیشتووان وردە وردە لەسەرخۆ لە وەختی خۆیان نیوەی دابنێن خەریکی موزاکەرە و موناقەشە بن بۆ ڕێکخستنی ئیسلاحی پێشکەوتنی ئەم ولاتە شیرین و دواکەوتووەمان.

# مەفکوورە

رۆژنامەی ژیان ژمارە ٤٨٧ ساڵی ١٩٣٦

فەن و قانونی تەبیعەت بۆ هەموو شتێ لەنگەر و موازەنەیەکی داناوە دەبینی تەیارە بەرز ئەبێتەوە بەم دیو بەو دیودا ناکەوێ، بەڵەم، دیسان لەنگەرێکی فەنیی بن دراوە لەناو هەموو شەپۆڵی دەریادا نوقم نابێ.

ئەو تەیارەیە بۆ ئەوە کراوە تەیی زەمان و مەکان و کەشفی وڵات و سەرشکێنی دوژمن بکا ، بەڵەم بۆ ئەوەیە تەسخیری دەریای پێ بکرێ غایەی ئیجادی ئەمانە بۆ ئەوەیە هەر میللەتێ بزانێ و بتوانێ ئەمانە دروست بکا و بەکاری بێنێ پێش هاومیللەتەکانی خۆی ئەکەوێ هەمیشە ڕوو لە بڵندییە.

ئەمانە هەروا بەئاسانی پەیدا نابن بەسەرفی عومرێکی عەزیز لە تەهلەکە و تەجرەبەدا دەبێ و ئەفراد و میللەت هەموو بەم مەفکوورەیە موجەهەز بن کە لە خۆیان ڕاببینن هەریەکە ئەتوانن ئەگەر ئەمانەش نەبێ کارێکی لەوە بچووکتر بکەن.

لەوانەیە کە میللەتێکی تر بیهێنێتە مەیدان و لە هەوڵ و کۆشش مەئیوس نەبن هەر فەردێ یان کۆمەڵێ کە مەئیوس بێ و بێ ئومێد بێ لە ڕیزی مردووانی دادەنێین.

خۆ مردن وە نەبێ هەر ئەوە بێ کە بچێتە ژێر خاکەوە و داپۆشرێ هەر کۆمەڵی ئەسیرێکی زندەگی نەبێ بەوەش بێگانەوە لە بێگاردا بێ و لەبەر نەفامی و نەزانینی خۆیان ئەگەر کەسێکی تیا هەڵ بکەوێت نەختێ ڕووی لە تەرەقی و خزمەت و پێشکەوتنی قەومەکەی خۆی بێ و ئەو پێی گومان بێ و بەخیلی پێ بەرێ و ڕای کێشێتە دواوە ئەو کەسە بێ کە لە ژێر خاکدایە لەوە چاکترە کەوا لە دنیادا بۆ شەڕ و شۆڕ و خراپە و دووزمانی بژی.

ئەم خاکە ئەم سەرزەمینە کە ئێمەی لەسەرین هەمیشە ئەجووڵێ ناوەستێ سەیارە ئەڕوا. ئەگەر ئێمە لەسەر ئەم ئەرزە سەیارە بوەستێن بنووین پەک کەوتەین.

ماوەی جووڵان و نەجووڵان وەکو ئاو، و لەمئاو، بەقووەی جاذبەی مانگ حەرەکەت دەکا ، مەد و جەزرێکی بۆ هەیە دەڕوا دوور ئەکەوێتەوە و دێتەوە و دەگەڕێتەوە. ئەو لەمی قەراخ دەریایە بەدەم شەپۆڵەوە چۆن بێ ئیقتدار و ئیختیارە ئینسانی عاطلیش بەدەست پیاوی فەعالەوە وایە. حەرەکەت، شعور مەفکوورەیە ئینسان پەیدا ئەکات!! و زۆر جاریش بەخت و طالع لە ناکاو، بەشانس و تەحلیلاتی ئیجابی سیاسەت و





تەبیعەت ڕوو دەکاتە قەومێ ئەگەر ئەو قەومە شعورێکی بێ ئەو فرسەتە لە دەست نادا ئەیکا بەماڵ بۆ قەومەکەی.

ئەگەر قەومەکە نەزان و بێ شعور بێ وەک ئێمەی لێ دێ گەیشتینە پایەی مەلەکوتی و وەک باپیرمان کە دێنە سەر خاکی مەزەللەت و نارەحەتی وەختێ کە هاتینەوە هۆش نە مەکتەب و نە خەستەخانە و نە فابریقە و نە زراعەت، نە ئیسراحەت هیچ کامێکیمان نییە!!

مادام لێمان مەعلووم بووە دوو شەشی ڕێکەوت بەبێ علم هیچی بۆ نەکردین، ئەبێ لەمەودوا هەوڵ و تەقەلامان ئەمە بێ مەفکوورەیەک و غایەیەکمان ببێ.

# نووسینی کوردی چۆن دەبێ؟

گۆڤاری دیاری کوردستان۱۲ی مایسی ۱۹۲۵

لە ژمارەی ٥ هەتا ژمارە ۱۰

بەدڵ و گیان لێتان ئەپاڕێمەوە ئەی تێگەیشتووانی کوردان، قسەیەک کە لە تەرەف عالمێکی گەورەی ئەوروپادا فەرمووراوە لە بیرمان نەچێ، فەرموویەتی:

(حروفاتێکم بدەنێ مەدەنیەتێکی گەورەتان بدەمێ)، (ئەلیف بائێکم بدەنێ زمانێکی بەرز و ڕێکوپێکتان بدەمێ). ئەم چەند حیکمەتە عەرزی گەورە و بچووکی هەموو کوردان ئەکەم.

زمانی کوردی ئەبێ کوردی بێ لە قاعیدەی کوردی دەرنەچێ و ئاهەنگ و تلفظ کوردی بێ، تێک نەچێ. بۆ ئەوەی کە کوردی ڕێکوپێک بێ وا باش ئەزانم نووسینی کوردی وا بنووسرێتەوە کە لە ژێرەوە نووسراوە.

۱- چۆن لە دەم دەربچێ بەم تەرحە بنووسرێ.

۲- کە نووسرا بەتەرحێک بخوێنرێتەوە چۆن گوترا بێ ئەو دەنگە بداتەوە.

۳- ئەو قسانەی کە لە زمانی غەیرە سەنراوە وەکو (عەرەبی، فارسی، تورکی، لاتینی... الخ) بێ جەمعی بخرێتە سەر قاعیدە و ئاهەنگی کوردی.

| وەکو | نابێ بنووسرێ | لازمە بنووسرێ |
|---|---|---|
| کتێب | کتب | کتێبەکان |
| ضابط | ضباط | ضابطەکان |
| ملیك | ملوك | مەلیکەکان |
| شاهد | شهود | شاهێدەکان |
| صنف | صنوف | صنفەکان |

٤- بۆ ئەوە کە نووسینی کوردی ڕێک و ڕاست بنووسرێ لازمە لە (قسەکان)دا حەرفی دەنگداری بۆ زیاد بکەین. زاتەن چی نووسینێک حەرفی دەنگداری تەواو پیشان بدرێ ئەو قسە ڕاست دەخوێنرێتەوە وە دەنووسرێتەوە وەکو:





| نابێ بنووسرێ | ئەبێ بنووسرێ | مەعناکەی بەتورکیو بەعەرەبی |
|---|---|---|
| شوق | شەوق | شەوق، ئارەزوو |
| نو | نەو | نەورۆز، سلطان |
| کو | کەو | ككلك |
| شو | شەو | کیجە—لیل |
| شر | شەڕ | غوغا، جدال، محاربة |
| سر | سەر | باش، رأس |
| سر | سیر | کیزلی بر فکر سر |
| عرب | عەرەب | عرب |

٥- لە زمانی کوردی حەرفی (ط) نییە لەگەڵ ئەمە (ث، ذ، ض، ظ) نییە هەتا حەرفی (ص)یش نییە. بەعزێ حەرفی هەیە لەسەر قاعیدەی عەرەبی دەنووسرێ کە ڕاست نییە وەکو (صبحەینێ، سبحەینێ، بریطانیا، بەریتانیا، قوطابی، قوتابی).

| حەرفەکانی عەرەبی | بەرامبەرەکەی بە کوردی |
|---|---|
| ث، ص | س |
| ض، ظ، ذ | ز |
| ط | ت |

پیاوە زۆر خوێندەوارەکان و ماقوڵەکانمان هەموو وەختێک وەک منداڵێکی تازە خوێندەوار ئەم حەرفە عەرەبییانە کە لە سەرەوە عەرز کراوە لەسەر قاعیدە و ئاهەنگ و شێوەی کوردی ئەیخوێننەوە و ئەینووسنەوە. کەوابوو بۆچی ڕێی سووکی و خۆشی و سەلامەتی نەگرین، خۆمان تووشی زەحمەت بکەین؟؟. قەومی نەجیبی عەرەب بۆ ئەوەی کە ئاهەنگ و شێوەی زمانی خۆیان پێ تێکنەچێ قسەی غەیرەکانیان چۆن قبووڵ فەرمووە. بەم وەسیلە بەچەند میسالێک عەرزکردنی بێ فائدە نازانم.

| ئەسڵی قسەکە | | عەرەب چۆنی قبوڵ کردووە |
|---|---|---|
| پورت | ب | بورت سعید |
| پاشا | – | باشا |
| روپیە | – | روبیە |
| پارس شهری | – | بارس شهری |
| ژان ژق روسو | ژ | جان جاك روسو |
| ژورنال | – | جورنال |
| ژیلەت بیجاغی | – | جیلەت بیجاغی |
| چرکس | چ | شرکس |
| چادرچی | چ | جادرجی |
| چای | – | شای |
| میستر گاردەن | گ | میستر جاردن |

قەومی عەرەب بەم میسالانە کە لە سەرەوە نووسراوە حەرفی (پ)ی بە(ب) وە حەرفی (چ) بە(ج) بەعەزەن بە(ش)، حەرفی (گ) بە(ج) گۆڕیوەتەوە بۆ ئەوە ئاهەنگ و شێوەی زمانەکەی تێک نەچێ و نووسینەکەی نەگۆڕدرێ.

٦- بۆ نووسین لازمە ئاهەنگ، شێوە، لەهجەی زمانی ئەسڵی ئاگاداری بکرێ، ئەو قسانەی کە لە زمانی غەیرە قەرز دەکرێ لازمە بەچەکوشی میللی سەر و گوێی ئەو قسەیە بەتەرحێک ڕێک بخرێ کە ساحێب ماڵ نەیناسێتەوە. بێجگە لەوە ئاهەنگ و خۆشیی ئەو زمانەی وە نووسینی پێ تێک نەچێ. لەبەر ئەوە ئەڵێم ڕاستە قسەکانی ژێرەوە وا بنووسرێ:





| عەرەبی | کوردی |
|---|---|
| ذات | زات |
| ذوق | زەوق |
| کاغذ | قاقەز |
| دشمن | دوژمن |
| ضرر | زەرەر |
| قضاء | قەزا |
| مستشار | موستەشار |
| مستثنا | موستەسنا |
| حضرة موسی | حەزرەتی موسا |
| حضرة عیسی | حەزرەتی عیسا |
| حضرة یسن پاشا | حەزرەتی یاسین پاشا |

٧- هەرچی ئەدات، حەرفی جەر، موسبەت، مەنفی، ئیسمی ئیشارات، ئەسمائی مورەکەبە... هتد بێ لازمە بەتەواوی جوێ بکرێتەوە وەکو:

| نابێ بنووسرێ | ئەبێ بنووسرێ | مەعناکەی بە تورکی |
|---|---|---|
| پدنگ | بەدەنگ | سسی لیله |
| بیدنگ | بێدەنگ | سز |
| بناو | بەناو | أسمله |
| بینا | بێناو | اسمز |

| نابێ بنووسرێ | ئەبێ بنووسرێ | مەعناکەی بە تورکی |
|---|---|---|
| بعتل | بە عەتەل | عتل ایله |
| بمعاونت | بە معاوەنەت | معاونت ایله |
| بعسکر | بە عەسکەر | عسکر ایله |
| صاحبقران | ساحێب قڕان | |
| چاپخانه | چاپ خانه | |
| یکبون | یەك بوون | |
| ڕێکبوون | ڕێك بوون | |
| چایخانه | چای خانه | |
| کتبخانه | کتێب خانه | |
| پاشماوه | پاش ماوه | |

٨- لازمە (و – ه) و (وو –ه ه) بەم تەرحە جوێ بکرێتەوە وەکو:

| | |
|---|---|
| ڕون – یاغ | بون – قرقر، رایحه |
| ڕوون – صاف براق | بوون – اولمق |
| تور | بالق یاغی |
| توور | تورپه |
| مور – مورنگی | جو – أرپه |
| موور – بیوک تندوراغاچی | جوو – بهوردی |
| خوی | کندی – گەندسی |
| خووی | طبیعت |

٩- نووسین و حروفاتەکەمان نابێ بۆ تەبەقەی گەورە گەورە بێ. ئەبێ قاعیدەی وا دابمەزرێ هەموو کەس بەخۆشی و سووکی بینووسێتەوە و بیخوێنێتەوە بۆ ئەمە ئوسوڵی هیجا وە حەرفی دەنگدار لازمە ڕیعایەت بکرێ وەکو لە مادەکانا عەرز کراوە، لە کوردەکانا ئەوانەی کە تەحسیلی عالیشیان بینیوە دیسان ئەم حەرفانە لەسەر قاعیدە و ئاهەنگی کورد ئەخوێننەوە کەوا بوو بێینە سەر ڕێی ڕاستە.

١٠- وەکو لە مادەی چوارەم عەرز کرا بوو لازمە ئەم قسانە لە یەکتری جوێ بکرێتەوە.





شەوق – شوق – ئارەزوو

شوق – بر قوچک باش اورمس، صالانتی

نەو – نەورۆز – سوڵتان

بەحروفاتی عەرەبی وە بەقاعیدەی (صرف و نحوی) عەرەبی ئیملایەکی کوردی ڕاست نانووسرێ. سەروەری عالەم، خۆشەویستی هەردوو دونیا فەرموویەتی (فێر بن وە سووکی کەن). زاتێکی گەورەی موبارەکی وا کە بەفەرمانێکی وا بەرز و مژدەیەکی خۆشی تەبلیغی ئومەتی خۆی کا ڕێ و شوێنێکی موبارەک چاک و خۆش بۆ ئێمە پیشان بدا. بۆچی دڵتەنگی و سفلەتی بۆ خۆمان بدەین ڕێی قورس و ناخۆش بگرین بلێ ئەی عالمانی کوردان ئەی میللەت پەروەران، من لە ڕووی ئێوەدا حەدم نییە دەنگ بەرزی بکەم بەڵام وەختێ فێرکردنی خوێندن و نووسینی منداڵەکانتانم هاتە بیر و لێکم دایەوە چاوم پێ کەوت بەچی ناخۆشی و زۆرییەک منداڵەکانتان فێری خوێندن و نووسین ئەبن، وە ئەم خوێندن و نووسینە بەچی ڕەنجێک و زەحمەتێک ئەیهێننە دەست. وەختێکی زۆر بەتێکۆشینێکی شەو و ڕۆژی بەهەزار حاڵ ئنجا لە سەد پانزەیان فێری خوێندن و نووسین ئەبێ. ئەویش چۆن خوێندن و نووسینێک؟! زۆر عەجایب، زۆر غەرایب، نە لە تورکی ئەکا؟! نە لە فارسی، نە لە عەرەبی؟!.

ئەی عالمانی کوردان...! زۆر چاکتان لێ مەعلومە ئوسوڵی خوێندن و نووسینیانی حەرفەکان، ئەلف و بێ، سەرف و نەحو. ئیملا شتێکی زۆر گەورەیە، حەتا مەسئەلەیەکی ژین و مردنە، ئێمە ئەگەر بژین و ئەمانەوێ ببین بەساحێب مەدەنیەتێک، زانینێک، لازمە بەحەرفی ڕاست و تایبەتی و لەسەر بناغەیەکی زۆر قایم و ڕاست بناغەی زانینی کوردیمان دابمەزرێنین وە لەسەر ئەساس و عەنعەنات و شێوە و لەهجەی خۆمان بناغەمان داڕێژین لەبەر ئەوە لازمە لەسەر قەوڵی پێغەمبەر (صلعم) کوردییەکەمان زۆر سووک بکەین کە نەک بەچە کوردێک، موسڵمانێک، هەموو بێگانەیەک وە وەختێکی زۆر کەم زووبەزوو خوێندن و نووسینی کوردی ببێت. بۆ ئەم بابەتە لازمە ئەم مادانە کە لە ژێرەوە عەرزی گەورە و عالمانی کورد کراوە لە بیریان نەچێ، بیخوێننەوە و لێکی بدەنەوە. وە ڕێگایەکی سووک و باشتر بۆ ئێمە و بۆ منداڵانمان زوو بەزوو بدۆزنەوانێ.

چونکە ڕێی ڕزگاریمان لە شکڵ و حروفێکی تایبەتی و لە خوێندن و نووسینێکی زۆر باش و سووکایە. ئەم نووسینەم نەک بۆ خۆپیشاندان نووسیبێ، بۆ ئەوەم نووسی کە پیاوە ماقوڵەکانمان ئاگاداری بچووک و منداڵی خۆیان بکەن. وە سەخڵەتی دڵتەنگی

خۆیان و زەرەر و قازانجی منداڵەکانیان بێتە بیر!! بەم چەند دێرە توانیبێتم دەردی خۆم و دەرمانی منداڵانم پێ گوترابێ و پێ نیشان درابێ، بەڕاستی خۆم لە حوزوری موبارەکتانا شەرمەزار ئەبینم و گەلێ خۆم بەتالعدار ئەزانم.

خەتا لە ئێمە، گەورەیی لە گەورەکان و شاعیرەکانمان بێ (ومن الله التوفیق).
ئەمجا بێینە سەر قسەمان، سەر کاتی دەردی کوردایەتیمان بەڵێ، بەحروفات و ئەشکالی عەرەبی و بەقاعیدەی صرف و نحوی عەرەبی ئیملایەکی کوردی ڕاستمان پێ نانووسرێ. سەبەبەکانی لە ژێرەوە یەکە یەکە عەرز کراوە:

١- ئوسوڵی تەنوین لە زمانی کوردی وەکو لە عەرەبیدا هەیە تەنوین نییە لازمە ئەم تەنوینانە بەیەک نوون (ن) بنووسرێنەوە چونکە تەنوین لە نون بەولاوە هیچی تر نییە وەکو (عقلا، مادە، فعلا، مشار الیه – عقلن، مادەتن، فیعلن، مشارون ایلەیە.)

٢- لە کوردیدا شەددە نییە لە باتی شەددە لازمە ئەو حەرفە یا سووک بکرێ. وە یا یەک جار بخوێنرێ و بنووسرێ وەکو:

حقانیت – حەقانییەت

الوهیت – ئەلوهییەت

صدیق – سەدیق

اول – هەوەل

رزاق – ڕەزاق

٣- لە کوردیدا هەمزە نییە لە باتی هەمزە لازمە لەسەر قسە (ی) بخرێتە سەر وەکو

دیاری کوردستان – دیاریی کوردستان

عائشە – عایشە

جبرائیل – جبراییل

میکائیل – میکاییل

٤- لە کوردیدا (ی) و (ە) تأنیث نییە. لە جێگای ئەمانە (ی) بگۆڕینەوە بە(آ) و (ە) خڕ بگۆڕینەوە بە(ە) وەکو:

معنی، مەعنا

دعوی، دەعوا

مولی، مەولا





مدرسە، مەدرەسە

٥- لە زمانی عەرەبیدا بەعزێ قسە هەیە شکڵی لە هەموو جێگایەکا یەکە وەلێ مەعناکانی جوێ جوێیە وەکو:

ملک، ملک، ملک

اعمال، اعمال

جماد، جماد

مدعی، مدعی

اولی، اولی، اولی

عالم، عالم

فەقێیەکی کورد، منداڵێکی کورد، حەتا پیاوێکی زۆر خوێندەوار ئەم قسانە بێ سەروبۆر ناتوانێ سەرانسەر بیخوێنێتەوانێ نەک کورد حەتا عەرەبیش گەلێکیان ئەم تەرحە قسانە ڕاستە و ڕاست ناتوانن چاکی بیخوێننەوە. کەوابوو لازمە ئەم تەرحە قسانە ئەگەر لە نووسینا لە قسە کردنا موحتاجین ئەبێ بیخەینە سەر قاعیدەی کوردی سووکی کەین هەتاکو ڕاست و پوختی بیخوێنینەوە. وەکو: حەزرەتی مەلیکی عێراق، مولکی ڕۆم، مەلیک جوبرایل، لەیلای خۆم، مودەعی خۆم، مەولای دەعوای خۆم... هتد.

٦- لە حەرفەکانمان نوقتەکانیان کەم بکەین چەند کەم ببێ ئەوەندە باشە. ئەگەر نوقتەکان زۆر بێ سەقەتە، باش نییە چونکە هەم کاری چاپکاران هەم ئینسان تووشی سەغڵەتی و زەلەی ئەکا، بێجگە لەوە گەلێ کەس ئەم نوقتانە یا گەورە یا بچووکی ئەنووسێ یا هیچ نانووسێ لە بیری ئەچێتەوە یا نوقتەکانی لە پەلە پەلیدا لەسەر جێگای خۆی ڕێکوپێک پێ نانووسرێتەوە. ئەو حەلە کێشمەکێشێک حاسڵ دەبێ، چی لەو کەسە ئەینووسێتەوە چی لەو کەسە ئەیخوێنێتەوە وەکو لە باتی بنووسێ (دەریای خزر، دەریای خرر) (نادە، بادەم) (بگۆڕێتەوە، بگۆزێتەوە)... هتد.

لەبەر ئەوە کە زەللە نەکرێ ئیشارات و نوقتە چەند کەم بێ ئەوەندە باش ئەبێ، بۆ زۆر کردن یا دۆزینەوەی حروفاتی کوردی لازم نییە ئیشارات و نوقتە زیاد بکرێ وە یا بۆ حەرف دۆزینەوەی تازە نوقتە و ئیشارات بخرێتە سەر حەرفەکانی عەرەبی چونکە ئەو کاتە (ئەلف و بێ)کەمان نوقتە و ئیشاراتی زۆر ئەبێ و تێک ئەچێ و گران ئەبێ ئیحتیاجاتی حەرفەکان نەک بەئیشارەت و نوقتە زیادکردن ڕێک بخرێ لازمە ئەم

ئیحتیاجانە بەحروفاتی جوێ جوێ (مستقلە – سەربەخۆ) پەیداکردن جێبەجێ و بەشکڵێکی تایبەتی دۆزینەوە دروست بکرێ.

٧- حەرفەکانی عەرەبی چی لە گەورە و بچووکی چی لە ئەشکالی حەرفیشا لە مابەینیانا عدم مساواتێک – نارێکی و چەوتیەکی و زۆریشیان هەیە. یانی لە مابەینی نووسینی حەرفەکاندا هەندێکیان زۆر بچووک، گەلێکیان زۆر گەورە و ناقولایە وەکو: (د، ء، ع، ق، م، ج، چچ، ض، ک، ک) لازمە شکڵی حەرفەکان بەتەرحێک بدۆزرێت و رێک بخرێت کە سنعات زوویی (سرعت) جوانیتی و راستی تێدا بێ چی بەچاپ چی بەدەست نووسین بێ جوان و رێک سووک راست بنووسرێ و ببینرێ.

٨- لە نووسینا حەرفەکانی عەرەبی شکڵێکی عەجیب و غەریبیشی هەیە وەکو شمشاڵ، چەمچەماڵ، تصحیح، جمجمە).

جارە جارە بەحەرفی عەرەبی نووسینی وا شکڵێکی عاجباتی غرابیاتی لێ دێتە مەیدان وەکو ئەو قسانە کە لە سەرەوە نووسراون. ئەم شکڵە عادەتەن لە خانوویەک ئەکا کە بەبوومەلەرزە یا بەبۆمبا رووخاو و وێران بوو بێ لەوانە کە نووسراون شکڵێکی وا ناشیرین، ناقۆڵا، نارێکی لێ دێتە مەیدان بەم تەرحە مشکلانە نووسین و خوێندن ئینسان تووشی سەغڵەتی ئەکا. لازمە ئەم تەرحە قسانە شکڵێکی راست و رێک و جوانی بۆ دابمەزرێ.

٩- سەروبۆر، ژێر و زەنە یانی ئوسوڵی حەرەکە بۆ خوێندن و نووسینی قاعیدەی صرف و نحو خوێندنی خۆیان گەلێک سەغڵەتیان هەیە گەلێک شکات لە خوێندنەوە و نووسینیان ئەکەن وە گەلێک گلەیی لە پیاوە حوکەماکانی قەدیمی خۆیان ئەکەن. ئینجا ساحێب ماڵ لە دەستی ماڵی خۆی هاوار و فریادی بێ، ئێمەی فەقیری تازە خوێندەوار لازمە چی بکەین؟ چی بڵێین؟

١٠- هەندێک حەرف هەیە لە زمانی کوردی هەیە لە زمانی فارسی و عەرەبی نییە لە زمانی کوردی بەرامبەر ئەم حەرفە سووکانە دەنگ و حەرف هەیە وەکو (ت، د، ژ، ز، س، ک، گ، ه، ی) وەکو لە عەرەبیدا هەیە بەرامبەر ئەم حەرفانە لە کوردیدا حەرفی گران نییە وەکو لە ژێرەوە نووسراوە (ط، ث، ض، ظ، ق، ع) ئەگەر بێت و بەرامبەر ئەم حەرفە سووکانە کە لە سەرەوە نووسراون حەرفێک شکڵێکی تایبەتی بدۆزێتەوە تۆزێک لەوانە قورستر بخوێنرێتەوە ئیحتیاجی ئەم حەرفە قورسانەمان وەکو (ط، ض، ص،... هتد) پێ ئیحتیاج نامێنێ.





١١- لە رووی ئەو سەببانەی لە سەرەوە هەتا ژێر، عەرزی گەورە و خوێندەواران کراوە هەر شکڵێک و حەرفێکی عەرەبی موعەما و مەتەڵێکە. ئنجا بۆ مەتەڵ دۆزینەوەی منداڵ چەن مەغزی ئەسوێ و چەن وەختی ون و زەینی ماندوو دەبێ لێکی بدەنەوە. هەرچەندە مەتەڵ و موعەما باشە بەڵام بەکاری منداڵێکی تازە خوێندەوار نایە پێچەوانە زەینیان کوێر وە شەوقیان ئەکوژێتەوە. لەبەر ئەوەیە منداڵەکان هەوەڵ رۆژ لە خوێندن و نووسینا یاخی ئەبن سارد ئەبنەوە وە بەکوتەکیش ناچنە حوجرە و مەکتەب، بەجارێک خۆیان وێران و پەرێشان ئەکەن لەبەر ئەوە لازمە لە شکڵ و حروفاتدا نووسین و خوێندندا سووکی خۆشی و زوویی بدۆزینەوە کە ئەمە بوو وەختمان، ئەرکمان بەخۆڕایی ناچێ و زۆر بەزوویی ئەگەینە مەرامی خۆمان. لە نووسینا (Steno graphy) ستەنوگرافی یانی زوو نووسین نەک بۆ ئێمە بۆ هەموو میللەتێک شەرتی گەورەیە لە عالەمی تیجارەت لە موعامەلاتی حکومەت لە سنعاتی چاپدا ستەنوگرافی زۆر کارێکی موهیمە. هەرچی زوو بنووسێ کاری زوو جێبەجێ ئەبێ و سەرئەکەوێ. بۆ ئەمە چی بەدەس چی بەچاپ بنووسرێ لازمە بەم نەوعە حەرف و شکڵێک بدۆزینەوە موافیق و موتابیقی ستەنوگرافی بێت یانی زوو سووک نووسین بێت. لەبەر ئەوە لازمە تەرحە شکڵ و حەرفێک بۆ زمانی کوردی رێک بخرێ و بدۆزرێتەوە منداڵێک یا پیرەمێردێک هاوزبان بێ، ئەبێ، زوو بەزوو بەسووکی و خۆشی بتوانێ فێری خوێندن و نووسین بێ. بۆ ئەمەش حەرفەکانی عەرەبی و قاعیدەی سەرف و نەحوی عەرەبی راستە و راست بۆ زمانی کوردی رێک ناکەوێ و دەست نادا. وەکو وتمان بەدەستووری عەرەبی نووسین و خوێندن بۆ ئێمە موعەمایە هەم موعەمایەکی زۆر گەورەیە، هەر شکڵێک، هەر حەرفێک مەتەڵێکە وەختێکی زۆر مامۆستایەکی باش وە بەحەوسەڵە منداڵێکی بەمەغزی ئەوێ، ئنجا ئەم وەختە زۆرە ئەم منداڵە و مامۆستا باشە لە هەموو جێگایەک چۆن دەست ئەکەوێ؟ لەبەر ئەمە هیچ نەبێ حەرفەکانی عەرەبی بناغەی سەرف و نەحوی عەرەبی بخرێتە سەر قاڵبێکی عەقڵی وە مەیلی کوردی لەمە بەدەر چارە نییە. ئەی حەمیەت پەروەر و وڵات پەروەران، لەسەر فەرمایشی پێغەمبەرمان سەرورەمان کە فەرموویەتی (علموا وسهلوا) بۆچی کاری خۆمان سووک و باش و خۆش نەکەین، لە سووکیدا زەحمەت نییە رەحمەت هەیە. بۆ ئەوە بەدڵ و گیان لێتان ئەپارێمەوە عادەت و لەهجەی قەواعیدی کورد لەگەڵ ئاهەنگی زبانی کوردی بخوێننەوە، فێرمانی بکەن، سووکی بکەن و بۆمان

جار دەن، ئێمـە لە ڕێی تاریکی بخـەنە سەر ڕێی ڕووناکی و ڕاسـتی و ڕزگـارمـان کەن. ئاخۆ ئەم بانگە خۆشییـە و ڕاستییـەمان چی وەختێک بۆ ئەدەن سستی و بێ موبالاتی بەسی بێ، وەختی ڕاوەستانمان نەماوە، خۆشاردنەوە، خامۆشی بەسی بێ. والسلام علی من اتبع الهدی.

کفری – سالی ١٩٢٥



# نامەیەک بۆ شای ئێران

*مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیس ئەم نامەیەی بەرەورووی شاهنشای ئێران محەمەد ڕەزا پەهلەوی کردووەتەوە دەربارەی حوکمدانی ئەو چوار ڕۆڵە کوردەی کوردستانی ئێران وە دەربارەی باری ئێستای کوردەکان. بەدەستی حەزرەتی سەفیری عالییەی دەوڵەتی عالییەی ئێران – بەغداد – عێراق بۆ پێشگاهی شاهنشاهی دەوڵەت کیشوەری ئێران ٢٥/٨/ ١٩٦٠.*

– ١ –

## شاه محەمەد ڕەزا پەهلەوی

ئەعلا حەزرەت: شاهنشاهی میللەت و ئەقوامی نەجیبی ئێران لە پاش تەعزیمات و عیززەتی مەحەببەت. بەمساعەدەی شاهنشاهیتان ئەم هاوارنامەیەم تەقدیمی پێشگاهتان ئەکەم:

لە کوردستانی عێراقدا پیر و جوان و ژن و منالٚ و دەوڵەمەند و هەژار و لادێیی و جووتیار و هەژار و زەمیندار و خوێندەواران و شاگردانی دانشگاهانی کوردانی ئەوروپا. هەموو بەرامبەر ئەم چوار جوانەمەرگە کوردە کە (غەنی بلوریان، ڕەحمەت شەریعەتی، ئیسماعیل قاسملو، عەزیز یوسفی) کە لە نیشتمانپەروەرانی کوردستانی ئێرانن بۆ بەردان و ئازادکردن و نەمردنیان کەس نەماوە کە لە پێشگاهی بەندەتان هاوار و دادی نەکردبێت.

بەندەش کە کوردێکی سادە و بەسیتم بەچاکم زانی موقتەرەحاتم بەتایبەتی ئەفکاری عامەیی کوردستان زۆر بەکورتی عەرز و تەقدیمی مەقامی بەرزتان بکەم چونکە بۆ مەسڵەحەتی شاهنشاهی و بۆ خزمەتی میللەتی نەجیبی ئێران بەواجبم زانی هەرچەندە کوردێکی عێراقیش بم.

١– ئاخۆ... لەبەرچی ئەم چوار جوانە کوردە. وە لەبەر کار و فەرمانی کێیە؟ تاوانبار بوون؟ وە بەکوشتن و مردن حوکم کراون؟

بەڵێ گوناهیان ئەوە بووە کە بۆ ئێران بێ تەفریقی دین و مەزهەب و

بۆ برایەتی و یەکێتی هەموو ئێرانیان بۆ ئازادی و بڵندی و پێشکەوتن و ئارام و ئاسایش و لە کۆنەپەرستی ڕزگاربوونیان ویستووە وە لە ڕووی شەرەف و ئیستیقلالی ئێران هاواریان کردووە... بۆیە مەحکوم و بەمردن حوکم دراون بەڵێ ئەمانە و کوردەکانی ئێران گشتیان بۆ هاوار و داد نەکەن. لەبەر چی؟ بۆ حوکم و ئیدارەی حاضر ڕەزامەندی نیشان بدەن. بەڵێ کوردستانێکی وێران بێ دەبستان و بێ خەستەخانە و بێ کار و بێ کارخانە و بێ ڕێوشوێن... نەخۆش و برسی وەک مردوویەکی زیندوو ژیانێکی تاڵ و دیل... سەرگەردان و پەرێشان وێران و ناخۆش و نالەباری... بەبێ ئارام و ئاسایش لەناو شەڕ و تاریکی نەزانیندا نقوم بوون. کوردی ئێران بەرامبەر ژیان و ژینێکی تاڵ و ژەهراوی بێ سەروبەر بەرامبەر (ئەنارشیزم) چون ڕەزامەندێک بێت؟ چۆن ملکەچ و بێدەنگ ئەبێ؟ لای هەموو کەس ئاشکرایە بەرامبەر ژیانێکی دیل و بێ ئارامی، مردن گەلێ خۆشترە لەبەر ئەمانە هەڵبەت کوردستانی ئێران هاوار ئەکەن بەرامبەر تاریکی و دیلی وە لە ژیان و حقوقی بێ ئینسانی قەت ڕەزا نابن و ملکەچ ناکەن.

٢- بەڵێ ئەمڕۆ ئێران لە وەزعی حازردا بێ گیان و بێ ژیان و لە مەدەنییەت دواکەوتووە، ئاشکرایە عالەم گێتی، هەموو ئادەمیزاد لە پێشکەوتن و لە حەرەکەت و قیام دایە و بۆ ژیانێکی ئازاد و سەربەست و سەرفراز لە جونبش و هەوڵ و تەقەلادایە.

٣- هەڵبەت کوردیش لەم حەرەکەت و هەیەجان و ئینیقلابە عوومومیە و لەم جونبش و پێشکەوتنی مەدەنییەت و ئینسانییەتە قەت بێ حەرەکەت و بێ هەست نابێ، لە توانایی هیچ کەسێکدا نییە کورد لە تەرەقی و مەدەنییەت و ئازادی و بڵندی و لە دنیای ئینسانییەت بێ بەش بکات، ئەمڕۆ نەبێت سبحەینێ هەر لە نیعمەت و ئینسانییەت و دیموکراتییەت بەشدار ئەبێت وە بەئامانجی خۆی هەر ئەگات، وە لە ژێر ئەم ئاسمانە شینە و خۆری ڕووناکییەدا جێگای شەرەف و بڵندی و مەقامی ئینسانی خۆی هەر وەرئەگرێ وە هەروەها خاوەنی کەشف و ئیجادات و ئیختیراعات ئەبێت ئەنجامی کار بەم ڕەنگە بۆ عالەمی





ئینسانییەت و مەدەنییەت ئەبێتە خزمەتکارێکی نافع و ئەندامێکی زیندوو و بەکەڵک. ئینجا لەبەر ئەوە قەومی کورد لە ئێراندا بێ حقوق و بێ ئازادکردن و ئیعتراف بەمان و نەتەوایەتی کورد نەکردن ناڕەوایە.

٤- مەعلوومە ئەمڕۆ قەرنی بیستەم نیوەی ڕۆیشتووە لەگەڵ خۆی گەلێ ئیدۆلۆژی و گەلێ مەرام و مەبەستی کۆن کردووە ئالاتی ماکینەکان و وەسائط و نیظام و قەوانینی ژەنگی هەڵهێناوە هەروەک چۆن قەرنی (بخار) بۆ قەرنی (کهرباء) دەست نادات - دەوری ئەلەکتریکیش موژدە بێت لای هەموو کەس ئەقوامی سۆڤیاتی ئیتحادی ڕووسیا بەفەن و تەکنیکی تازە دیوی تاریکی مانگیشی دۆزییەوە ئەو ڕووە تاریکەی بۆ عالەمی ئینسانییەت دەرخست لەبەر ئەوە دەوری ئەتۆمیزم هەموو ئاهەنگ و نقام و قانوونی عالەمی قەرنی بیستەم بەجارێک ئەگۆڕێت ئیقتصادیات و سیاسات و کولتوور و زانست و هونەر و ڕوحانیات وەکو خۆی وەکو ئەمڕۆ هیچ نامێنێ ئەمڕۆ تا سبەینێ نقام و قانوون و حکومەت و ئیدارەیی بەشەر بەجارێک ئەگۆڕڕێت لەبەر ئەوە لە ئێستاوە ئەبێت خۆمان ساز و ڕێک و ئامادە بکەین ئەگەر پێشڕەوی نەکەین و بەنقام و قانوونی ئەتۆمیزم خۆمان ئامادە نەکەین وا لە ژێر ماکینەکانی ئیجاداتی تازە و نوێ هیچ بەرگە ناگرین و ئەشێلڕێین و ئەهاڕڕێین و بەجارێک نابووت ئەبین.

٥- ئنجا لەبەر ئەوە پێویستە نیظام و ئیدارەی دەوڵەت و میللەتی ئێران بەپێی وەزع و حاڵ و حادثات و وەقائعی تازە و نوێی نەک بۆ ئەمڕۆ بەڵکو بۆ ئیستقبالێکی دوور بگۆڕێت و وە میللەتی نەجیبی ئێران چی پێویستە پێی بەخش بکرێت وە ئیللا سەڵتەنەت و نیظامی شاهنشاهی (عەفووم بفەرموون) بەجارێک مەحوو ئەبێت. وە میللەتی ئێرانیش بەهەموو ئەنواعییەوە دوچاری بەدبەختی و سەرگەردانی ئەبێت کە ئەم تراژیدیە... فاجعەیە خیلافی وجدانی شاهنشاهیتانە وە هیچ گومانی تیا نییە حاڵی وەتەنپەروەرانی ئێران ئەم پەرێشانییە و نابووتییە قەت قبووڵ و پەسەند بکات.

٦- ئەگەر زمامدارانی ئێران لە دەوری دووردا هونەر وەستا بوو، ئەم ڕۆژی ئەمرۆی لێک بدایەوە ئەم فەلاکەت و پەرێشانییەی تووش نەدەهات وە ژێرکەوتە و دیلی ئیمپریالیزم نەئەبوو ئینجا لەبەر ئەوە بۆ حکومەت و زمامدارانی ئێران دووربینی پێویستە و بۆ حکومەتی دەوڵەتی عیلمیەی ئێران پێویستە نەفرەت لە حقوقی ئەقوام نەکات وە دان بەحقوقی ئینسانییەت بنێت و میللەتی نەجیبی ئێران لە عالەمی دیموکراسی و ئینسانییەت دوور نەخاتەوە. حورریەت و ئازادی و عەدالەت و مساواتی ئیقتصادی و ئیجتماعی و زانستی بۆ هەموو ئەقوامی ئێرانی ئیعلان و پەخش بکرێت. فارس - ئازەربایجان - عەرەب - کورد - لە ژێر سەڵتەنەتی شاهیدا ئیعتراف بەحقوقیان بکرێت... کوشتن و بڕین و زیندانی کردنیان واز لێ بهێنرێن... وە ئیعتراف بەحقوقی ئینسانییەت بکرێت... ئینجا بەم ڕەنگە سەڵتەنەتی شاهی مەحفوض ئەبێت وە میللەتی ئێران لە خائنان و لە منتەفیع و خۆپەرستان ڕزگار ئەبێت.

٧- زۆر شایانی عیبرەتە ئەمڕۆ لە ناو ریجال و دەوڵەتی ئێرانی گەلێ ریجالی صاحیب غیرەت و وەتەنپەروەرانی هەیە لوتف لەوانە بگرێت وە مەیدان بەخائینان و مەنفەعەت پەرستان نەدرێت... بەندەی بچووکتان نەک بۆ ئەم چوار کوردە نازدارە بەڵام بۆ هەموو ئازادیخواهانی ئێران بۆ هەموو زیندانییانی سیاسییانی ئێران بەلا تەفریقی دین و مەذهەب و جنس و طەلەب نیازی عەفوی عام ئیعلانکردنی ئیسترحام ئەکەم، ئەگەر عەفوی عام ئیعلان نەکرێت ئەنجامی کار زۆر خراپ وەقائع و حادثاتی خوێنین ڕوو ئەدات و تەخت و سەڵتەنەتی شاهی و میللەتی نەجیبی ئێران مەصروفی فەلاکەت و بەدبەختی ئەبێت لەبەر ئەوە لوطف بەدووربینیتەوە بەرامبەر سیاسەتی حکومەتی حاضرە بۆ تەعدیل و تەصلیح ئیعادە نەظەر فەرمان بفەرموون.

٨- زۆر شایانی حیرەتە... لەسەر سنووری کوردستانی عێراق - ئێران - لە زمامداران گەلێ پیاو خراپ بەسەر ئازەربایجان - کورد - عەرەب وەک چەتە بەناوی شاهنشاهییەوە حوکمداری بەسەر ڕەعیەتی





ئێران حوکمی ناڕەوا ئەکەن... کە ئەم حاڵە پەرێشانییە لای شاهنشاهییە ناو مەخفیە ئەم کاربەدەستانە بێ قانوون و نیظامی سەربەخۆ حاکمی موطلەق لەسەر حدوود زۆر زاڵمانە حوکم ئەکەن بەناو شاهنشاهییەوە بەسەر میللەتی کورددا لە ئێران ڕاووڕوت ئەکەن وە خۆیان دەوڵەمەند ئەکەن، حەق بەناحەق و خراپ بەچاک دائەنێن ئیتر خۆیان و وجدانیان بۆ نەفعی کێیە وە جاهی خۆیان چی پێویست بێت پیاو و ریجالی وەتەنپەروەریش ناوێرن بەرامبەر پیلانی ئەمانە خۆیان ڕاگرن وە ئەگەر تۆزێک جیددی و فیداکار بن وا بەخیانەت ئیتیهام ئەکرێن، وە لەبەر ناڕەوایی و بێ عەدالەتی ریجالی ئێران خەریکە گەلێ فتنە و ئاشووب بقەومێن.

ئەم ئیضطراباتە نهایەت کیشوەری ئێران حەیات و ئیستیقبال و ئیستیقلالی ئێرانە بەتایبەتی حەیات و سەڵتەنەتی شەخصیەتی مەقامی شاهیشی خستۆتە تاڵووکە و لەرزەوە و ئەگەر ئەم حاڵەتە دەوام بکات نەسەڵتەنەتی شاهی و نە حەیات و ئیقبالی ئێران ئەمێنێت هەموو بەجارێک تێدا ئەچێت و نابووت ئەبێت. نیهایەت سەرکەوتن هەر بۆ کارتەلەکانی نەوت و ئیمپریالیزم ئەبێت وە شەرقی ئەوسەت هەموو بۆ کاپیتالیستەکان زاڵ ئەبێت، جێگای شک و گومان نییە کە وجدانی پاکی شاهیتان بەرامبەر ئەم ڕووداو و بەدبەختییە قایل و ڕازی نییە و نابێت. زۆر مەصلحەتە ئەم نالەبارییە و وەزعی خراپییە کە لە ئێراندا حوکم فرمایە بەجارێک خولانەوە و سووڕێنی بوەستێنرێت و عەدالەت و مساوات و دیموکراتی بۆ هەموو گەل ئیعلان بکرێت. بەم ڕەنگە ئازادی و شادمانی حەیاتی و بەخت و شەرەف و ئیستیقبال بۆ میللەتی ئێران و ئەقوامی ئیعلان بکرێت وە نەورۆزێکی تازە نەورۆزی دووهەم بۆ ئێرانیان ئیعلان بکرێت.

٩- وە لە نەورۆزی تازەی دووهەمەوە شاه محەمەد ڕەزا شاهیدا... سەرلەنوێ نەک بۆ قەرنی (٢٠) بەڵام بەرەو پیری قەرنی (٢١)ی میلادی ئیرادە و نیظام دەورێکی تازە دیوی بۆ خاکی پاکی ئێران و میللەتی نەجیبی ئێران ئیعلان بکرێت. بەم ڕەنگە خزمەتی ئوممەت و

سەلامی عالەمی ئەکرێت، وە ئەگەر بێت و ئەم ئینقلابە گەورەیە...... ئەم نەورۆزی دووهەمە...... بەهۆی ئەمر و دووربینانەی شاهیتان بانگ بکرێت. بەم ئینقلابە ناوی گەورەتان چ ئەمرۆ چ سبەینێ و چ لە ئیستیقبالێکی دوور ناوی شاهنشاهیتان تا ئەبەد لە تاریخدا بەمیدادێکی زێڕین هەروەک نەوشیروانی عادل بۆ ئێرانییان وە گێتی بەرینە بەعەدالەت دانان پەرستی ناوتان تەزکار ئەکرێت وە تا ڕۆژی قیامەت ناوتان ون نابێت کە ئەوەش لە شاهنشاهیتان دوور نییە.

١٠- ئەعلا حەزرەت: مەعلوومە ئیعتراف بەحقوقی ئەقوام و ئینسان کردن هەروەک ئیعتراف بەحقوق و ئیستیقلالی ئێران کردن وەهایە، نەفرەت لە عالەمی ئینسانییەت وە ئینکاری دیموکراسی عالەمی وە پێ لێ نەنان لە حقوق و مافەکانی ئینسانی موجبی فەلاکەت خەسارەتە هەروەک وەکوعەرضی مەقامی شاهیتان کرا کۆنەپەرستی موجبی پەرێشانییە ئێران نابێت لە ناو ئیدۆلۆژییەتی کۆن و تەسک و تاریکدا زیندانی بکرێت وە هەرگیز نابێت بەبیروباوەڕی پڕوپووچ خۆی ئالوودە و وێران بکات چونکە میللەتی ئێران بەئەوهام و خەیالاتی تر بەند و بەست و قانع نابێت.

١١- ئەعلا حەزرەت، ببەخشن هەروەکو لە سەرەوە عەرضی مەقامی شاهنشاهی کرا. کوردستان بێ خەستەخانە و بێ دبستان و بێ دانشگا و بێ کار و بێ فابریقە لە ناو سەرگەردانی ناتوانێ ئیتر بژیت. نەزانین وە لە هەموو مافێکی ئینسانی کوردستانی ئێران بێ بەش بوونی نەک لە ناو کوردستاندا بەڵکو لە ناو گشت دنیای عالەمی دیموکراسیدا بڵاوبوونەوە و دەنگی داوەتەوە و دەرگای ژیان و ژین و کات و دەرگای دیموکراسی لە کوردان داخستن ئیتر باوی نەماوە. بەکوشتن، بدرێن، کوردان لە مافی تەبیعی لە حقوقی ئینسانی خۆی دەست هەڵناگرێت.

١٢- ئیستقبال بۆ هەموان مەجهول و شاراوەیە، حسابی ئەمڕۆ بۆ سبەینێ ڕاست دەرناچێت. مەنافع و مەصالحی شەخصی و طەبەقی حوکم و نفوذی نەماوە. ئیصرار لەسەر ئەحوال و نیظامی کۆنەکردن بەم ڕەنگە عەفووم بفەرموون ئیدامەی سەڵتەنەت و حکومەت ڕاگرتن





مەرجی خسران و نابوودییە. کە مەقامی شاهنشاهیتان دژی ئەم حاڵەتەیە کە غەیر طەبیعییە و باوەڕمان زۆرە کە گەلێ مەظالم هەرچەندە بەناوی شاهەوە ئەکرێن تۆ لەم مەظالمە ئەکسەریان بێ خەبەریت. ئەحوال و هاوشانی خوێنین لە تۆ ئەشارنەوە، بەڵام عاقیبەتی کار و مەسئوولییەتی ماددی و مەعنەوی هەر لەسەر شان و ئەستۆی تۆیە... کوردستان تالان، زیندانکردنی، ئیعدام و نابوودی و حیرمان و مەحروومییەت هەموویان بەناوی تۆی شاهنشاهییەوە ئەکرێن... چونکە شەخصێکی سادە و بەسیطم و کوردێکم سادەم تۆ خەبەرداركردن و هۆشیار کردنەوە بەواجبێکی ئینسانی ئەزانم ببەخشن چونکە شەرەف و حەیات و ئیقبال و سەعادەتی ئێران هەموویان لەسەر شانی تۆیە لەسەر ئۆباڵی تۆ وەستاوە.

١٣- ئیسترحام ئەکەم لەم ڕووەوە عاقیبەتی سەڵتەنەتگاهی شاهیتان چۆن عثمانیان بوو و چۆن وەرگەڕان و ڕۆژی خوێنینی ڕەشیان چۆن تووش هات و بەجارێک بەماڵ و خێزانی سەڵتەنییەتەوە ئینقراض و نابوود بوون لەبەر چی؟ لەبەر زوڵم و زۆرداری ئیعتراف نەکردن بەحقوقی ئەقوام کە لە ژێر دەستیاندا ئەژیان چۆن ڕووخان و ڕمان و ئەنجامی کار (سلطان عبدالحمید) حەپس کرا و بەسەفالەت مرد عائلە و خانەدانی عثمانییان کچ و کوڕیان چۆن زەلیل و پەرێشان بوون چۆن عاقیبەتی ڕەشی خۆیان و ژیانی تاڵی مردنی خۆیان بەچاویان دی... ئەم فاجیعەیە تراژیدییانە ئەهێنمە بیر و مەقامتان ئەی ئەعلا حەزرەت.

دیسان هەر لەم ڕۆژانەدا لە ساڵی ١٩٥٨دا چون سەڵتەنەتی هاشمی و لە لایەن کاک عەبدولکەریم قاسمی قارەمانی - پێشەوای عێراقی کورد و عەرەب، ئەیهێنمەوە یاد و خەیاڵی شاهیتان لوتفەن (ببەخشن) چونکە حەیات و مەصلەحەت و ئیقبال و ئیستیقبالی میلۆنەها ئێرانیان لێرەدا مەوضوعی بەحثەکە لەم میثالە خوێنینە ئازادم بفەرموون.

١٤- لە بارەگاهی شاهنشاهیتان ئەپاڕێمەوە هەیئەتێکی مەخصوص بنێرن بفەرموون تاکو بەچاوی خۆیان ئەحوالی ئیجتماعی و

ئیقتصادی کوردستان لە عێراقدا ببینن و بزانن کە کوردی عێراقی چی حەیات و دەزگایەکیان بۆ دامەزراوە وە تا بەچاوی خۆیان مافەکانی کوردی عێراق ببینن کوردی ئێران هیچ نەبێت بەمافی کوردی عێراق بگات هەروەکو چۆن لە دەستوری عێراقدا لە مادەدی سێهەم دان و ئیعتراف بەحقوقی کورد بکات کە چۆن کوردی عێراق خاوەن دبستان و خەستەخانە و شەمەندەفەر وە لەم نزیکانەدا گەلێ فابریقەش بۆ کوردەکان دائەنرێن و میلۆنەها کوردی عێراق خاوەنی کار و نان ئەبێت.

١٥- دەوڵەتی ئێرانیش هەروەکو جمهوریەتی عێراق بەرامبەر کورد ئەبێ خاوەن لوطف و مەرحەمەت بێت... مەعلومی حەضرەتی شاهنشاهییە ئەمڕۆ ئێران موعەرەزی گەلێ موشکیلاتە وە لەناو دەریای نارەزایی و ئیضطرابدا ئەژیت و ئەبێت ئەم تەنگوچەڵەمانە بەئەمر و حیکمەتی شاهنشاهی حەل و فەصل بکرێن و مەطالیبی وەتەنپەروەرانی ئێران پەسەند و قبوڵ بکرێن و ئازادی و حەیات بۆ هەموو ئەقوامی ئێران بێ تەفریق پەخش بکرێت وە بۆ بەندکراوانی سیاسی عەفوی عام ئیعلان بکرێت، ئوصول و قانون و نیظامی ئیدارەی ئێران سەراسەر بەحوکمی دیموکراسی حەل و فەصل تەنظیم بکرێت تا بەم ڕەنگە ئەمن و ئاسایش و کەرامەتی ئێرانیان مەحفوظ و مەصون بن، بەم سەڵتەنەتی شاهی و حەیات و تاج و بەختی شاهی ئاگادار بکرێن ئیتر چاوەڕوانی مەرحەمەت و عەدالەتی شاهنشاهیم نەک بۆ قەومی کورد بۆ هەموو ئێرانیان و ژیانێکی دیموکراتی بۆ هەموو ئەقوامی ئێرانیان داوا ئەکەم بەم وێنەیە گەلێ تەعظیمات و مەحەبەتم قبول بفەرموون.

قائیمقامی سابق - ئیسماعیل حەقی شاوەیس

چوارباغ - سلێمانی - عێراق





## نامەیەک... بۆ ڕۆشنبیر و ئەدیبە لاوەکانمان

ئەی ئەدیبانی ئازیز...!

ئێمە پیرین، مێشک و دڵ و هێزمان، وەک هی ئێوەی گەنج توانای نییە. داخەکەم ئێمە دەمی ڕابوردوومان ژیان و ژینمان، زۆر بەناخۆشی و دڵ ئازاری و ناتۆرییەوە ڕۆیشت و تێپەڕی کرد. ئەو ئەدەب و ڕەوشت و ڕەفتارە ئێمە دیومانە خوێندوومانە، مۆدەی پووچ بووە گەوهەر و هێزی کۆنیان ئیتر باوی نەماوە، داخەکەم ڕەوشت و ڕەفتاری چەند چەرخ لەمەوبەر هیچ کەڵک و نرخێکی بۆ مرۆ، خێرێکی بۆ ئینسان نەماوە، ئەمڕۆ پێویستە، مرۆیانە مێرانە بۆ پێشەوە، بڕۆین، بەرەو پیری تەکنۆلۆژی، سایەنس و زانیاری، ئەدەبێکی ئینسانی بڕۆین... بەئازادی، بەسەرفرازی بەخێرهاتنی چەرخی بیست و یەک بکەین... بەرەوپیری سایەنس و زانستی بڕۆین، چونکە ئێمە لەناو قەرنی ئەلەکترۆن - ئاتۆمدا ئەژین، نابێ خۆمان دواخەین دەست و چاومان، زمانمان ببەستین، گوێمان لە پیشەسازی زانیاری، عیلمیەت واقیعیەتی قەرنی بیست و یەک خەین، چاومان بقووچێنین، گوێمان کەڕ کەین. تەکنۆلۆژیی ئەمڕۆ، لە زانست و زانیاری پیشەسازی دەمی خەڕەک و تەشی و دیزە و هیزە و سۆنەی کۆن، هیزرە و کەندوو، گلێنە و لەنگەری، گۆزە و کووپە، لوولینە، بەتاییەتی دەزگا، مەکۆ پێ چاڵ لوولەی جۆلاکان، دەسک و دیبەکی دەستاڕی دەمی کۆن ناچێت،... داخەکەم ئەم دەسکردانەی باب و باپیرانمان ئەمڕۆ هیچ خێرێک و کەڵکێک و بایەخێکی نییە. بازاڕی ئەمانە نەماوە. داخەکەم، ئەکۆنۆمیی، کۆمەڵایەتی سیاسەت و ڕەوشت و ڕەفتارمان، سایکۆلۆژیمان، ژیان و ژینمان، بیروباوەڕمان، هەمووی لەم دەزگا و حاجەتانە پێک هاتووە، ئەمڕۆ ئەمانە هیچ بەکەڵکی کورد نایەت. ئەمڕۆ، دەوری ئەلەکترۆن و ئاتۆمە... ئەبێ ئایدیۆلۆژیمان، ئەدەبی کورد لەگەڵ عالەمی جیهاندا، بەپێی سایەنس و ئەلەکترۆن بێت. ماتریالیزمییانە بێت تاکو بتوانین خۆمان بژێنین، گەلمانی پێ ڕاوەستاو کەین، بەم ڕەنگە کورد، لەگەڵ عالەمدا ساز و ڕێکوپێک پێش خەین، خۆمان لە دیلی ڕزگار کەین.

ئەی ڕۆشنبیرانی کورد...!

بەپەرۆشەوە لێتان، ئەپاڕێمەوە، لە ڕووخان و نەمانی ئیمپراتۆر، مەزنی ڕۆما، بیزانس، ئیمپراتۆری پارس، ماد، ئیمپراتۆری ئاشوری، ئارامییان، خەلافەت و سەڵتەنەتی عەرەب، عوسمانییان، دەرس و پەندێکی ئینسانی وەرگرین. ئاخۆ ئەمانە بۆچ ڕووخان، نەمان، لەبەر چی ئادەمیزادیان، خۆیان، کۆمەڵیان، تەخت و تاجیان خستە ناو کاولگە و گۆمی گەردەلوولی خوو و ناو و نابوودی؟ لەبەر چی خۆیان، گەلیان ئادەمیزادیان ئازاد و ڕزگار نەکرد؟ ئەبێ هۆی ئەمانە ئەم ڕمان و نەمانە زۆر بەوردی لێک بدەنەوە، ئێمە، کورد زۆر چاک بزانین لە کاروانی مرۆڤایەتی شارستانی، تەکنۆلۆژی، زانستیدا زۆر دواکەوتووین. هیچ لە هۆشیاری شۆڕشەکان قەڕنی هەژدە و نۆزدە، بەتایبەتی لە ڕووداوەکانی جەنگی خوێنینی جیهانی یەک و دوو، تێبینییەکی وردمان نەکردووە، لێی تێنەگەیشتووین، بەتایبەتی لە خەبات و ڕاپەڕینەکانی گەلی ڕووسیا، ئەدەبی تۆڵەستۆی مەزنی ئینسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنی ئینسانی واتە و پەند و هۆشیارییەکی مرۆیی ئەوتۆمان وەرنەگرتووە، بۆ ژیانی دوارۆژی کورد هیچ کەڵکێکمان وەرنەگرتووە، داخەکەم عالەمی کورد گەرەکە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنی جیهانی، لەم فەلسەفەی ئینسانییە ئەدەبێکی ڕاست و ڕەوان، واقعییان لێ وەرگرێت، زۆر بەدووربینی لێی وردبێتەوە، تاکو خۆی لە ئەفسانە و ئەفسوون، سیحرەکانی دەمی ڕابوردووی کۆن و دوور، خۆی لە پڕوپووچ و ئەوهام و خەیاڵات ڕزگار کات، کوردی پێ ئازاد و سەرفراز کات، لەگەڵ ئەمەش لە زانست و ئەدەبی پێشکەوتووانی عالەمی عەرەبی ئەمڕۆ، فارس، هیندستان،، زانست و پیشەسازییەکانی ئەوروپا ئەنگلو – ئەمریکی ڕیالیستان لە تەکنولۆژی، ئەدەبیاتی ئایدۆلۆژییان، ژیانی ڕاستی – واقیعییان... وانە و وێنەیان لێ وەرگرین. بەم ڕەنگە ئەدەب و زمانی کوردیی پێ جوان و شیرین، دەوڵەمەند کەین... ژیان و ژینی کورد لە پڕوپووچ، ئەفسوون و ئەفسانەکانی کۆن و تازەی جیهانی بۆرژوازی کۆنەپەرستانی دوور و نزیک، عالەمی کوردی پێ ئازاد و ڕزگار





کەین، بەم ڕەنگە ئەدەب و زوبانێکی پێ تازە زیندووی کوردی گەنج و توانا، نەوەی دوارۆژمان پێ ئارایش و ڕۆشن و هۆشیار کەین... بەگیانێکی شۆڕشگێڕانەی ماتریالیزمی واقیعی لەگەڵ عالەمی بەشەر، ئینسانیدا بەهاوکاری، هاوژیان پێکەوە بژین... بێ جیاوازیی دین و ڕەسەن نابێت، هاودەم و یەک ئاهەنگ بڕۆین بۆ عالەمی دەرخەین بەپێی مافی ژیانی ئینسانی حەقی ژیان و پێشکەوتنمان هەیە، کوردیش وەک ئەوان مرۆیە، ئینسانە توانای هونەری ژیانی هەیە، بەشداری شادی، لە ئازاری ئینسانیش تێ ئەگەین... بایی و نرخی مرۆ ئەزانین وەک عالەم ئادەم پەرستین، ئارام و ئاشتیخواز شەیدای شارستانی، ئاوەدانی پەرستین.

بەڕێزینە...!

هیوام ئەوەیە ئەدەبی بەرزی ئەحمەدی خانیی مەزن خاوەنی مەم و زینی نەمر، حاجی قادری کۆیی، جەلی زادە خەتیب محەمەدی گەورەی خوالێخۆشبوو... لەگەڵ شێخ نووری سالح، یونس ڕەئووفی دڵداری گیان بەرز، جگەرخوێن، قەدری جان، جەلادەت بەدرخان خێزانی ڕەوشەن بەدرخان، نووسەران، ئەدیبانی کورد... جگە لەم ئەدیبانەش نەمر مەولانای مەزنمان، هەمیشە، لەبەرچاو بێت... بەخۆشی و شانازییەکەوە یادیان کەینەوە...

بەتایبەتی مەدرەسەی ئینسانی ئەدەبی گۆران، بێکەس ناودارانی دڵسۆزان بژێننەوە، بەرەو شوێنی بیروباوەڕی ئەم بەڕێزانە بڕۆین... خۆمان، ئەبێ کوردمان، گەنج و زیندوو بەهێز و تواناکەین... لەناو ئەم ئەدیبانەشدا خوالێخۆشبوو بێخودی مەحموودی موفتی، شاعیری خۆشەویست و قەشەنگ... کاک زێوەری خەم ڕەوێن و دڵسۆز... پیرەمێرد... شێخ ڕەزای دلێری تاڵەبانی... عەبدولخالق ئەسیری نەمر... قانعی بڵندی بەڕێز، دڵسۆزانی تریشمان لە بیر نەچێت. هەرگیز خۆمان بەکۆنەپەرستی سەیر نەکەین، پێشڕەوی ماتریالیزم بین.

هەڤالانی بەڕێز!

ئەدەبی کورد، کۆن و تازەی زۆر بڵندە... ئینسانی و واقعییە... سروشت و تەبیعەت پەرستە... پێش زانینی ئەدیبی مەزنمان زەردەشتی

بلیمەت و توانا و دانا فەرموویەتی (کرداری باش، ڕەفتاری پەندی باش) جگە لەمانەش فەرموویەتی (ئەمرۆ! خاک و تەبیعەت نەزانی، بێت و خێرێکی لێ وەرنەگری، ناتوانی لە عالەمدا بژیت... بێ کەڵک و بەتاڵ، تەنیا ئەڕۆیت... تەماشای خۆرکە... ئەمە هەر بۆ تۆ نییە، بۆ جیهانە بۆ مرۆ و ئینسانە... پیت و فەڕی، خێر و کەڵکی بۆ گیا، پووش و سەوزایی، ئاژەڵ و مار و مێروو... بۆ هەموو زیندووانە... بەخیل و خۆپەرست مەبە... شتێک بۆ تۆ، بۆ مرۆ، بۆ جیهان، کەڵک و خێری نەبێت باوەڕی پێ مەکە، مەیکە، ڕووی تێ مەکە بێ وردبوونەوە، بێ تاقیکردنەوە باوەڕ بەهیچ شتێک مەکە، وردبین بە، دواڕۆژ لێک بدەرەوە...

خودا فەرموویەتی (اللە محبە). لای هەمووتان ڕوونە شارستانەتی کورد، بەعەرەبستانی، تورکیا، ئێران، هیندستانەوە بەمیسرەوە بەعالەمی جیهانی، بەبەشەرییەتەوە بەستراوە، ئەدەب و ئەفسانەی کورد لەگەڵ ئەقوامی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەندی، بەتایبەتی بەشدار و تێکەڵە، پێویستە ئەدیب و زانایانی کورد ئەم گرێ کوێرانە بدۆزنەوە، هەمووتان ئەزانن دەست و چاومان بەستراوە پێ و دڵمان لە ناو کۆت و زنجیردایە، گوێمان کپ کراوە، زوبانمان لاڵ کراوە،... بەچاکی ڕاستی و تاریکی و ڕووناکی نابینین پێویستە زانایان، ڕۆشنبیرانی کورد، بەتایبەتی ئەدیبانی شۆڕشگێڕی کورد ئەم گیروگرفتانە، ئەم تەنگ و چەڵەمانە لابەرن، دەست و چاومان ئەم ئەرکە لەسەر شانی هەموومانە بەتایبەتی لەسەر ئەستۆی شاعیرانی شۆڕشگێڕ و نەوجەوانی کوردە. شاعیرانی کورد ئەبێ شۆڕشگێڕ و ئازا و نەبەز، ئینسانی بن، هەروەکو گوتمان ئەدەبی تریشمان لە بیر نەچێت. هەرگیز خۆمان بەکۆنەپەرستی سەیر نەکەین. پێشڕەوی ماتریالیزم بین.

دڵسۆزانی بەڕێز!

ببەخشن بەبۆنەی ئەدەبی ئینسانییەوە تۆزێک باسی ترۆریزمی، تراژیدی کۆمیدی سیاسەتی ئینگلیزتان بۆ بکەم ئێوە هەمووتان ئەزانن یەکێتی سۆڤیەت سەگێکیان هەبوو ناوی (لایکا) بوو، بۆ تاقیکردنەوە خستبوویانە ناو مانگی دەسکردەوە کە لە دەرەوەی





ئیقلیمی ئەرزدا تاقی بکاتەوە ئاخۆ ئەژی یا نە؟ کوتوپڕ ئیمپریالیستانی ئینگلیز دەستیان بەدەنگە دەنگ، هاوار هاوار کرد کەوا سۆڤیەت کارێکی نائینسانییان کردووە، زوڵمیان لە سەگ کردووە، خستوویانەتە ناو سپۆتنیکەوە، ئەمە بەناوی بەزەیی هاتنەوەوە بەگیاندارا و بەناوی ڕاگرتنی ژیانی گیاندارانەوە، بەم ناوەوە بەیت و بالۆرەی ئیمپریالیستییان لە دژی سۆڤیەت، لە دژی سیایەنسی ئینسانی ڕووسی خستبووە کار... عالەمی جیهانیان جووڵاند و شڵەقاند بەڵام بلوفیان سەری نەگرت! باشە، ئێمەی کوردی عالەمیش لەگەڵ کۆمەڵی پاراستنی مان و ژیانی حەیوان و گیاندارانایین سۆڤیەتیش بەئینگلیز زیاتر ئەبێت، ئەوەندەی ئەوان بەزەییان بەگیاندارا دێتەوە... ژیانی گیاندار و ئادەمیزادیان لا نازدار و خۆشەویستە......

خۆشەویستەکانم...!

کورد و عەرەب و کەمایەتییەکان (١٠) ساڵ لەسەریەک خەریکی براکوژی بوون... تاڵان و وێرانکارییان کرد؟ بۆچی. مۆنۆپۆلیستای ئینگلیز ئەوەندەی بۆ (لاکیا) ویژدانی مرۆییان جوڵا لەسەر خوێنی کورد و تورک و عەرەب و کریستیانەکانی عێراق، دین و ئایینیان نەهاتە جۆش؟ لەبەر چی، بۆ خۆیان بێدەنگ و کڕ کرد. ئەم براکوژییە بەستراتیژییەکی، بەسەرکەوتنێکی ئیمپراتۆریی نەوت دانرا، هەتا ئەهات بەهۆی هاوکارانیان، بەهۆی خۆفرۆشان و بازرگانانی جەنگەوە ڕۆژ بەڕۆژ ئەم ئاگرەیان خۆش ئەکرد. وە مەسئەلەی کورد و عەرەب و کەمایەتییان چار نەکرد.

جگە لەم براکوژییەش، لەو ڕۆژەوە ئینگلیز هاتوونەتە ناو عێراق و کوردستان و عەرەبستانەوە حاکمیەتی نەوتی عێراق، بارزانی نازدار، کوردستانی عێراق سەرتاسەر بۆمباران ئەکرا، لە کاروانی ئینسانی دوور ئەخرایەوە، لە ئارام و ئاشتی، مرۆیی بێبەش ئەکرا. بۆچی ویژدانی ئینسانیی فۆرین - ئۆفیس و کۆمپانییەکانی ئیمپریالیستەکانی ئینگلیز ئەوەندەی بەزەیی پیاهاتنێکی لایکا ویژدانیان نەجووڵا... لەبەرچی ئەم کوشتارانەیان نەوەستاند کە ئەمانە

هەمووی دەست و خاوەنی نەقشە و پیلانی کۆمپانییەکانی نەوتی ئینگلیز بوو. ئەم براکوژییانەیان زۆر لا خۆش و ئینسانی بوو، چونکە ئەم براکوژییە شاباشێکی هێرشی حاکمییەتی کارتیلەکانی نەوت بوو. بۆیە ئەم کوشتارەیان لا خۆش و ئینسانی بوو...

بەرێزینە...!

جگە لەم براکوژییە دە سالانەیە، پیر و جوان، ژن و منالانمان، هەتا ئێستا لە بیرمانە کە چون سولەیمانی، بارزان، گەلێ شوێنی تری کوردستان ئاگرباران ئەکران بەتایبەتی وەکو برا عەرەبە نیشتمانپەروەرەکان ئەفەرموون (بارزان المظلومە) چۆن ئەکوژران و دەربەدەر ئەکران... دیتە بیرتان ژن و منالانی ناوچەی بارزان و بادینان، ئەوانەی کە بەدەستی ئینگلیز و حوکومەتی نۆکەری عێراق کەوتبوونە ناو چنگەوە، چۆن لەناو پەرژینێکی تەنگدا ئەکوژران، ئەوانەی نیوە زیندوون ئەمانەوە، چۆن لە ناو نوێردوو ناندا قسڵ و گەچیان بۆ ئەکردنە ناو ئاردەوە... بەو تەرحە تیرۆریان ئەکردن، ئەیان کوشتن، نەخۆشیان ئەخستن... ئەم تراژیدیانەی ئینگلیز هەرگیز لە بیری کورد و عەرەب و نیشتمان پەرستانی عێراق ناچنەوە جگە لەمانەش لەوەدەمەی حوکومەتی کوردستانی عێراق و مەلیکیەتی شێخ مەحموودا کوردستان بەگشتی و سولەیمانی بەتایبەتی بەجارێک بۆمباران و وێران کرابوو، کاولگە وێرانەکانی سولەیمانی.

نەبەز شێخ مەحموود گەلێ فۆتۆگرافی ناردنە لای جەنەراڵ کونسوڵی سۆڤیەت کە لە شاری تەورێزی ئێراندا بوو. بەنامەیەک بەدوور و درێژی باسی پیاوخراپیی ئینگلیزی کردبوو. داوای یارمەتی لینینی مەزنی کردبوو... بەم ڕەنگە کوشتار و تالانی ئینگلیز لە ناو عالەمی جیهاندا دەنگی دابووەوە ئەنجامی کار لەسەر پرۆتستۆی لینینی مەزن. پارلەمانی ئینگلیز هاتە لەرزین... ویژدانیان کەوتە جووڵان! زۆر بەتوندی سیاسەتی ئینگلیز لە لایەنی پارلەمانی ئینگلیزەوە (حامی) کۆنیسەنەر. حاکمی سیاسیی عێراق، لە بەغدا پرۆتستۆ کرا... ئیمپریالیستان. داگیرکەرانی عێراق لە بەغداوە ئەم وەڵامەیان دایەوە لەندەن و لە کوردستانی عێراق شاری سولەیمانی تەنیا دزەکان





و جەردەکان بۆمباران کراون کە سەرۆکیان شێخ مەحموودە! داخەکەم بەم ڕەنگە شۆڕشی کوردستانیان بەدز و جەردە و تالانکەر و خێڵەکی دابووە قەڵەم... بەڵام کێ جەردەیە؟ کێ تالانکەرە؟ ئاخۆ قارەمانانی ڕومێسە، ڕومادیە، دیوانییە، یا قارەمانانی حەیدەرخانە یان نەبەزەکانی بارزانی مەزڵوومە و سولەیمانی و بادینانی عێراق دز و جەردەن، پیاوکوژ و تالانکەرن، یا ئیمپریالیستانی ئینگلیز؟ لەگەڵ ئەمەش مۆنۆپۆلیستانی ئینگلیز و کۆمپانییەکانی نەوتی ئینگلیز هەر وەکی مەکۆ لە ناو عێراق و کوردستان و ئێراندا لە ناو جەزیرەی عەرەبستاندا هاتوچۆیان ئەکرد، پلان و نەخشەی خوێنینیان لە ناو عەرەبستاندا، لە خاکی عێراقدا جێگیر و قایم ئەکرد بۆ پاکتی سەعد ئاباد، بۆ موعاهەدەی بەغداد، خاک و زەوی و ئیقلیمیان ڕێک و تەخت ئەکرد، بۆ کۆلۆنیزەکردنی ڕۆژهەلاتی ناوەندی خاکی تورکیا و ئێران و عێراق بۆ شالاوی حاکمیەتی نەوت بۆ ستراتیژیی حاکمییەتی بەریتانیای مەزن. بەزم و کۆڕیان ئەبەست... پلان و ڕێگەیان خۆش و ئاسان ئەکرد. بەم ڕەنگە لەسەر سیاسەتی خوێن ئاسن لەسەر کەللە و لاشەی شەهیدانی عەرەب و کورد و کەمایەتییەکان، پاکتی سەعد ئاباد و بەغدایان بەست. هەرگیز ئەمانەمان لە بیر نەچووەتەوە. قەت لە بیریشمان ناچێت.

ئەم سیاسەتە تیرۆریستییەی وان دالیزمییە بوو جومهوریەتی عێراقی پێک هێنا. یەکێتی برایەتیی عەرەب و کورد و تورکمان و کلدانی و ئاسووری پێک هێنا. ئەنجامی کار بەهۆی یەکێتیی هێزە نیشتمانپەروەرەکانەوە برایەتیی عێراق و سۆڤیەت جێگیر و قایم کرا...

برادەرینە!

ئەمە نامەی پیرێک بوو بۆ نەوجەوانان، هیوام وایە سەرم نەیەشاندبن... لێم ببوورن...

# قەڵەمڕەوی سەرۆکی میللی کورد

## ئیبراهیم پاشا

حوکم و هێز و توانایی – لە ناوچەکانی : وان – دیاربەکر – ئوورفە – عەینتاب – حەڵەب – ئەسکەندەروون – تەرابوڵسی شام چۆن بووە؟

## لە ساڵی ١٨٦٠-١٩١٢

ناوچەکانی هێز و توانای قەڵەمڕەوی سەرۆکی میللی ئیبراهیم پاشای کورد – لە دەمی کۆتایی قەرنی ١٩ لە ژێرەوە نیشانە کراوە، (وان، مەلازگرد – بەتلیس – سەعرد – دیاربەکر – جەزیرە – ماردین – وێران شار – سەڤەرەک – ئوورفە – مەرعش – عەینتاب – کلیس – ئسلاحیە – عثمانییە – باب – حەڵەب – دورت یول – پاباس – ئەسکەندەروونە – ئەنتاکییە – حەما – حومس – تەرابولسی شام).

سەرۆکی میللی ئیبراهیم پاشای کورد: لەناوچەکانی وان – مووش – مەلازگرت، لەگەڵ ژەنەڕاڵ حسین پاشای کورد لە سەرۆکی حەیدەرانی – کورد بووە یەکێتی بەستووە هێز و توانایی حسین پاشا، هەتا (وەرمێ) (رەواسێیە) (ماکی) (بایەزید) ڕۆیشتووە، حسین پاشا لەگەڵ عەشیرەتەکانی زیلان – جەلالی، قەفقاسی، لە ناوچەکانی ئاگری – (ئارارات) جێنشین بوون لەگەڵ تورکمانەکانی کوردانی ناوچەکانی ئایگریر – ڕووباری خورا دۆیی ئاراس، لەگەڵ کوردانی قوولپ – کاگزمان – قارص – ئەوەهان – ساری – قامیش – بەهۆی سیاسەتی ئاسایش و ڕەفتاری باشی ڕووسەوە... هاتوچویان بووە. هاوکارییان کردووە، بەم ڕەنگە لەگەڵ ڕووسیایی. (چار نیکولاد) (قەیسەر نیقۆلا) پەیوەندیان بووە، ئاگاداری یەکتری بوون.

لای هەموو کەس ئاشکرایە حسین پاشای کورد، لە دەمی کۆتایی قەرنی ١٩ی خەلافەتی سوڵتان حەمیدی – دووەمدا، ژەنەڕاڵی لەشکر و هێزی (٣٢) ئالایی سوارەی کورد بووە، کە هەر ئالایەک پێلی بلووکی سوارە و هەر بلووکێک (٤) پلاتونی بووە، لە سەفەر بەردا، هەر تاقمێک (٦٠) سوارەی بووە، هەر ئالاییێکی سواری (١) بەتاریە تۆپی چیایی بووە. بەڵام هەر بلووکێکی عەشیرەتی، بریتی بووە لە (٢٤٠) سوار. بەم ڕەنگە ئالاییێکی سوارەی (١٢٠٠) سوارەی بووە، لەم دەمی نەفیری گشتیدا، بەم تەرحە قەومی کورد: لە ناوچەکانی خۆیدا، دابەش کرا و لە یەکتر پچڕاون، و لە شەخصیەتی، لە حوکم و فەرمانی سەرۆکی مەزنی کورد دوور خراوەتەوە،





تابع بەخیلافەت و – سەڵتەنەتی عثمانییان بوون، کەوتوونەتە ژێر ئەمر و فەرمانی حکوومەت و لەشکری عوسمانی... ئەم (٣٢) ئالایی سوارەی کورد بۆ دوو ئامانج بەکارهێنراوە:

١– بۆ هەڕەشە و ترساندنی گەلی – ئەرمەن.

٢– بۆ مەبەستی پتەوکردنی ملکەچی کورد، بۆ ئەمر و حوکم و فەرمانی خیلافەت و سەڵتەنەتی تورک... کە سوڵتان حەمیدی دووەم خەلیفەی عالەمی ئیسلامی (٣٠٠) میلیون بووە.

جگە لەمەش ئەم لەشکری سوارەی کوردە: بەرانبەر هێرش و هەڵمەتی قازاق چاری ڕووسیا بۆ جەنگ کردن پێکهاتووە. بەتایبەتی بۆ ئامانجێکی تەفرەقە و ئینتیقامی کورد لە ناو کوردستاندا، لە بۆ ئاگر و ئاڵۆزی عەشیرەتبازی دروست کراوە... تەشکیلاتی قەومی سیاسی کورد: کە لە ژێر سەرۆکایەتی بەدرخانییان – عەبدولقادری شەمزینی هەکاری کە لە ناوچەکانی خەربووت – سیواس – نزگان – مەلاتیدا – بەئاشکرا و پەنهانی تەشکیلاتی سیاسی – وەتەنی کورد هەبووە – نەمێنێت و کز و بێ هێز بکرێت.

(*) سوارەی حەمیدی بەشێوەیەکی ڕەسمی... لە ناوەندی تەشرینی یەکەم، ١٩٨٠ دامەزراوە.

ئیبراهیم پاشای میللی، دوو بارەگای هەبوو:

١– لە وێران شار.

٢– لە شاری حەڵەب.

لەم بارەگانەدا، هەیئاتی دیبلۆماسی، دیوانی مەحاکم، بارەگای لەشکری – بۆ باج و خەراج، بەخێوکردنی لەشکر و سوپا:

ئورگانی – محاسەباتیان بووە، جگە لەمانەش لە ژێر دەستی دیبلۆماسیدا تەرجوومان، زبانزانی ڕووسی – فەرەنسی – ئینگلیزی – تورکی – فارسی – عەرەبییان بووە. لێدوانی دیبلۆماسی: ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەلیفەی ئیسلامی سوڵتان حەمید بەشیفرە مخابەراتی هەبوو، دوور و نزیک پەیوەندیان لەگەڵ بابی عالی – هەیئەتی وەزیران بووە. یەکسەر لەگەڵ سەرۆکی وەزیرانی عوسمانی مخابەراتی بووە، ئەم وەزیرانە هەموویان دیاریان بۆ چووە، بەتایبەتی بۆ سوڵتان حەمید. هەموو ساڵێک (٥٠) هەزار ئاڵتون بۆ سەرایی هوومایوونی (بیک دینرم) ڕەوانە کراوە جگە لەمەش

زەخیرەی ساڵێکی سەری پادشای - ڕۆن - برنج - هەزاران سەر مەڕوماڵات - بۆ (بیل دیز) - سەرابی سەڵتەنەتی ڕەوانە کراوە، لەشکری ئیبراهیم پاشا هەمووی بەچەک و ڕم، شمشێری چەک درابوونە دیوانی دیبلۆماسی ئیبراهیم پاشا: لە بیروت و دیمەشقەوە، لە مصرەوە (لە پاریسەوە) گەلێ ڕۆژنامەی فەرەنسی - عەرەبییان - بۆ ڕەوانە کراوە. دوور و نزیک لەگەڵ قونسوڵەکانی ڕووسیا - فەرەنسە - ئینگلتەرە لە شاری وان - بتلیس - دیاربکر پەیوەندیان بووە، نەزەری دیقەتی سیاسی ئەم سێ دەوڵەتەیان بۆ کورد ڕاکێشاوە.

جگە لەمانەش پەیوەندی بەستەگیان لەگەڵ جەمعیاتی - تاشناق - ابن چاک - ئەرمەنیان هەبووە. وە لەگەڵ کۆمەڵەکانی پەنهانی عەرەب، لە سووریيە - لبنان - مصردا علاقە و موناسەباتیان پەیدا کردووە بەم ڕەنگە باوەڕی خۆشەویستیان بەیەکتر بووە، بەتایبەتی عالەمی عەرەبیان بەرەو قەومی کورد ڕاکێشاوە. رجالی بارزەی - بازرگانی عەرەب: لە لوبنان - سووریيە - میصرەوە بۆ بازاڕی کورد پەیوەندیان، کڕین و فرۆشتنیان... پێکەوە کردووە لەگەڵ قەومییەتەکانی جەمعیاتی سری - عەلەنی: جمعية النهضة العربية - ١٩٠٦ و الجمعية السرية في دمشق ١٩٠٨ و الاخاء العربي - العثماني... رجالی وەتەنی - عەرەب لەگەڵ کورددا سیقە و ڕەبتیان بووە. لە ئەوروپا خاکی مصر - لبنان - سووریيەدا، لەگەڵ حەرەکاتی ئیسلامیدا عثمانی - عەرەب - ئەلبانی بالقان... ئەرمەنی زۆر ئاگادار، خەبەرداری یەکتر بوون. لەگەڵ ئەوەش ئیبراهیم پاشا ئیخلاصی و مەحەبەتی... لەگەڵ خیلافەت و سەڵتەنەتی عثمانی ڕاگرتووە. بەڵام بەرانبەر ژونتورکان - اتحاد و تەرەقی جمعیتی سارد - بێگانە وەستاوە! سوڵتان حەمیدی دووەم، مقابل ئیخلاصی کوردستان، باج و خەراجی لە کورد نەسەندووە، لە عەسکەری نیزامی... کوردی ئازاد کردووە... عەسکەری لێ وەرنەگرتوون. بەڕاستی حاکمێتی سوڵتانی - تورک، هەر بەناو لە کوردستاندا حوکم فەرمان بووە. کورد خۆی حاکمی خۆی بووە. هەر بەسایەی کورد والی متەصەرفەکان، بەڕێوەبەرانی عوسمانی... بەسایەی کورد ئەژیان حوکم و ئیدارەی خیلافەت و سەڵتەنەتیان بەڕێوە ئەبرد لە ڕاستیدا کورد - ئەرمەن - عەرەب، ئەقوامی - باڵقان - ئەلبانی، لە حوکم و سەڵتەنەتی عوسمانی - تورک - زۆر نارەزا، وەڕز بوون، هەمیشە ئاڵۆزی، ئیختلال، پەشێویان بەرپا ئەکرد لە دژ تورک، گەلانی عوسمانی هەموویان لە دژی وەستا بوون ڕاستەوخۆ ئازادی، ئیستیقلالیان ئەویست. لای هەموو کەسێکی شارەزا ساغ بۆتەوە، هەتا ساڵی ١٨٥٠ ئایالاتی - کوردستان هەمووی لە ژێر دەستی





کورد ئەژیان، خۆیان حاکم بوون، ئەنجامی کار، لە پاش جەنگی قرم ١٨٥٤ - ١٨٥٦، بەجارێک سەڵتەنەتی عوسمانی ئارام و ئاشتی تێکچوو بوو، بەرەو نەخۆشییەکی گران، بەرەو نەمان ئەڕۆیشت، بەهەزاران منداڵ و ژن و پیاو... کۆمەڵ کۆمەڵ مهاجرینی کورد، بەرەو قافقاس ئەڕۆیشتن... برسێتی، هەژاری، ماڵوێرانی، نەخۆشی... گەلی کوردی سەرگەردان و پەرێشان کرد بوو. بەناوی ئیسلاحات، مانو حقوقی ژیانی ئەقوام، گەلانی خرسینانەکانی - تورک، داوای حوکم و موداخەلاتی دەوڵەتانی - ئەوروپایان ئەکرد، بەتایبەتی نەمسا - مەجەر - ئەڵمان - فەرەنسە - ئینگلتەرە - ڕووسیا... ڕۆژ بەڕۆژ فرەتر دەستیان ئەخستە ناو کار و فرمانی عثمانیان. لە ساڵی ١٩٠٢دا لە کۆبوونەوەکانی کۆنفرانسەکانی ئەوروپا - پاریسدا... اقوامی عثمانی: عەرەب - کورد - ئەرمەن - کۆمەڵە سیاسی جمعیاتی کورد زۆر بەتوندی، داوای ئیسلاحات، مافی خۆیان بەداوای ئیستیقلالیان... لە بابی عالی ئەکرد. جەنگی قرم ١٨٥٤ -١٨٥٦ جەنگی ڕووسیا - عثمانی - ١٨٧٧ پاکتی، (ئایاستەقانووس) معاهەدەی بەرلین - ١٨٧٨ - جەنگی یۆنان - گرید ١٨٩٧... بەجارێک سەڵتەنەتی عوسمانی بێ هێز کرد بوو، لە ڕووی تەنزیمات و ئیسلاحاتەوە... ئەقوامی عوسمانی: ئیسلام - کریستیان - کورد - عەرەبی - ئەلبانی - بالقانییان... بەئاشکرا لە دژ سیاسەتی ئیمپراتۆریەتی خیلافەتی تورک ڕاپەڕیبوون، بەتایبەتی شۆڕشی مەزنی - فەرەنسە ١٧٨٩ سیمبوڵی حوریەت - برایەتی مساوات عەدالەت. ڕووخاندنی باستیل Bastilk day.

١٤ی تەموز - ١٧٨٩ کورد - عەرەب، پێکەوە جوڵاند بوو، یەکێتیان بەستبوو، شۆڕشی بۆرژوازیی - فەرەنسە سیاسەتی ئیقطاعی فیوداڵی جیهانی - بەجارێک شلەقاو، تەپاند بوو...

بەڕاستی کوردستانی تورکیا - کوردستانی ئیران: لەو دەمەی شاهی ئیسماعیل سەفەویدا، لە جەنگی چاڵدێران، لە کات و دەمی (سوڵتان سەلیم)ی یەکدا... دەوڵەتی شاهنشاهی ئێران و عثمانی لە دژ یەکتر، بەتوندی وەستابوون، عثمانییان بۆ تاڵان و کوشتاری، شیعە، جەعفەرییان،... شێخ الاسلامی تورک: فەتوای - دینیان بانگەوازی کرد بوو، بەم ڕەنگە مناسباتی کورد - ئیران - تورک... بەجارێک شلەقا و تێکچوو بوو. لە پاش سوڵتان (سەلیمی یەکەم) ١٥١٢ - ١٥٢٠ سوڵتان (سولەیمانی قانوونی) هاتە سەر تەخت، جەنگی ئیران. تورک، لە حەقیقەتدا، دینی نەبوون مەسئەلە، تەخت و سەڵتەنەتی حاکمێتی - ڕۆژهەڵاتی ناوەندی بوو...؟!

بێینە سەر باسی سەرۆک ئیبراهیم پاشای کورد، لە شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵای

شەمزینی هەکاری... بەشداری کرد بوو سەرۆک شەمزینی لە ساڵی ١٨٨٠ تەورێزی گرت. کوڕەکەی شێخ قادری - شەمزینی حاکمی - تەبرێز بوو، لەسەر ناوچەکانی ئورمی - (رضائیه) حاکم زاڵبوون. وان، بتلیس - ئەرزروم - بایەزید - ماکو... هەتا (دیاربکر)... کەوتبووە ژێر حوکم و فەرمانی عوبەیدوڵای شەمزینی... و لەگەڵ ڕووسیا هاودەنگ، هاوبیر بوو، ئەنجامی کار، هێز و حوکم و سەرکەوتەنی - شەمزینی: ڕووسیا - ئینگلتەرە - فەرەنسە - شپرزە کرد بوو ئیبراهیم پاشای میللی، بەپەنهانی یارمەتی سەرۆک عوبەیدوڵای دابوو. لە پاش ئەم سەرکەوتنە ئەم جەنگ و هەرایە، لەبەر پروتستو - مداخەلاتی ئینگلتەرە - ڕووسیا - فەرەنسە. شەمزینی مەجبوور مان بگەڕێتە دواوە. لە پاش ئەم هەرایەش: لە ساڵی ١٨٩٦دا، کۆمیتەکانی ئەرمەنی ابن چاد - تاشناق... پێکەوە کتوپڕ، لە ئەستانبووڵ هەڵمەتیان بردەسەر - بانقی - عثمانی. لە گەڕەکی بگ ئۆغلی - ئوپەرادا... بانقیان گرت، حاکمی گەڕەکی (بگ ئۆغلی) بوون لە پاش شەڕێکی خوێنین... کۆمیتەچییەکان گیران، کوژران جەنگاوەرانی ئەرمەنی: ئەم ڕاپەڕینانەیان: بۆ مداخەلاتی کێ بۆ ئامانجی مداخەلاتێکی - دووەلی بوو بۆ ئەم مەبەستە کۆمیتەچییەکان حاکمی گەڕەکی - بگ اوغلی داوپەرام بوون. لە پاش شەڕێکی خوێنین کۆمیتەچییەکان (٢٠) کەسیان لە ژێر زەماناتی سەفیرانی دەوڵەتانی ئەوروپا لە ئەستانبووڵ بەپاپۆڕەکانی ئینگلیز ڕەوانەی ئەوروپا کران...؟!

جەنگاوەرانی ئەرمەنی: ئەم ڕاپەڕینانەیان - بۆ مداخەلاتێکی دەوڵەتانی ئەوروپا بۆ ئیسلاحاتێکی - گەلی ئەرمەن بەپێی معاهەدەی - بەرلین بۆ حەل و فەسڵی قەزیەی ئەرمەنستان کرد بوو یان لە ڕووسیا - بەریتانیا - فرانسە - زیاتر ئیمپراتۆری مەزنی بەریتانیا پشتگیری کرد بوو، کۆمەڵانی ئەحراری - لیبراڵانی ئینگلیز پشتگیری ئەرمەنی کرد چونکە بەریتانیای مەزن بەپێی معاهەدەی - بەرلین، ئەیویست بەناوی ئیسلاحاتەوە لەسەر سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی ڕووس ئەرمەنستانێک دروست کات... تاکو شەقام و ڕێگای - هیندوستان خلیجی عەرەبی... لە ترس و هەڕەشە و هەڵمەتی ڕووسیا بپارێزرێن و ئەم شەقامە، لەسەر خاکی کوردستان... کە جێگا و مەڵبەندێکی ستراتیژی، کلیلێکی ئاسیایە ئەیخاتە ژێر دەست و حوکمی هێزی دەریایی ئینگلیز... بەم ڕەنگە نەهێڵن، لە شەقامەکانی کوردستانەوە... ڕووسیان بێنە ناو جەرگەی ئیمپراتۆری عوسمانی... هەمیشە خەریکی بەزم و هەرا و جەنگ بوو. لەم ناوچانەدا... هەمیشە بەناوی ئیسلاحات، ئارام و ئاشتی، بابی عالی، ئیمپراتۆری عوسمانی هەراسان و شپرزە کرد بوو، جارێ لە دژی ڕووسیا، گەلێ جار لە دژی فرانسە





- ئیتالیا - ئەلمانیا ئەجەنگا، نەیئەهێشت بابی عالی - حکومەتی عوسمانی ڕۆژێکی خۆش و ئارام و خۆشی ببینێت، بەناوی ئیسلاحات، ئارام و ئاشتی ئینسانییەتەوە... کورد - ئەرمەنی - تورکی - ئەکرد بەگژ یەکدا... بەم ڕەنگە گەلێ گیروگرفتی، پڕ مشکلاتی، بۆ خەلافەت و سەڵتەنەتی - تورک دروست ئەکرد. لەم جێگا گرنگەدا، ئینگلتەرە ئانارشیزمی بڵاو ئەکرد. Amoe chime فاناتیزمی Fanatizme پڕش و بڵاو ئەکرد. تۆوی ئاڵۆزی لە هەموو لایەک لە ناو گەلاندا ئەچاند. لە گەلێ جێگەی گرنگدا ئاگری فیتنەی هەڵئەگیرساند، بۆ مداخەلاتێکی - دووەلی بەکاری هێنا بوو، بەڵام ئامانجیان سەرنەکەوت، کەم و زۆر ئەوروپای شڵەقاند... بەداخەوە ئەرمەنییەکان، بەخۆڕایی کوژران، لە خاکی عثمانیدا لە هەموو لایەک تاڵان و کوشتاری - ئەرمەنی دەست پێ کرا... حکومەتی عثمانی، ئەم کوشتارەی هان دا، لە ناوچەکانی (کێلی کیائادەنە) - کوشتاری ئەرمەنی بەتوندی دەست پێ کرا...! لە ئەستەنبووڵەوە هەتا ئەنادول... ئاگری فیتنە بڵێسەی کرد... تاڵان، ئاگری کوشتار خۆش کرا!

ئەسکەندەروونە - عەینتاب - مەرعەش - ئوورفە - سیوەرەک - ماردین... کوردانی ئەم ناوچانە: مهاجرینی ئەرمەنی، ژن و منداڵیان پیر و جوانیان: نەدا بەدەستەوە... لە دژ لەشکرانی دوردبەجی... شێخی ئوردویی، لەشکرانی عثمانی وەستان، تۆزێک نەما بوو، جەنگی کورد - تورک دەست پێ بکات، لەسەر ئەمە لەشکرێکی زۆری عوسمانی، لەگەڵ لەشکری ئیبراهیم پاشای میللی - کورد بکەوێتە جەنگ و هەرا، بەڵام لەشکری تورک شکا، مانەوەرەی ئیبراهیم پاشا سەرکەوت. لەسەر ئەمە سوڵتان حەمیدی - دووەم، مداخەلەی کرد، فەرمانی بە(بابی عالی)دا هێزەکانی لەشکرانی چوارەمین - پێنجەمین ئوردوویی عوسمانی گەڕایەوە پاشی، جەنگ و کوشتار بەجارێک وەستا! چونکە ئیبراهیم پاشای کورد: مهاجرانی - ئەرمەنی، نەدا بەدەستی تورک بەناچاری لەشکرانی تورک بۆ ئەرزنجان دیاربەکر - حەلەب گەڕایەوە دواوە... بەم ڕەنگە ئاسایش، ئارام و ئاشتی، لە ناو ئەنادۆڵی کوردستان جێگیر کرا، بەڵام بەداخەوە، بابی عالی - لەشکرانی عثمانی بەکین و ڕقێکەوە لە دژ ئیبراهیم پاشای کورد، گەڕابۆوە دواوە...؟! بەم ڕەنگە تورک: بۆ هەل و فرسەتێک ئەگەڕا کورد... بەتایبەتی لە ئیبراهیم پاشا دەورە بدات، تۆڵەبسێنن.

لە دوایی ئەم حەرەکاتی لەشکری عەسکەرییە لە ساڵی ١٩٠٨دا اتحاد و تەرەقی تورکان، مەشروطیەتیان بانگەواز کرد، هێز و توانایی سوڵتان حەمیدیان کز کرد، ئیستبدادی دیکتاتۆری خیلافەتیان نەهێشت، بۆ ئەقوامی عثمانی: حریەت -

عەدالەت – برایەتی... مساوات... هەروەکو انقلابی Bawrgeairie فەڕەنسە – ١٧٨٩ – ب جیاوازی دین و ڕەسەن و زبان... بۆ گشت گەلانی – عثمانی حقوق بەخش کرا، خۆشی شادومانی، بەناو هەموو کیشوەری عوسمانیدا بانگەوازی کرا، بەڵام زۆری پێ نەچوو، لە دوای چەند مانگێک، حەرەکەتی، دیکتاتۆری حەمیدی دەست پێ کرا... جەنگ و کوشتارێکی خوێنین دەست پێ کرا. ئەنجامی کار، لە ڕۆم ئیلی – سەلانیک – ماکدونیا... لەشکری عثمان بڕەنجێنێ – ئیکنجی ئوردو لە ژێر کوماندەی ژەنەڕاڵ مەحموود شەوکەت پاشا، هێرشێکی توندی کردە سەر پایتەخت – ئەستانبوڵ لە دوای جەنگێکی خوێنین. سوڵتان حەمیدیان لە تەخت هێنایە خوارێ. لەشکرانی حەمیدی ڕەجعی و کۆنەپەرستی تەوقیف و دیل و تەرد و تەبعید کرا... رجالی سیاسی عەسکەری ئیستیبدادی حەمیدی گیران، ئیعدام کران سوڵتان حەمیدی دووەم لە ئیستانبووڵەوە بەشەمەندەرفەر بۆ شاری (سالونیک) ئالانینی کۆشکی ڕەوانە کرا. لەم کۆشکەدا، هەتا جەنگی بالقان ١٩١٣ لە زیندان مایەوە. مەعلوومە سوڵتان مەحموود ڕەشادی خامس هاتە سەر تەخت ١٩٠٨ لە پاش چەند مانگێک حکوومەتی جەمعیەتی اتحاد و تەرەقی، ژوون تورکان بەکینوڕقێکەوە... بەدوژمنایەتیەکی کۆنەوە... هێز و لەشکرێکی زۆری نارده سەر ئیبراهیم پاشا، بەهەڵمەت و هێرشێکی توووند. قواتی عەسکەری ئۆردویی عثمان: لە ئەرزنجان دیاربەکر. حەڵەبەوە. بەچەک و تۆپخانەیەکی زۆر، جەنگ دەستپێکرا... لەم جەنگی هەرایەش، هەم دیسان لەشکری ئیبراهیم پاشا سەرکەوت.

لەبەر وەزعی پەشێوی بالقان و ناوخۆیی دەوڵەتی عثمان ژون تورکان: بەسیاسەتێکی مصلحانە، بەشەقامێکی ئارام و ئاشتی... برایەتی، بەناوی (دینەوە)، قورئان – ئیسلامیزم... ئەم چەک و سیلاحە دینییانەیان بەکارهێنا هەمان وەعد و پەیمان درا بەئیبراهیم پاشای میللی. جەنگ بەجارێک وەستا، ئیبراهیم پاشا لەبەر شەرافەتی قورئان عەهد و پەیمانی تورک، ئەمیش جەنگ و هەرایی وەستاند... و بەئیعزاز و ئیکرامێکەوە، ئیبراهیم پاشایان بردە (دیمەشق)... لەوێ بەحورمەتێکی زۆر پێشوازی کرا خزمەتێکی باشی کرا، لە دوای چەند مانگێک کتوپڕ تورک هەمان عەهد و پەیمانیان!! شکاند بابی عالی، لەسەر ئەمر و فەرمانی – ژون تورکەکان اتحادچییەکان. هێرش و هەڵمەتیان کردە سەر لەشکری ئیبراهیم پاشا، لە هەموو لایەک جەنگ و هەرا دەست پێ کرا، خوێنێکی زۆر ڕژا، لەشکری پاشا ئەم جارە شکا، تاڵان و ڕاو و ڕووت، کوشتار دەست پێ کرا... لەشکری عثمانی کوژراوێکی زۆریان دا... بەڵام ئەم جارە





سەرکەوتن ڕووی کردە سەر ژون تورکەکان...؟! ئەنجامی کار لە دیمەشق، ئیبراهیم پاشا، بەژەهر دەرمانخواردوو کرا و کوشتیان بەم ڕەنگە مەسئەلەیەکی مەزنی کورد، دامرکا، ژون تورکان بەم سەرکەوتنە شان و شەرەفێکی مەزنیان... بۆ ڕژێمی مەشروطیات پێک هێنا – هێزی خۆیان توند قایم کرد. بەڵام تاوانەکانی ئیبراهیم پاشای میللی، ئەمەیە، کە لە ژێرەوە نووسراوە:

١– لە دژ خیلافەت و سەڵتەنەتی عوسمانی خیانەت کردن، یاخی بوون.

٢– مەسئەلەی ئازادی، سەربەخۆیی کوردستان داوا کردن... زەرەر و خەسارەیەکی زۆری بەدەوڵەتی عوسمانی گەیاندن.

٣– حیمایەی ئەرمەنی و پەنادانی مهاجرینی – ئەرمەن – کە خیانەتیان لە دژ سوڵتان و خیلافەت کردووە...؟!

٤– لەگەڵ دەوڵەتانی ڕووسیا – فەرەنسە – ئینگلترە – بەدەستی قونسوڵەکان ئیتصالات و موخابەرات کردن...؟!

٥– لایەنگری دیکتاتۆری... سوڵتان حەمیدی دووەم لە دژ ژون تورکان وەستان...

دەمڕاستان و مونافیسانی تورک ئەڵێن ئەگێڕنەوە: کە ئەمر و فەرمانی جەمعیەتی ئیتحاد و تەرەقی، ژون تورکان ئەم جەنگ و هەرا خوێنینەیان خیلافی عەهد و پەیمان... لەشکرێکی زۆری عوسمانی لە هەموو لایەکی ئەنادۆڵەوە کراوەتە سەر ئیبراهیم پاشای میللی کورد... کە پاشا نەیویستووە جەنگ و هەرا بەرپا بێت، سوێندی شەرەفی خۆی ڕاگرن یەک لەسەر یەک ئەمری، بۆ لەشکری کورد نارد بوو، کە جەنگ نەکرێت خوێنی هەژاران و بێ تاوان نەڕژێت بەتایبەتی باس و مەسەلەی کورد و ئەرمەن سەرلەنوێ بەشەڕ زیندوو نەکرێتەوە لەگەڵ ئەم هەموو نیازە، بەخت و سوێند ڕاگرتنەی پاشا... ئیتحادچییان شەڕ و هەرایان هەڵگیرساند، گەلێ کوشتار و خوێنیان. بێ هیوا بێ سەبەب ڕژاند گەلێ ماڵوێرانی و سەرگەردانیان پێکهێنا... دەمڕاستانی تورک ئەگێڕنەوە لەم جەنگەدا (١٠٠) هەزار لیرەی زەردی ئاڵتوونی عثمانی، کەوتۆتە دەست قوماندان و زابتانی لەشکری عثمانی لەمە تەنیا (٤٠) هەزار زێڕ ئاشکرا کراوە جگە لە تاڵان، بەهەزاران حوشتر، ئەسپ و مایینی ڕەسەن، مەڕوماڵاتێکی یەکجار زۆریش لەگەڵ مجەوهەراتێکی زۆری خێزانی پاشا تاڵان کراوە، ڕاو و ڕووتێکی زۆر کراوە... غەنائم و خەسارەتێکی باش گەل و دێهاتی ڕەنجبەرانی جووتیارانی لادێکان و بازرگانەکانی شار نزیکی یەک ملیون زیاتر... تاڵان کەوتۆتە دەست لەشکرانی سوپاهی، عوسمانی و

قومـاندانەکان... لەناو خـۆیاندا دابەشیـان کـردووە... گەلێ تالآن بەدزیوە فـرۆشراوە...؟!  بێگومـان ئەم جـەنگ و هەرایە: بیـروباوەڕی ئامانجـەکـانی کـورد و تورک. ئەرمـەنی بۆ عالەمی جهان دەرئەخات... کە ئامانجیان لە ژێر حوکم و دیداری سەڵتەنەتی عثمانی لە ژێر سیـمـبولی sym la lagy ژون تورکەکـان ئینقلابچـیـان - تورانیـزمـان... عـەدالەت، ئارام و ئاشتی بەهاوکاری، لەگەڵ ئەقوامی عـثمـانیـدا، بێ جیاوازی دین و ڕەسەن... و زمان بەلاوە، ئامانجێکی تریان نەبووە.

هەرچەندە بەگیـانێکی ئیستقلالی... کوردستان هەندێ جار ڕاپەڕین و، گەلێ جار، لە ژێر تەوەرێکی پێـــشکەوتن، لە ژیانێکی دیلی، نەزانین، ڕزگــاری بەولاوە کـــورد نەجوولاوە، هەمیشە ئارام و ئاشتیان، ژیانێکی مرۆڤایەتی ئینسانی... لکم دینکم و لي دین... بەولاوە ئامانجێکی .Amarchsme - fama dtigme ئانارشیزم فانانیزمیان نەبووە. بەڵام داخەکەم قەومی کورد: هەتا ئێستا نەگەیشتە مەرام و ئامانجێکی خۆی، لای هەمـوو کـەس ڕوونە، بیـروباوەڕێکی کـورد: ئارام و، ئاشـتی، ئازادی، قـەومی برایەتی ئینسانی، دروشم و نیشانەی کورد: "ڕۆژ، ئاگر، ئاو، خاک، با، سروشت بوو" زاڵم و زۆرداری ئەهریمەن شەیتانیان نەپەرستووە، دین و ئایینیان، (٧٠٠ ساڵ پێش زایین) ئەگەڕێتەوە سەر مرۆڤ. ئینسان پەرستی. زەردوشتی و بەرانبەری عالەمی - جهان خراپە نەکردنە.

### کانووسەرچێشمەکانی: سەرچاوەکانی ئەم باسە:

١- ئەوردویی عـثمـانی تشکیـلاتی عـەسکەری ١٩٠٧ - ١٩٠٨ پەنهـانی حرب جریدەیی ساڵی: ١٩٠٧ - ١٩٠٨

٢- لە ڕۆژنامەکانی عثمانی ساڵی: ١٩٠٧ - ١٩١١ اقدام، صباح، ترجمانی خفیفت لە مەکتـەبی حربی شاهانە، کۆنفرانسێکی عەسکەری: ١٩٠٥ و گەلێ تێبینی لێکۆڵینەوەی کـوردۆلۆژی. دبلۆمـاسی وە گـەلێ نووسین ئارتی کل، لە بارەی ئەرشـیف کـوردی زانایان نووسـراوە لەگـەڵ هەندێ دکـۆمـانت - بەڵگەیان ڕاپەڕینەکانی ئازادیخوازی شەمزینان هەکاری: ١٨٧٦-١٨٨١



### بۆ سەرۆکی کۆڕی زانیاری - کورد:
### پرۆفیسۆر ئیحسان شێرزاد

وەڵامی بەڕێزی نامـەی بەنرخـتـان: ژمـارە (٢٦) - ٤٧١ ڕۆژ (١٥ مایس ١٩٧٣) زۆر بەشادی و شانازییەکەوە... گۆڤاری بەرزی زانست و زانیاری ئەکادیمی کوردم بەدەست گەیشتن - بەسەربەرزییەوە، لەگەڵ سوپاسی بێ پایان... بیروباوەڕم، لە ژێرەوە پێشکەش بەڕێزتان ئەکەم.

ئەم گـۆڤـارە... وەکـو مـەدرەسـەیەکی فـەنی و هونەر و زانست و زانیـارییەکی ئینسـانی - عـالەمی هاتە بەرچاوم، وەک مەشخەڵێکی پڕ نووری ڕزگاری... لەناو کوردستانێکی تاریک و نەزانیدا، تۆڕێکی بەنرخ و هونەر و هۆشیـاری، ئازادێکی مرۆیی چاند، بانگی زانسـتی - ئینسانی تێدا بڵاو کرد، بەدیاریکەی بەنرختان، هەلێکی زێڕینتان، بەبەندە بەخشی و کـەرەم کـرد، کە بیـروباوەڕیم پێشکەش سەرۆکی ئەکـادیمی ئەکـەم - لەگـەڵ خۆشی و بەرزی سـەرکـەوتنتـان... بۆ تۆ زۆر بەڕێز سەرۆکی - ئەکادیمی کورد - هاوەڵانـتـان - لەگەڵ سوپاسێکی زۆر ئەم خـاڵانەی ژێرەوە کـە هاتۆتە بیـرم، ئاڕاسـتـەی پێـشگەهتـان ئەکەم... لە کەموکووڕیم ببوورن... قوربان ئاخیرەتی کورد: لە چەرخی ئەمڕۆدا، دین - ئەکونومی، خدماتی اجتماعی، قضایاتی عامە. عـلاقـاتی دوەلی، بەسـتـە رابطەمـان لەگـەڵ عـالەمـدا چیـیـە؟ تطوری اجتماعی ئەکونومی - زانستیمان لە چی پلەیەکدایە...؟ دەزگاکانمان پەیوەندی لەگەڵ عالەمی ئینسانی - دوەلیدا... چۆنە، چییە؟ و ئەبێ چۆن بێت...!؟ بەرامبـەر شۆڕشی جیـهـان ڕاپەڕینی کورد چۆنە؟ ئەبێ چۆن، کـورد خۆی لەگەڵ شـۆڕشی عـالەمـدا ڕێک بخات، هاوئاهەنگ بڕوات؟ پێـویسـتـە ئەڵقـەکـان و زنجیـرەکـانی دەسـتووری کـۆنی - ئیـسـتـیـبـدادی نەمـێنێت حـقـوقی قـەدیمی بەجارێک لاچێت، رتبـە و پایەکـانی دەسـتـە و چینەکـانی - ممتـازە - مـصـالـح اقطاعی ئەبێ لابـبـەرێت، هەمـوو وەک یەک مـاف و ژیانمان یەک بێت ئاخـر کـورد، ژیان و ئەدەبی چۆنە؟ پەیوەندی - ببـەستێ لەگـەڵ ئەدەبی جیـهـان، و زبانی ئادەمـیزادا، لە چ پلەیەکدایە ems - ئیـسـتـلاحـاتی عـیلمی -

فەنی هونەری، هەمووی لاتین لەسەر یەک hatemism - gsre لەسەر دەستووری علمی – جهان هاوئاهەنگ بڕوات. پیت و نووسینمان – ئەلف و بێمان، ئەبێ لاتینی بێت – تاکو بتوانین قەڵاچۆی نەزانین و نەخوێندەواری بکەین، کەم و زۆر نزیک بەعالەمی ئینسانی بێت وەک ئینسانێک بژین، هونەر و هەویە و جنسیەت، تەشخیص و کەرامەتمان ڕاگرین. مێژوومان، ئەدەبمان، زانست و زانیاریمان، لە ئەفسانە و پڕوپووچ ئەبێ دوور بکەوێتەوە، حەقیقی – واقعی پەرست بێت، ئاخۆ لە پێش زایینیدا، مێژووی زەردەشتیمان چۆن بووە...؟ ئەمرۆ بەناوی ئیسلامیەوە، چیمان بۆ ماوەتەوە...!؟ چ گۆڕینێک بەسەر زەویدا هاتووە... ئاشکرایە، یەزیدیزم، خواپەرستییە، دینێکی کوردە، ئەبێ زۆر بەوردی لێی بکۆڵینەوە، ئاخۆ لە دەموکاتێکی زۆر کۆندا: خەدەماتی ئینسانی کورد، کار و فرمانی شارستانییەت بۆ جیهان لە چ پلە و ڕادەیەکدایە و بووە... چاک و خراپ بۆ ئادەمیزاد، کورد چی کردووە، ئاخر لە پێش کریستیانی ئیسلامی: کورد، چۆن بووە؟ بەتایبەتی لە دەوری جمهوری – ئەفلاتون حوکمی دیموکراسی – ئەرستۆکراتی – حوکمی – ئەولی کارکی... حوکم و زۆرداری دیکتاتۆری – ئیستبدادییەوە، کورد چۆن ژیاوە، و لەبەرچی لە ژێر حوکم و فەرمانی aligoqely حوکمێکی کەمایەتی ئیستبدادیدا، کورد چۆن ژیاوە، خۆی ڕاگرتووە. ئەبێ زۆر بەوردی ئەکادیمی کورد ئەم شتە گرنگانە لێی بکۆڵینەوە... ئاخۆ لە عالەمی ڕۆمانی – بێ زانست – شارستانێتی کورد چۆن بووە چۆن ژیاوە...؟ لە چەرخەکانی بودا – زەردەشت – مووسا و عیسا... پێغەمبەر محەمەد (ص) پێش و پاش زاییندا، کورد چۆن ژیاوە...؟! لەگەڵ جیهان دین و ئایینیان چۆن بووە...!؟

بەتایبەتی لە چەرخی دەیەی – ناوەڕاستدا کورد، چۆن ژیاوە؟ عالەمی بێزەنتی – عالەمی عەرەب: لەگەڵ کوردا ژیان و بەستەگی چۆن بووە؟ شعوری قەومی کورد، چۆن بووە، گۆڕینێکی بەسەردا هاتووە...!؟ لە دەمەی پەیدابوونی کلیسا و سەڵتەنەتی پاپای ڕۆما... کورد، چۆن ژیاوە؟ میسر نەزانی ناو کوردستان لەگەڵ قەومی کوردا، ڕەوشت و





ڕەفتاریان سیاسەتیان چۆن بووە...!؟ لە سەردەمی جەنگی سەلیبی هیلالیدا کورد بەتایبەتی لە دەوری سەلاحەدین حکومەتی – ئەماراتی کوردستان بیروباوەڕی، ئایدیۆلۆژیای، خەباتی چی بووە...!؟ زۆر بەچاکی ئەبێ ئەمانە بۆ عالەم و بۆ کورد ڕوون بکرێتەوە. جگە لەمانەش چۆن دێ – شار، لە ناو کوردا پەیدا بووە، ژیانی قبیلەی – عەشیرەتی، ژیانی کۆمەڵی، گەل... چۆن لە ناو کوردا پێکهاتووە، دروست بووە... و چۆن قانوونی و دەستووری ئاغایەتی دەرەبەگی - Feadalisam داهاتووە و لە دەمەی سەڵتەنەتی خیلافەتی عثمانیدا clostern fhlete کورد چۆن خۆی ڕاگرتووە بەرانبەر گەلانی کەمایەتی یان وەک ئەرمەنی – ئاسوری – کلدانی – گریک – کورد چۆن ژیاوە، بەتایبەتی عالەمی کورد لەناو ئەکادیمی ژیانی فکری عالەمیدا، فەلسەفەی – لاهووتی جیهانی، چۆن تێگەیشتووە؟ و لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی چەرخی ١٣-١٢دا بەرامبەر گەلێ تەحەرور ڕەنگ، لە دژ ئەم تەناقضانە کورد، چۆن وەستاوە؟ ئاخۆ واقع و ژیانی کورد، کاتێک تورک لە دەوروپشتی دانووب – دیانە – مەجەردا لە ناو خاکی بالقاندا چۆن ژیاوە...!؟ لە چەرخی ١٤دا، مەدرەسەکانی قانونێکی پروتستاندی مامۆستاکانیان، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندیدا، بەچی ڕەنگ و نیگارێک مشعەلی نەهضەی – علمیان هەڵگرتووە ئاخۆ کورد لە بارەی ئایدۆلۆژیای قەومیەت دەوڵەت چی تێگەیشتووە؟ ئەبێ کورد باوەڕی بەوە هەبێت، بەرەو دەستووری قانونی قەدیم گەڕانەوەمان، لە توانایی کەسدا نییە. کورد ئەبێ باوەڕی بەتطور – تغیر – تجدد بێت. ئیمپریالیزمی چەرخەکانی ١٨،١٧ باوی نەماوە، ئاخۆ لەو دەمەدا، قیمەت و نرخی ئینسان لای کورد چۆن بووە؟! ڕەوشت و ڕەفتاری کورد بەرامبەر Humarm مالیادیلیزم چۆن ڕاپەڕیوە؟ بەچی دەستوورێک خۆی ڕاگیر کردووە، و تەن و لانەوەیانەی خۆی چۆن پاراستووە... ئەکادیمی کورد. ئەبێ زۆر بەوردی ئەمانەمان بۆ ڕوون بکاتەوە... لە دەمەی هێز و گوڕی، سوفیزم مەفهوم دینی، کورد چۆن تێگەیشتووە؟ بەناوی دینەوە، حکومەت ئەماراتی کورد، لەبەر چی بۆچ چوون ڕووخان...؟! شۆڕشەکانی دینی

لە ڕاپەڕین و ئاڵۆزەکانی مەزهەبی کاتولیکی پروتستاندیدا... کورد چی تێگەیشتووە؟! ترس و خەتەری ئیران عثمانی تاتار لەسەر کورد چی بووە؟ بەتایبەتی لۆسەری دانا و زانا - ١٥١٩م دا ڕەئی عامی ئەوروپا - سەڵتەنەتی پاپای چۆن بزواند...!؟ کالڤیرنیزم - سولتانەکان ئیمپراتۆران، ئومەرا - حوکەما - عولەمایی دیموکراسی لە کات و دەمەکانی ١٦-١٨دا، دیموکراسی - سوسیالیزم - دەوڵەت - وەتەن و قەومییەت... ئایدۆلۆژیان چۆن بووە؟ چۆن ڕاپەڕیون...!؟ برایەتی - دیموکراسی - ژیانی گشتی بەرامبەر دەرد و ئازار، زوڵم و زۆرداری، نۆکەران، هەژاران - جوتیاران چۆن بووە؟ ئاخۆ لە چەرخەکانی ١٦-١٨ لە گڕ و هێزی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمیدا - ئیستیفادەی قەومە ڕەشەکانی ئەفەریقا - ئەمەریکا - سیاسەتی کۆڵۆنیالی چۆن بووە...!؟ ئاخۆ کورد، لەو کات و چەرخەدا، بەرانبەر زبانی فرانسزی - ئینگلیزی، ڕووسی - ئەڵمانی... لە ئەدەب و زانستیان چی کەڵک و هێزێکی وەرگرتووە؟ ئاخۆ لەو دەمەدا، مهاجران - دەربەدەرانی کورد: لە ئەوروپا - ئەفریقا - ڕووسیادا... بەچی ئایدۆلۆژیایەک گەڕاونەتەوە کوردستان؟ ئەمڕۆ جەنگی - ئایدۆلۆژی، عالەمی ئینسانی، جەنگی ئازادی باوە، حەکم و سەڵتەنەتی مەرکەزی... بەجارێک ئیفلاسی کردووە حوکم و نرخی نەماوە جەنگی دین چەرخی ١٦-١٧ باویان نەماوە مەفاهیمی - قەومی، دینیش حوکمیان زۆر کەم بووە، ئەمڕۆ تەکیە و خانەقا کەس ڕوویان تێ ناکا! حاجی قادری کۆیی - لەدەمەی خۆی پڕوپووچی تەکیە و دەروێشانی، شێخەکانی تەشهیر و بانگی نابووتی و ئیفلاسیانی بەگوێ و مێشکی کوردا بانگ داوە، پێویستە کوردستان لە دەرد و ئازاری - ئیجتماعی - ئەکونومی... عالەمی کورد ڕزگار و ئازاد ئەکات. لای هەموو کەس ڕوونە جوتیاران - کرێکاران - بۆ پیشەسازی هێزێکی مەزنە... ئەشراف و ئاغا بنەماڵەکانی جاران هێز و حوکمیان نەماوە... بەرەو نەمان ئەچێ. لە چەرخەکانی دوایی ١٩-٢٠ بەم لاوە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی: سیاسی اقطاعی - کەنیشتە و مزگەوت... هەر لەسەر ئایدۆلۆژیای سوسیالیزم و دیموکراتی ڕۆیشتووە





- پرنسیپەکانی ناسیونالیزم لەسەر ئومەمی - ئەنتەرناسیونالّ - خۆی ڕاگیر کردووە، ئیتر هیچ کەسێک، هیچ گەلێک حروبی دینی - جەنگی ئەهلی برایەتی: وەحشەت دڕەندەییان کەس نایپەرستێت. جهان - عالەم - بەتایبەتی کوردستان... لە هەموو کار و فرمانێک پتر پێویستی بەئارام و ئاشتی هەیە، هەموو مەسائل و قضایای جیهان بەپرنسیپەکانی سۆسیالیستی - دیموکراسییەوە بەستراون، ڕاوەستاون لە هەموو گۆشەیەکی - جیهاندا - قانوونی دەستوری جمهوری دیموکراسی سۆسیالیزمی سەرکەوتووە لە هەموو ڕوویەکەوە و لە ناو جیهاندا، ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە... نەوت... کان و مەعادن، سامانەکانی سەر و ژێر خاکی زەمین: خێر و کەڵکی ئەبێ بۆ گەل و ئینسان تەرخان بکرێت نەک بۆ کوشتن و تالان و وێرانکردن... نەک بۆ تراژیدی - کۆمیدی جەنگی ناوخۆ بەکاربێنرێت.

ئەڵمانیا (٣٠٠) حکومەتی هەبوو، قانون و دەستوریان لەشکریان، ڕەوشت و ڕەفتاریان، ئایدلۆژیان زۆر لە یەکتر دوور بوون... گەلێکیان بۆ ئیمپراتۆریەکانی فەڕەنسە و ئەوروپا ئەبوونە جاش...!؟ ئەنجامی کار شۆڕشیان کرد، یەکێتی جەرمەن پێکهات.

کوردستان، ئەبێ لە مێژووی - ئەڵمانی کۆن... لە دابەشکردنی پۆڵۆنیا!! دەرسێکی عیبرەت وەرگرێت. مەعادن و سامانی کوردستان نابێ لە لایەنی ئیمپریالیستانەوە تالان بکرێت... کورد نابێ لە حقوقی ئینسان بێ بەش بکرێت بکوژرێت - برسێتی، نەخۆشی ڕۆژە ڕەشەکانی خوێنین جەنگی کوردستان - ئیران - و عثمانی مهاجرینی، دەربەدەری، تالان و سەرگەردانی کورد... ئیتر نابێ دووپات بکرێتەوە...!؟ ئارام و ئاشتی، تطور و تجدد، ئازادی و دیموکراسی... سۆسیالیزمی... ئەبێ ئایدۆلۆژیای کورد بێت... بەبێ جیاوازی، فئودالیزمی، گۆشەگیری - انعزال؟! وازبێنێت. کۆتایی بەژیانێکی ئەوهام و خەیالات... ئەفسانە وازی لێ بێنێت...لە شۆڕشەکانی فەڕەنسە... ئۆکتۆبەری ئینسانی ڕووسیا بەجارێک دەرسێکی عیبرەتی لێ وەرگرێت - دیموکراسی - سۆسیالیزم: دین و ئاینی بێت بۆ ژیان و ژینی باوەڕی بە talerance - هەبێت ئیدارەی

مەرکەزی بەئۆتۆنۆمی بگۆڕێت، بۆ عالەم پێویستە جهان واز لە ژیانی ئەریستوکراتی ئیمپریالیزمی - ئەنگلو ئەمەریکی واز بێنێت باوەڕی بەو کامپانە نەکات. کورد باوەڕی بەوێرانی - تەخریبات و تالاّنگەری... کوشتارەکانی دوو جەنگی جهانی عالەمی... کە gentel en enf England کردوویەتی بەجارێک واز لەو باوەڕ و دین و ئاینە دەستی خۆی بکێشێت، وازی لێ بێنێت. لەگەڵ گەلانی عەرەب - تورک - ئیران - ڕۆژهەلاّتی ناوەندی، حەرەکات و ڕاپەڕینەکانی - عالەمی - ئازادی - تحرری جهانی - ئەوروپا - ئاسیا - ئەفەریقادا یەک بگرێت... لەگەڵ شۆڕشەکانی ئازادی جهان - خۆی ڕێکوپێک خات، هاوئاهەنگ و هاودەنگ بڕوات...

کورد نابێ باوەڕی بەهیچ ئیمتیازاتێکی لا ئینسانی - بورژوازی هەبێت - الحمد لله رب العالمین - ئاینی کورد باوەڕی بەالله محبە... هەبێت - تراژیدی - کۆمیدی خوێن ڕێژەکانی ئیمپریالیزم بەتایبەتی کوشتار و تالاّنەکانی، وێرانی هەردوو جەنگی - جیهانی نابێ قەد لەبیری بچێت... کە میلیۆنان بەشەری تێدا کوژراوە، هەزاران شار و دێهاتی تێدا سووتاوە زەرەر و خەسارەیەکی مەزنە لە ئادەمیزاد کەوتووە هەتا ئێستا ئەم برینانە هیچ سارێژ نەکراوە...!؟ کوردستان: ئەمڕۆ داخەکەم - وەک تۆپی فوتبۆڵێنی لێ هاتووە...!؟! ئیمپریالیزمان، کۆنەپەرستان بەتایبەتی ڕەئاکسیونرانست Re-oetionist ڕۆژهەلاّتی ناوەندی - ئەکۆنۆمی - سیاسی - اجتماعی... یاریکە خوێنینیان لەگەڵ کوردا هەیە یان لە مابەینی گەلان و حکومەتانی اقطاعی کۆنەپەرستانی - ڕۆژهەلاّتی ناوەندی... بەتایبەتی ئیران - تورک - هاوکارانیان ئەنگلۆ ئەمەریکی ئیمپریالیستی سیونی پەرەستان...!؟ لە ماف و حقوقی ئینسانی... کوردی مەزلومیان بێ بەش کردووە... هەر ئاوارەیی، سەرگەردانی بۆ کورد ماوەتەوە...!؟ بەدەستی کوردەوە ارتباطێکی مەعنەوی گیان و ژیانێکی قەومی چینایەتی نەبێت...

کورد هیچ سلاحێکی تری بۆ نەماوەتەوە... کوردستان... بەگەلێ دەستە و چینی دابەش کراو، هەروەکو ڕوحانیان - شێخان - دەروێشان -





تەکیە و خانەقا - ئاغاکان - بورژوازی - شارەکان فەئودالیزمان... نەزان و خۆپەرستان... هەلپەرستان ئەرستوکراسیەکان نامرۆیی، نامرۆیی نائینسانیان... لە هەمووی زیاتر، دەستە و چینەکان... برسی و و لاتەکان... دەربەدەرانی لادێکان ئەمڕۆ پەرێشان و سەرگەردان ئەژین... بەرەو شۆڕشێکی گشتی ئەڕۆین، بۆ ڕزگاری ئازادی خۆیان خەبات و هاوار ئەکەن... ئەمڕۆ لە ناو هەموو کوردستانەکانی... ڕۆژهەلاّتی ناوەندیدا دەستە و چینەکانی فەئودالان، زالّمان زۆرداران حوکمداری ئەکەن، کوردان: لە چەرخەکانی ١٩ - ١٨ بەوە دەستیان کردووە بەمهاجرەت کردن بەرەو ئەوروپا - ئەفەریقا - ڕووسیا چۆن لەبەر ترس و هەرا خەسارەتی جەنگ و برسێتی، نەخۆشی، بێکاری... بەتایبەتی زوڵم و زۆرداری ئیران - عثمانیان... و حکم و ئیستبدادی ئاغاکانی دەرەبەگانی کورد... بۆ ژیان و نان دەستکەوتن، مەجبور کراون لەگەڵ ئەرمەنیدا، دەربەدەری کوردستان کراون، بەتایبەتی هێز و برسێتی جەنگی قرم... چوونە ناو خاکی ڕووسیا - فەرەنسە - ئەفەریقا...؟ لەوێ گەلێ ساڵ ماون و ژیاون، ژیان و ژینی ڕۆژئاواییان، ئایدۆلۆژیای... ڕاپەڕینەکانی جوتیارانی - ڕووسیا - ئەوروپا - فەرەنسە - جەرمەن... دین، مەزهەبی قەومی - ڕاپەڕین و گەلێ شتی تر شارەزاییان پەیدا کردووە، لەگەڵ پارتی سیاسییان، جووتیاران و کرێکاران هاوکاریان کردووە، جگە لەمانە کورد: لە مەکتەبەکاندا لەگەڵ ئیران - تورکدا، وەتەن پەرستانی کورد - مهاجرانی سیاسی کورد، لەگەڵ پارتە سیاسییەکاندا، ئازادیخوازانی ئینگلیز - فەرەنسە - جەرمەن - ڕووسیا تێکەڵی یەکتر بوون، گەلێ شتیان لێوە فێر بوون بەم ڕەنگە ئایدۆلۆژیایی شۆڕشی ئەوروپا بەتایبەتی ڕووسیا - هاتۆتە ناو کوردستانەوە، لە قەرنی ٢٠ - ١٩وە وەتەن پەرستانی - ڕۆشنبیرانی کوردستان: لە ناو خاکی ڕووسیا - فەرەنسە - سویسرە - ئینگلتەرە - ئەفەریقادا... شارەزایی بوون. بەم ڕەنگە کوردستانیان پێ ئارایش، هۆشیار کردەوە، شۆڕشەکانی چەرخی ٢٠ - ١٩یان پێک هێنا.

بەتایبەتی دابەشکردنی - پۆڵۆنیا - کوشتارەکانی چەرخی لوتر

پرۆتستانیزم - کاثۆلیکی ئیرلاندی تریشەوە، جەنگ و هەراکانی شۆڕشەکانی - گەلانی بالقان!؟ بەجارێک کوردستان لە دژ زوڵم و زۆری دیکتاتۆری عثمانییان پاڵێکی توند و بەهێزی پێوە ناوە و دژ سیاسەتی ئیستیقلالی جهانگیری، زوڵم و زۆرداری ئیران - عثمانیان... زۆر بەکین و تۆڵەیەکەوە کوردی بۆ شۆڕشکردن هان داوە. یەک لەسەر یەک بۆ شۆڕش و ئازادی کوردستان پاڵی پێوەناوە... بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان ڕاپەڕیوە لە هیچ شتێک نەترساوە، چاوی نەشکاوە - گەلی کورد بەخوێنی خۆی هەتا ئەمڕۆ ڕاگیر کراوە... کوردستان لە چەرخی ١٨وە بەبێ باوەڕی نەناسینی حقوقی ئینسان... کورد گەلێ جار لە دژ تورکیا ڕاپەڕیوە یاخی بووە... لە دژی سەڵتەنەتی خیلافەتی عثمانیان... بۆ ڕزگاری کوردستان خەباتێکی خوێنینی بەرپا کردووە... و بەدرێژایی چەرخەکان کورد... قەت ملکەچیی عثمانیان ئیرانیان نەکردووە، لەناو دەست و دڵ... چیا بەرزە بەفرینەکانی کوردستان بەئازادی ژیاوە خۆی پاراستووە... لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتی - ناوەندی جنسییەت و قەومییەتی خۆی هەتا ئەمڕۆ ڕاگیر کردووە... دێهات و شارەکانی خۆی بەجێ نەهێشتووە، لەگەڵ هەژاری، گۆشەگیری گەمارۆیشدا... خۆی بەدەستەوە نەداوە، هێز و توانای خۆی مێژوو ئەدەب، ژیان و ژیانی ئەکۆنۆمی خۆی ڕاگیر کردووە بەرانبەر هەموو گێژەلووکەیەک ڕاوەستاوە... خۆی تەسلیم نەکردووە، سەری دانەنواندووە، لەشکر و دوژمنانی خۆی بەجارێک لە ناو چیا، دەشت و دێهاتدا، سەر و ژێر پەرێشان کردووە، بەگیانێکی میللی خۆی ڕاگیر کردووە... هەموو گێژەلووکەیەکی ڕاوناوە لای هەموو کەس ڕوونە، کورد لە چەرخی بەردا بەبەرد... لە چەرخی تیروکەواندا، بە ڕم و شیر قەڵغان... ئەنجامی کار لە دەمەکانی تاپڕ و بڕناودا: هەتا ئەمڕۆ کوردستانی جێنشینی باوباپیرانی... قەت بەدەستەوە نەداوە و، هەتا ئەمڕۆ شەخصیەتی مێژووی... ژیانی جوگرافی خۆی، ژیانی ئەکۆنۆمی خۆی ڕاگرتووە، کورد، ئەمڕۆ ئینتاجێکی زۆری هەیە، بۆ تەفاهم و پێکهاتن، یەکێتی برایەتییەکی ئینسانی... لە مابەینی حاکمان، حکومەتانی ڕۆژهەڵاتی - ناوەندی... مەلیک و سەرۆکانی





- جمهورییاندا... جگە لەمانەش کورد... ئەبێ لەگەڵ هەموو دەستەیەکی بەرز و... چینەکانی ناوەندی - نزمی - لەگەڵ دەستەکانی پرۆلیتاری جیهاندا... پێویستە هاوکاری بکات هاوئاهەنگ لەگەڵیاندا بڕوات، پێکەوە بەگیانێکی ئینسانی - مساواتێکی اجتماعی - ئەکونومی... کار و فرمان بکات، بەم ڕەنگە ئایدۆلۆژیای چەرخە ٢٠ - ٢١ پەسەند کات. باوەڕی بەچەرخی ئەلکترۆن، ئەتۆم هەبێت ...Industry of petrol باوەڕی پێ هەبێت، ئەلکترۆن، میکانیک پەرست بێت، ئەگینا ناتوانێ بژیت Chemi cale چونکە کات و چەرخی ئەمڕۆ لە چەرخەکانی، غەزاکانی: مەغۆل - ئیران - ڕۆما - بیزانس، ناچێت...!؟ تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆ: قانونی - طبیعت - سروشت بەجارێک دیل کردووە... ئاسمانی - هەموو کون و قوژبنێکی سەر و ژێر کردووە پشکنیوە... هەرچەند لە سەرەتای کاردایە... ئێستا تەکنۆلۆژی سۆڤیەت - ئەفەریقا نەگەیشتۆتە ئامانجی خۆی لەگەڵ ئەمەش دەریاکانی جهان، زەمینەکانی خاک و نەختی ئەوروپا - ئەفەریقا - ئاسیا - ئەمەریکا - ئوستralیا - هەردوو ئەرکێکی - سەرووخوارووش بەجارێک دیل و مەحکووم کردووە. حاکمی طبیعت بووە، ئەلەکترۆن - ئەتۆم - تەکنۆلۆژی بەسەر خڕۆکەی زەمیندا فەرمانڕەوا کردووە، لە جیهاندا لە ناو دەریاکاندا، لەناو ئاسمان و زەمیندا هیچ شتێک نەماوە بۆی نەچێت، نەیپشکنێ؟ هەموو کارێکی - طبیعت ئەسیری علم و فەن بووە، لە ژێر میکرسکۆبی هونەردا. هیچ شتێک نەماوە خۆی ڕابگرێت - دیلی تەکنۆلۆژی - ئەتۆمی - نەبووبێت - هەرچەندە سەرەتای کاریشە، هەموو کار و فرمانێک لە دەستی ئینسانی علمی - فەنی ئەمڕۆدا... ئەسیر و مەحکوم بووە... تەقالید و عرفی کۆن... بیروباوەڕی کۆن... ئەفسانەکانی ڕابردوو... ئایدۆلۆژیای مثالی... هیچ باو و نرخێکی نەماوە، مۆدەیان پووچ کراوە، ئەی پرۆفیسۆری بەڕێز، ئیحسان شێرزادی نازدار... کورد پێویستە ئەسبابی Metaphysical هۆیەکانی نەمانی ئیمپراتۆرەکانی سۆمەری - ئاسوری - میدی - بێتزانس و ڕۆما... فیرعەونیان - ئیمپراتۆرەکانی عەرەب، عثمانی، شاهین

شاهەکانی ئێران - ئیمپراتۆرەکانی فەرەنسە - اسپانیا - بەریتانیای مەزن - جەرمەن ئوستورالیا لە ڕوویەکی علمی واقعیدا، دەرس و عیبرەتێک و پەندێکی ئینسانی لێ وەربگرێت، ئاخۆ ئەمانە بۆچ نەمان. تەختوتاراجیان، فەنزانیان... بۆچ نابوود کران...!؟ ئەبێ زۆر بەچاکی بەوردی کورد لێی بکۆڵێتەوە... لەمانە پتر: گرەنگترە، اسپان و هۆیەکانی جەنگی یەک و دووی جهان، ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی چەرخەکانی ١٧ - ٢٠ ئەبێ پەند و دەرس عیبرەتێکی ئینسانی لێوەربگرێت، کورد، نابێ خۆی ملکەچی ئەفسانەکان بکات بەفکری مثالی خۆی دوا نەخات......!؟ Metaphysical کورد نابێ خۆی لەناو عالەمێکی بۆش و بەتاڵدا زیندان بکات a younen Vacumm داخلی و خارجی خۆی نەخاتەوە پەستن و پەستنێک زەغتێکی ئەکۆنۆمی - اجتماعی - سیاسی علمی و لە گۆشەگیری انعزالی ئەبێ خۆی دوور بخات. ظروف احوال، عوامل و مؤثراتی قەرنی ئەمرۆمانی... چەرخی ٢١ بەجازبەکانی، عەوامل مێژوو توانایی، قضایا و مەسائلی... ئەم چەرخە عەجاییبە و غرایب و فراوانە، وەک عفریت ڕێکەوین نەبەزین و ئەلکترۆن ئەتۆمێکی کوشندە ئەبێ کورد ئاگای لە خۆی بێت ژێر نەکەوێت، گەوهەر و کاکڵە و، ئەرکەکانی ئەم چەرخە - ٢١...ی لەبەرچاو بێت، باوەڕی بەمعجزەکانی - ئامانجەکانی ئەتۆم هەبێت، بتوانێت خۆی ڕاگیر کات، جینس و شەخصیەتی بپارێزێت.

ئەمرۆ Tevni lelet uru لەباتی ئەمە: تراژیدی کۆمیدی هەڕەشەکانی ئیمپریالیستی لە جهاندا حوکم فەرمانە، ئەوەمان لە بیر نەچێت ئەنگلۆ ئەمریکی هێرۆشیما - ناگازاکییان چۆن سەروژێر و کاول و نابوود کرد چۆن هەڕەشەیان لە ئادەمیزادی - بەشەرییەت کرد... ئەم تراژیدی - کۆمیدییانە!! ئەبێ هەر لەبەرچاو بمێنن... کورد پێویستە خۆی لە کاپی ناسیونالی - ئیمپریالیستان ڕزگار کات - کەم و زۆر لە بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی قەومی ارهابی چەرخی - ١٩ - خۆی دوور بخاتەوە و بەنەخۆشییەکی - کوردیزم؛ خۆی نەکوژێت، ئینسانی، عالەمی کوردێکی ئومەمی بێت. کورد: کە ڕەنگە لە





چەرخەکانی دەمی کۆن اتوقراسی ڕووسیا، لەگەڵ طبیعتی ملاک... و عبودیت فەلاح ملکەچی بەندەگی سوخرەکێشانی دیلانی هەژاران جهان، دەرد و ئازاریان، چەرخ و دەمەکانی ئاژاوە - ئاڵوگۆڕەکانی ڕووسیا، ئەبێ دەستورێکی زۆر و پەندێکی لێ وەربگریت... وە لە دژ هەموو کۆنەپەرستانی - فەئوداڵان - شۆڕشێکی ئیجتماعی - علمی - ئەکۆنۆمی بانگ بدات، بۆ خەباتێکی ئازادی دەروونی بڕوات، ئاوا بوو ئەخلاق ژیانێکی ئومەمی پەرستی بکات - بەتایبەتی لە دابەشکردنی پۆڵۆنیا، قەرنی ١٨ی لەبەرچاو بیت کە چۆن بەخوێن و ئاسن دامرکان......؟! لەبەرچی مارکسیزم - ئەنگلسیزم - لینینیزم داهات... لەبەرچی شۆڕشی ئۆکتۆبەری... مەزن... بانگەوازی کرا...!؟ شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن: لە جەنگی جهانی یەک و دووا، بۆچی لەناو جهاندا دەنگی دایەوە، لەبەرچی فاشیزم ئازیزم ڕووخا...!؟ ئەمرۆ بۆچی پرۆلیتاریا نەک ڕووسیا، عالەمی جهان، بەشەری داگیر کردووە، ئادەمیزادی هۆشیار کردەوە، سۆڤیەتی ڕووسیا بێ جیاوازی لەگەڵ هەموو کامپەکانی ڕۆژئاوادا، ئەفەریقا، ئینگلتەرە... فەرەنسە لەگەڵ عالەمی عەرەبیشدا هاوکاری ئەکات... ئەکۆنۆمی. فیلوزوفی - کەمپەری سیاسی، ستراتیژی پاکت و پەیمان دروست دەکات. بەم ڕەنگە خزمەتی ئادەمیزاد و ئارام و ئاشتی ئەکات. سۆڤیەت لەبەر چی کامپی شەرقی - غەربی شەڵەقاندووە؟ ئەبێ لەمانە زۆر بەوردی لێی بکۆڵینەوە. کورد پێویستە کەڵکێکی ئینسانی - واقعی لێ وەرگرێت - شەخصیەت و قەومییەتی ئومەمی خۆی بپارێزێت تاکو بەرەو فەنا و نابوودی نەڕوات...!؟ عالەمێکی نافع و ئینسانی، بۆ ئارام و ئاشتی جهان، خادم و خێرخواهێکی حەقیقی - واقیعی پەرستیش، سەرۆکی نازدارمان، ئەگەر بەم خاڵانەی - Point - سەرەوە توانیبێتم، دەرد و ئازاری کورد، دەرخەم بیروباوەڕی خۆم بەرامبەر تۆ، سەرۆکی ئەکادیمی کوردی بەتایبەتی نرخ و بایی گۆڤاری عیلمی - واقعی - مجمعی علمی ئاشکرا دەکرێت وەڵامی ئێوەی زۆر بەڕێز و هاوکارانی ئەکادیمی ڕەواج و پەسەندیەکی هەبێت. بەڕاستی خۆم زۆر بەبەختیار و سەرفراز ئەزانم بەدڵسۆزییەکەوە، ئەی

سەرۆکی نازداری بەڕێز تۆ و هاوکارانتان دکتۆر کەمال مەزهەر، دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبکر، کاک مەسعوود محەمەد، ئیخلاس و سوپاسگوزاریم بەدڵپاکییەوە پێشکەشتان ئەکەم. ئەگەر لای بەڕێزتان بەباشی بزانرێت، رجا و نیازم ئەوەیە بیروباوەڕی دکتۆر کەمال فوئادی کولیەی ئادابی کوردی سلێمانی و دکتۆر ئیحسان فوئادی کولیەی ئادابی بەغدا دراسەی کوردی لەگەڵ دکتۆر حسێن بارزانی بەرانبەر گۆڤاری بەنرخی ئەکادیمی کورد بۆ بەندە بەیادگاری ڕەوانە کرا بوو بێ ئەندازەیی بێ ژمارە سوپاسم پێشکەش ئەکەم پێشکەوتنی کورد بەدەست ئەکادیمی کوردەوەیە.

دڵسۆزتان/ ئیسماعیل حەقی شاوەیس



## کار و فرمانێکی بەرداری جامیعەی - بەغدا

لە کولیەی علوم و ئاداب بەشی کوردی مامۆستای مەزنمان، جگەرخوێن، بەناوی ئاوا دەستورا زمانی کوردی، گرامیرکی بەگیتی فیلولوژی زمان شناسی بەهاریکاری جامیعەی بەغدا هاتیە چاپکردن زۆر سوپاسی بەڕێوەبەرانی جامیعە دەکەین. چونکە: ئەمە کار و کردەوەیەکی عیلمی ئەدەبییە، بۆ عالەمی عەرەب و کورد کراوە، کە هەردوو گەل بەیەکتر کۆ و نزیک دەکات بەیەکتری ئەناسێنی بەرە بەرە زمانی یەکتر فێر ئەبن و لە یەکتر تێ ئەگەن، لەبەر ئەوە چەند سوپاسی جامیعەی - بەغدا بکەین ئەوەندە کەمە: چونکە ئەم جۆرە کار و فرمانە بۆ ئایندە فرە بەردارە.

مامۆستای بەڕێز بۆمانی ڕوون کردەوە کە زمانی کوردی دوو شێوەی مەزنی هەیە: کوردی - کرمانجی کە هەردووکیان ئەدەبی کۆن و تازەیان زۆر دەوڵەمەندە و لە ناو کوردەواریدا بەناوبانگن. وە دوو دیالێکتی تریش هەن (کرماشاهی) یانی فەیلی لە ئێرانەوە، زازا - کە لە ناوچەی دێر و قوچگێری - تورکیا قسەی پێ ئەکرێ. هەردووکیان دیوان و ئەدەبێکی دەوڵەمەندیان هەیە، هیچ گومانی تێدا نییە بوونی شێوە لەهجەکان، دەوڵەمەنی فراوانی گۆڕین و پێشکەوتنی توانا و زیندوویی زمان دەرئەخات.

هەروەکو زانراوە ئەم شێوانە سنووریان نزیک یەکن، وە هەموویان بەیەکەوە نوساون و یا کەم و زۆر بەیەکەوە لکاون. ئەم شێوە قسە پێکرانە، حاڵەتی وەزعی سیاسییان ئەبێت بەستە و پەیوەندی ئەتونومی - کۆمەڵایەتی ژیان و ژیانیان، بوون و هەستی لەش و گیانیان تێکەڵ بەیەکن وە پێکەوە نووساون. هەموویان لە یەکتر جوێ نابنەوە. ڕەوشت و ڕەفتار و گوزەرانیان چوون یەکە کە ئەم دیالێکتانە هەموویان سنووری جوگرافی، سنووری گژوگیا و دار و دەوەنیان، سنووری ئاژەڵ و حەیواناتیان ڕەوشت و ڕەفتاری ژیان و ژینی گشتیان یەکە و لە یەکتر ئەچێت. هەروەها دەستوور و زمانی کوردی بۆمانی ڕوون کردۆتەوە کە ئەم شێوانە لەگەڵ یەکتردا لە کۆشش و خەباتدان، لەمانە کامیان حاڵەتی ئەکونومی - کولتوور زانیارییان گیانی ئەدەبی - کۆمەڵایەتییان، بەرز و بڵند و پتر بێت ئەو دیالێکتە ئەنجامی کار بەسەر شێوەکانی تردا سەر ئەکەوێت و زاڵ ئەبێت، خۆ بەخۆ شێوەکانی تری پێ چاکتر ئەکەیت و بۆ گشت کورد چی بۆ ئاخاوتن دەست پێکردن، چی بۆ نووسین و ئەدەب ئەبێتە زمانێکی گشتی بۆ هەموو.

لەگەڵ ئەمەش (دەستورا زمانی کوردی) بۆمانی ئاشکرا کردووە کە هەموو شێوەکانی زمانی کوردی، کەم و زۆر هەریەکە بنکەی وشەکان، سینەتەکانی مانا، اسلوب و تەعبیرەکانی، وتن و لێ دەرهاتن، ئالات و ئەدات و ڕستە و کردن هەموویان وەکو یەکن جگە لەمانە شێوەکانی کوردی بۆمانی دەرئەخات کردن و داگیرکردن، ڕامبوون وە ملکەچی، تێکەڵی و کۆچەری، جیاوازی زانست و زانیاری هەموو جۆر هیچ کاتێک هێز و ڕەوانی خۆی، نەیتوانیوە بیخاتە سەر دەستوورا - کوردی - و زمانی کوردی، هەر لەو دەمەی کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەرانبەر هەموو سێلاو و هەڵمەتێکی پۆلەتێکی - ئەکونومی - کوولتووری ئارامی - گریک - ڕۆمان لاتینی خۆی گیر کردووە. هەرچەند کتێب نەهاتۆتە چاپکردن، بەدەستنووس و زانیاری گشتی گەلی: بە ستران، چیرۆک و داستان فۆلکلۆری - دی واتای کوردی زیندوو هێز و توانای زمانی کوردی بەرانبەر هرووژم و هەڵمەتێک... خۆی ڕاگیر کردووە لەڕولاواز نەبووە و نەخۆش نەکەوتووە.

ئاشکرایە کە زمانی کوردی: خزمی زمانی فارسی و زمانەکانی ئاسیایی ترە... زمانی کوردی کە زۆر دوور و بێگانەیە بەزمانی - تورکی. هیچ کاری شێوە دەنگ و ئاهەنگ، بنکە و گرامیری خۆی نەداوە بەدەست. وە بەم ڕەنگە زمانی کوردی قەت دیلی بێگانە نەبووە، ژێر نەکەوتووە، هەر بەپێشەوە چووە، تازەکی زیندەگی گرامیر و دەستوری خۆی بەگەشاوەیەکی فراوانەوە، خۆی ڕاگیر کردووە، بەم ڕەنگە زمانەکانی بێگانە، هیچیان نەیانتوانیوە زمانی کوردی بێ هێز و نەخۆش بکەن، بەڵێ هێز و توانای ئەکۆنۆمی - پولەتێکی زمانی بێگانە، لەگەڵ زمان و شێوەکانی کوردیدا پێکەوە ژیاون بەسەر زمانی کوردی هەندێ زاڵ و فەرمانڕەوا بوون، بەڵام هیچ کاتێ زمانی کوردی پێ ژێر نەخستووە وە لەوزەیاندا نەبووە دیل و بێ توانای بکەن. بێگانان نەیانتوانیوە زمانی کوردی لە بیر و مێشک و دڵی کوردا دەربێنن - بەم ڕەنگە زمانی کوردی هەر لەو دەمەی گریک - ڕۆما - ئاشور - کیلدانەوە... هەروا بەفیز و توانا و گەشاوەیی ماوەتەوە و هەروەک زمانەکانی زیندوو خۆی ڕاگیر کردووە و پێشکەوتووە.

هەروەکو مامۆستا جگەرخوێن، لە دەستورا زمانی - کوردی بۆمانی دەرخستووە گوتن و کردن، دەنگ و ئالاکانی کوردی لە شکل و تەرکیبدا اسلوب، مانا و گەوهەری ئاخافتەنی زمانی کوردی تێک نەچووە، نەگۆڕاوە، کەلیمات و سیفەت تەسریف و بنکەی پەیڤ - ڕستەکانی کوردی خۆی ڕاگرتووە. بەم ڕەنگە هەتا ئیمڕۆ گرامیری کوردی تەڕ و تازە ڕاوەستاوە. چونکە ئیمڕۆ بەهۆی ئۆتۆمبیل شەمەندەفەر فڕۆکە - تەلەفۆن - ئەلیکتریک... خاک و ئیقلیم و گەلان نزیکی یەکە و وە هاتوچۆ و تێکەڵی





زۆر بووە. لە گێتیدا (کات و دووری) وەک نەمابێ وای لێ هاتووە و هەتاوێت کات لە ئەلکتریک - سپوتنیک و بەتایبەتی. کاتی داگیرکردنی ئاسمانی Space Age پێش دەکەوێ عالەم و گێتی نزیکی یەک دەست و بیروباوەڕی گشتی و گەلان هەموویان بەرەو یەکێتی ئەچێت، وە ڕەوشت و ڕەفتاری کۆن هیچ نامێنێت و پڕوپووچ، بیروباوەڕی کۆن...... بەرامبەر کاتی ئارامکردنی چینەکان ئاسمان بەجارێک ناتوانێ خۆی ڕابگرێت دائەتەپێت لەبەر ئەوە کە (سروشت و تابیات) بەجارێک ئەکەوێت و دیلی مرۆڤ ئەبێت.

وارەندە... ئیستسلاحاتی عیلمی ئەکونومی تەکنیکی - زانیاری کۆمەلایەتی هەموویان... یەک بن یانی لاتینی بێت هەروەک عالەمی ئەوروپایی بەکاربهێنرێت، گوتن و ورتەکان وەک: ئەلیکتریک... ئەلیکترۆن... تەلەگراف - تەلەفۆن - فیزیک ئەکونومی - پولەتێکی، ڤیتامین - میکرۆسکوپ، تەلسکوب، ئەتۆم - سپووتنیک - کومەن - ڕوکەت - Space Age ڕامکردنی چینەکانی ئاسمانی... هتد لەسەر بنکەی کێتی گریک و لاتینی هەروەک گەلانی... ئەوروپا چۆن بەکاردێنن هەروەها گەلی کوردیش وەک ئەوان بەکاری بێنێت. وە ئیسلاحاتی زانست و کولتوور و تەکنیک... نەکا بەکوردی و دەستکاری بەتەرح و ئیستیلاحات نەکات وە قەت نەیگۆڕێت تاکو خوێنکاران، دەبستانەکان سەریان لێ تێک نەچێت، سەرلەنوێ فێری ئیستیلاحات و نەزمی تازە نەبێت، کاتی بەنرخیانی خەسار نەکەن، کۆششی خۆیان بەفیڕۆ نەدەن.

مامۆستای هێژا تۆفیق وەهبی بەگ لە ناو فیلوژیستەکان - لە ڕۆژئاوادا ناسراوە و لەگەڵ زمان و فەرهەنگ و دەستووری کوردی زۆر خۆیان خەریک کردووە لە دەستووری چاپکراوەکانی کوردی گرێ کوێرەی کردۆتەوە. بنج و بناوان و ئاهەنگی گوتن و کردن و گرامیری کوردی بۆمان ڕوون کردۆتەوە، لە نەوجوانان مامۆستای بەڕێزمان کاک علی ئەمین کە زنجیرەیەکی گرامیری - کوردی نووسیوە و لە زمانی کوردیدا گەلێ کەلێنی پڕ کردۆتەوە... بەڕاستی ڕێزمانەکەی زۆر نایاب و گرانبەهایە، جگە لەم بەڕێزانە ئەدیب و زانا کامیل حەسەن بەسیر کە شارەزاییەکی تەواوی هەیە لە شێوەی کوردی کرماشانی... کە دانیشتوانی بەلووری گەورە و گچکە و بەئەم دیالێکتە بەناوبانگە. بۆ ئەوە بوو زمان و فەرهەنگی کوردی بیروباوەڕی ئەم زانا و مامۆستایانە وەرگرن زۆر جێگای کەڵکە.

هەروەهاش خوالێخۆشبوو مامۆستای نازدارمان: مەلا سەعیدی کابانیش یەکەم کەسە کە بەزمانی کوردی گرامیکی کوردی چاپ کردووە وە جەلادەت عالی بەدرخان

خوالیێخۆشبوو، لە نامە کراوەکەی کە بۆ مستەفا کەمال پاشا ئەتاتورک نووسی وە بەنزمی و بەرزی کەموکوڕی فراوانی بەستە و پەیوەندی زمانی تورکی - کوردی دەرخستووە لە ڕووی فیلولوژی، هەردوو زمانەکەی، بەراورد کردووە بەڕاستی بەخۆشەویستیەکەوە، کار و کردەوەی ئەم زانا مەزنانە لە بیر و مێشکی هیچ کوردێک ناچێتە دەرەوە، کردار و ناوی نازداریان لە بیر و یادماندان. بەڕاستی ئەوانەی بیانەوێ لە زمانی دەستووری کوردی هەریەکە و بنج و بناوانی کوردی تێ بگەن، دەستووری زمانی کوردی جگەرخوێن بخوێنن چونکە بەئاوات و هیوای خۆیان ئەگەن، بەشانازییەوە ئەڵێن پەرتوکا دەستووری زمانی کوردی

Aw Au Desto Ra Zem Awe ku Rdl Ce Qe R X wim pHiLo Log

مزگێنی دیارییەکی مەزنە بۆ عالەمی فیلولۆژی

کار و فرمانێکی بەردارە بۆ عالەمی عەرەب و کورد.

پرسیارێک لە مامۆستای بەڕێز...؟

نازانم ئیستلاحی سۆران... بادینان لە کوێ هاتۆتە دەرێ...؟

داخەکەم ئەم دوو تەرحە لە جێی خۆی بەکار ناهێنرێت.



# ئەوەی لە بارەی ئیسماعیل حەقی شاوەیسەوە نووسراوە

## ١

## تەرجەمەی حاڵم

لە شاری موصل هاتمە دونیاوە (١٨٩٦) لە مەکتەبی ڕوشدی عەسکەری. ئیعدادی سولێمانی بغداد خوێندنم تەواو کردساڵی ١٩٠٣-١٩٠٨ لە ئەستانبول لە مەکتەبی حەربی شاهانە دەرچووم. بە ملازم ثانی ١٩٠٩-١٩١٢ چوومە ناو جەنگی (باڵقان) - (کریک یونان) ١٩١٣.

دیل کرام لە سالونیا... لە دیلییەوە گەڕامەوە ئەستانبول ٩١٣-٩١٤، چوومە ناو جەنگی یەک ٩١٤-٩١٨ گەڕامەوە بۆ شاری سلێمانی لە مانگی شوبات، ١٩١٨-١٩١٩ لەگەڵ شێخ مەحموودا جەنگی کوردستانی عێراق سلێمانی ساڵی - ١٩١٩، بەنمایەندەی کوردستان چوومە کەرکووک لەگەڵ جەنەڕاڵ فرایزەر حاکمی کوردستان میاکبرسوندا وتوویژم کرد بۆ مەسەلەی کوردستان وتیان تەسلیم بن ئەسیرەکان تەسلیم و بێ جەنگ و هەرا ناوچەکانی سلێمانی تەسلیم بکەن ئینجا مزاکەرەی ئیستقلال کوردستانتان لەگەڵدا ئەکەین......؟ منیش وتم ئێوە لە دژی کوردستان ئیعلانی حەربتان کرد خلافی عەهد و معاهەدەی کوردستان ئینگلیزتان کردووە لە هەردوولا خەسار و کوشتار بووە، ئێوە جەنگتان کرد. ئینگلتەرە لەم جەنگەدا مەسئولن... بەپێی معاهەدەی کوردستان ئەبێ ئیستیقلالی کوردستان محافظە بکرێت... وە هەرچی خوێن ڕژاوە لەشکری کوردستان، مەلیکی کوردستان، حکومەتی کوردستان، شێخ مەحموود مەسئول نییە. گوناهی خوێن ڕشتن ئەم مەعسومانە لەسەر ئینگلیزە... ئینگلیز مەسئولە. جەنەڕاڵ فرایزەر و بارەگای وتیان نا... بەبێ جەنگ و شەڕ سولەیمانی - کوردستان تەسلیم بەئنگلیز بکرێت ئێمە لەشکرمان بەهێزە ئەگەر لە بەغداد - بەصرە هیندستانیش لەشکر بێنین سلێمانی و کوردستان ئەگرین. من ڕاستەوخۆ وتم - مەسئولیەتی جەنگی

دوێنێ ئیمڕۆ دوارۆژ بارکرانی مەعنەوی ئینسانی لەسەر شانی ئێوەیە، هەرچی خوێن بڕێژێت تاوانبارە و گوناهی لەسەر ئینگلیزە، کوردستان و لەشکرەکەی شێخ مەحموود مەسئولیەت قبوڵ ناکات. ئێوە بەجەنگ و خوێنێکی زۆر ئەنجامی کار ئەتوانن سلێمانی بگرن بەڵام ناتوانن بێنە ناو جەرگی کورد و کوردستان. بەم ڕەنگە جوابیم دایەوە. ئەمجا جەنەراڵ فرایزەر، مەسئولی کوردستان وتی: ئەی دیلەکانی ئینگلیزتان بۆ کوشتووە تالانێکی زۆری دوو ملیۆن ڕوپیەی خەزێنەتان تالان کردووە. چەک و سیلاحێکی زۆرتان گرتووە پێویستە ئەمانە بدەن... لە جەوابا وتم غەنائم دەستی لەشکری کوردستان کەوتووە... بەڵام دیلەکان نەکوژراون، ساغن زۆر بەئینسانی خزمەت ئەکرێن و... لەم باسە دڵیان زۆر پێ خۆش بوو چونکە باوەڕیان وابوو کە دیلەکان هەموویان کوژراون و وتم بریندارەکان بەئینسانی دەرمان و عیلاج و خزمەت ئەکرێن... وتم بەخوێنی خۆم ئەم قسەیە ئەڵێم دیسان بەشوبهەیەکەوە قسەکانیان وەرگرت... چوومەوە سلێمانی لەوێوە بۆ تورکیا لە ڕێگای تەورێزەوە ١٩١٩... لە ساڵی ١٩١٩ - ١٩٢٥ لە جەنگی ئەرمەنستان ئاراس قارص سایغدیریشدا بەشدار بووم لە (دزکان شاق) لە لەشکری تورکیادا بەیوزباشێتی بن باشێتی خزمەتم کرد ئیشتیراکی حەربی ئیستقلالی میللیم کرد، هاتمە عێراق ١٩٢٧ بووم بەموعەلیمی مەکتەبی ئیبتیدائی، دەرکرام لە مەسئەلەی سیاسەتی کورد - عەرەب... چوومە پاریس ١٩٢٧ - ١٩٢٨ هاتمە ناو لەشکری عێراق لەگەڵ ڕۆژنامەکانی پاریسدا دوور و درێژ باسی ثەورەی کوردستانی تورکیا شێخ سەعید کرا تورکیا بەرهەڵستی کرد گەڕامەوە عێراق ١٩٣٦ لە دەوری (یاسین پاشا) لە دوایی هەشت (٨) مانگ فەصل کرام لە قائیمقامی ئاکرێ، لە زەمانی ڕەشید عالی گەیلانی بووم بەقایمقامی ڕانیە. لە ساڵی ١٩٣٩ - ١٩٤٠دا لە قائیمقامی مەخمور فەصل کرام... لە زیندانەکانی سلێمانی - کەرکوک - بەغداد - دیوانیە - شامیە حەپس وە لە ڕەمادی تەبعید کرام ١٩٥٥ - ١٩٥٧ لەسەر شۆڕشی دەرسیم تورکیا ساڵی ١٩٢١ - ١٩٢٧ - ١٩٣٩ بۆ عصبة الامم برستوم تەقدیم کرد داوای





هەیئەتی تەحقیق دەولیم کرد بۆ ڕەفعی مەزاڵیم و حەقی کوردستانی تورکیا... و داوای قوەت و معاوەنەتم کرد لە عالەمی عەرەبی و حکومەتی عەرەبی... لەمەش مەحاکەمە کرام بەڵام دەنگێکی مەزنی دایەوە لە عالەمی غەربدا لە پاریس بەکرێکاری بەفۆتۆگرافچێتی ژیانم ڕابوارد، ئیتر هەر بژین.

**ئیسماعیل حەقی شاوەیس**

## کۆچی دوایی مامۆستا ئیسماعیل شاوەیس

**١٩٧٦/٥/١٢**

لە ڕۆژی ١٣/١٢ی ئەم مانگەدا لە ئەنجامی دڵ وەستان، مامۆستا ئیسماعیل شاوەیس کۆچی دوایی کرد. مامۆستا ئیسماعیل نیشتیمانپەروەرێکی بەناوبانگی کورد بوو، دۆستی دڵسۆزی حزبی شوعیمان بوو، یەکێک بوو لە دامەزرێنە چالاکەکانی بزووتنەوەی ئاشتیخوازان لە عێراقدا. بەبۆنەی کۆچکردنیەوە، هاوڕێ عەزیز محەمەد سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبمان و هاوڕێ کەریم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب برووسکەیەکی پرسەیان بۆ خێزانی مامۆستای کۆچکردوو نارد، وا لە خوارەوە دەقی برووسکەکە بڵاو دەکەینەوە:

زۆر بەدڵگرانی هەواڵی کۆچکردنی تێکۆشەری نەبەردی نیشتیمانپەروەر (ئیسماعیل شاوەیس)مان پێ گەیشت کە بیرەوەری چاکی لە دڵماندا بەجێ هێشتووە، وەک نیشتیمانپەروەرێکی ناسراو کە بەدرێژایی تەمەنی لە پێناوی مافی گەلی کوردمان لە پێناوی عێراقێکی سەربەخۆ و دیموکراتی و ئاشتی لە جیهان تێکۆشاوە.

**عەزیز محەمەد - کەریم ئەحمەد**

ڕۆژنامەی (بیری نوێ) ژمارە (١٩٢) ١٩٧٦/٥/٢٢



## کورتەیەک لە ژیانی مامۆستای کۆچکردوو

لە ساڵی ١٨٩٦دا لە موصل لە دایک بووە وە لە ساڵی ١٩٠٣وە تاکو ١٩٠٨ لە قوتابخانەی ئامادەیی ڕوشدیەی عەسکەری لە سلێمانی و بەغدا خوێندوویەتی. ١٩٠٩ تاوەکو ١٩١٢ لە قوتابخانەی جەنگی لە شامدا خوێندوویەتی و بەپلەی ئەفسەر دەرچووە. لە ساڵی ١٩١٣دا لە شەڕی بەڵقان بەشداری کردووە و لە شاری (سلانیک) بەدیل گیراوە و، لە دواییدا گەڕاوە بۆ ئەستانبول. لە ساڵی ١٩١٤-١٩١٨ لە جەنگی یەکەمی جیهاندا بەشداری کردووە، لە شوباتی ١٩١٨ گەڕاوەتەوە سلێمانی ئەو کاتەش شەڕ لە نێوان شێخ مەحموودی حەفید و ئینگلیزدا بەرپا بوو وە وەک هەر لاوێکی نیشتیمانپەروەری کورد لەم شۆڕشەدا بەشدار بوو. لە ساڵی ١٩١٩دا نوێنەری کوردستان بوو بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ژەنەڕاڵ (فرایزەر) و میجەرسۆنی حاکمی کوردستان دەربارەی مەسەلەی کوردستان. لەم گفتوگۆیەدا ئەو تاوانانەی ڕسوا کرد کە ئینگلیزەکان دژی کوردستان و گەلی کورد پێی هەڵسابوون و، گشت لێپرسراوی خستە ئەستۆی حکومەتی ئینگلیز و پێی وتن (دەتوانن کوردستان داگیر بکەن، بەڵام ناتوانن بچنە دڵ و دەروونی کوردەوە) لە دواییدا ئەو گفتوگۆیەی بەشێخ مەحموودی حەفید ڕاگەیان کە ئەو کاتە (شای) کوردستان بوو.

لە ساڵی ١٩١٩دا لە ڕێگای (تەبریز)وە سەرلەنوێ چوو بۆ تورکیا و، لە ساڵی ١٩٢٥دا لە جەنگی ئاراس (قارص) بەپلەی یوزباشی لە سوپای تورکیا و لە شەڕی سەربەخۆیی تورکیادا بەشداری کردووە.

لە ساڵی ١٩٢٧دا گەڕایەوە عێراق و، بوو بەمامۆستا لە هەمان ساڵدا چووە پاریس، لە ساڵی ١٩٢٨ گەڕایەوە عێراق و چووە ڕیزی سوپای عێراق بەڵام ئینگلیزەکان لە ڕیزی سوپای عێراق، دەریان کرد بەبیانووی ئەوەی کە هێرشی بردۆتە سەر شای عێراق. لە ساڵی ١٩٣٤دا دووبارە چووە پاریس و لە ساڵی ١٩٣٥دا چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پیاوە بەناوبانگەکان و ڕۆژنامەکاندا کرد و، باری شۆڕشی کوردستانی تورکیا، واتە شۆڕشی شێخ سەعیدی بۆ ڕوون کردنەوە و لە ساڵی ١٩٣٦دا سەردەمی یاسین پاشا گەڕایەوە عێراق و بوو بەقائیمقام، لە دوای هەشت مانگ دەرکرا، وە لە سەردەمی ڕەشید عالی گەیلانی سەرلەنوێ کرایەوە بەقائیمقام. دوو جار چاوی بەهاوڕێ فەهد کەوتووە، جارێکیان لە پاریس و جاری دووەمیشیان لە بەغدا.

١٩٣٩ - ١٩٤٠ قائیمقامی مەخمور بوو، بەڵام دووبارە دەرکراوەتەوە. لە

بەندیخانەکانی سلێمانی و کەرکوک و بەغدا و دیوانیە و شامییە بەند کراوە، لە ساڵی **١٩٥٢** تا **١٩٥٥** بۆ شامییە، لە دواییدا بۆ دیوانیە دوور خراوەتەوە، چونکە ئەندامێکی چالاک بوو لە دامەزراندنی بزووتنەوەی ئاشتیخوازان لە عێراق لە دواییدا بۆ (رومادی) دوور خراوەتەوە تا کۆتایی ساڵی **١٩٥٦** لەوێ مایەوە.

دوای شۆڕشی تەموزی **١٩٥٨** ئەندامێکی بەرز بوو لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی ئاشتیخوازانی عێراق و لە ساڵی **١٩٦٤**دا دووبارە بەند کرایەوە.



# ئیسماعیل حەقی شاوەیس نیشتیمانپەروەری دڵسۆزی چاونەترس

**نووسینی: محەممەدی مەلا کەریم**

لەم ڕۆژانەدا چل ڕۆژ بەسەر کۆچی دوایی ئیسماعیل حەقی شاوەیسدا تێپەڕی کە ڕۆژی **١٢**ی مایس کۆچی دوایی کرد ئێستاکە ئیتر شاوەیس بەلەش لەناو ئەم فەلەکەدا نەماوە بوو بەتەنها یەکێ لەو ناوانەی لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی کورد و کوردستان و تێکڕای عێراق و، وەک بیرەوەرییەکی گەش، لەناو دۆستان و هاوڕێیاندا ئەژین. منیش وەکو یەک لەو کەسانەی شەرەفی هاوڕێیەتی تێکۆشان و ناسیاوی شاوەیسیان دەسگیر بووە بەنائەمینی ئەزانم بەرانبەر بەمێژوو وەک چۆن بەبێ وەفایی ئەزانم بەرامبەر بەحەقی دۆستایەتی، ئەم وردە یادگارانەی بیرم سەبارەت بەمامۆستا شاوەیس نەخەمە سەر کاغەز.

بۆ یەکەم جار لە سەرەتای ساڵی **١٩٥٣**دا شاوەیسم ناسی وەکو نیشتیمانپەروەرێکی سەر بەمزگەوت (وە بەپێشنیاری برادەرە کۆمەنیستەکانی ناو لیژنەی ئاشتیخوازانی سلێمانی) کرام بەئەندامی ئەو لیژنەیە. لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەو لیژنەیەدا شاوەیسم دی پیاوێکی بەساڵا چوو، بەلێکدانەوەی ئەو کاتە تەمەنی لە شەست کەمتر نا، بەڵام لە خوێن گەرمی و دڵ گەرمی و ئامادەیی بۆ هەڵسووڕاندا لە خۆمی ئەو وەختە لاوترم هاتە پێش چاو... لەگەڵ ئەوەش کە لەو ڕۆژانەدا (ئاگری سووری ئیرهابی عورفی، شاڵاوی ئەهێنا و مەکەی بۆ نەبوو) و ئەوانەش کە نەگیرابوون لە ژێر سانسۆری گوێ قنجەکانی میریدا بوون شاوەیس لەوانە نەبوو بیری خۆی بەسڵ کردنەوەوە خەریک بکا... لە هەر کەس زووتر ئەهات بۆ کۆبوونەوەی هەفتەیی... لە هەر کەس بێ ترستر قسەی ئەکرد... ئیمزای خۆی بەر لە هەموو کەس ئەخستە سەر هەر یادداشتێک بدرایە بەلایەک... خەبات گەرم بوو... تێکۆشان بۆ قەدەغەکردنی بۆمبای ئەتۆمی هیدرۆژین بۆ چەک داماڵین... بۆ سووککردنی ناکۆکی نێوان دەوڵەتان بۆ وەستاندنی شەڕ لە کۆریادا لە هندی چین بۆ دانان بەچینی گەلیدا... دەربڕینی بێزاری لە کودەتای ئێران لە قەلاچوی بەندیخانەکانی عێراق، لە نیازی بەستنی پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیمانی تورکیا و پاکستان... لە بنکەی سوپای ئیمپریالیستی لەم لاو لەولا... شاوەیس هەمیشە سەفتەیەک مەزبەتە و یادداشتی لابوو... ئیمزای پیاو ماقووڵ و بەساڵا چوو و پایەداری کۆمەڵایەتی، لە ڕێگای شاوەیسەوە لە هەر کەسێ تر

زیاتر کۆ دەکرایەوە... ئیمزای ئەوانیش بۆ ئاشتیخوازان زۆر مەبەست بوو ناوی ئاشکرای لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ناوانەوە بوو، بۆ داوای داخوازییە نیشتیمانییەکان لە ڕۆژنامە نیشتیمانپەروەرەکاندا بڵاو ئەکرانەوە. لە گفتوگۆی ناو کۆبوونەوەکانماندا بەخوێن گەرمییەوە قسەی ئەکرد بنیادەم ئەبوو شەرم بیگرتایە پێشنیارێکی شێوەیەکی کەمتر لە هینەکەی ئەو بکردایە، هەر جارێ لەسەر شوێنی کۆبوونەوە پەکمان بکەوتایە، ماڵی شاوەیس بنکەی هەمیشەی کۆبوونەوەمان بووە.

ساڵێکمان پتر پێکەوە بردە سەر، نەورۆزی ١٩٥٤ نزیک بووەوە سەهۆڵی تۆقاندن تۆزێ توابووەوە ئاشتیخوازانی سلێمانی بڕیاریان دا بەبۆنەی نەورۆزەوە ئاهەنگ بگێڕن. نەورۆزی ئەو ساڵەی سلێمانی تا ئێستا لە مێژووی کوردا وێنەی ڕووی نەداوە. هەردوو حزبە نیشتیمانپەروەرەکە شیووعی و پارتی پێکەوە هەموو توانای خۆیان خستە ژێر دەسەڵاتی لیژنەی ئاشتیخوازان، پتر لە ٢٠ هەزار کەس هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە تووی مەلیک ئاهەنگیان ئەکرد، شاوەیس و گۆران و سیما کۆمەڵایەتییەکانی تر ئاشتیخوازان لە پێشەوەی ئەوانەوە بوون بێ وچان هەڵئەسووڕان، ئێستایش لە پێش چاومە چۆن شاوەیس کۆتری زیوینی ئاشتی ئەکرد بەسنگ دانیشتوانەوە لە قایمقام و بەڕێوەبەری پۆلیسەوە بیگرە تا نوێنەرایەتی کۆمەڵی ناو شار.

بزووتنەوەی نیشتیمانی لە برەودا بوو چالاکی شاوەیس ئاشتیخوازێتی ئەوەندەی زیاد کرد بوو، بەڵام دوژمنیش چاوی خۆی نەئەترووکاند. نیشانەی کینەی حوکمڕانان بوو، تەنانەت گوزەرێکیش بەو خانەدا کە دووکانەکەی شاوەیسی تیا بوو، بەنیسبەت نیشتیمانپەروەرانەوە بیانوویەکی لێپرسینەوە بوو. من خۆم کە لە پایزی ١٩٥٤دا گیرام، یەکێ لە شایەتە کرێگرتەکان شایەتی ئەوەی لێ دام کە دیومی (چوومەتە ئەو خانەی دووکانی ئیسماعیل شاوەیسی تیایە!) بەهاتنەسەر کاری حوکمی نوری سەعید هەلی ئەوە بۆ کۆنەپەرستی هەڵکەوت دەستی خۆی لە شاوەیس بوەشێنێ. شاوەیس و گەلێکی تر گیران، ئیتر منیش پەیوەندیم لەگەڵ بڕا، بەڵام تا لە گرتووخانەی سولەیمانیدا بوو بێ ئاگا نەبووم لێی هەر پاش چەن ڕۆژ مانی گرت لە خواردن، عومەر عەلی لە ڕادەبەدەر ڕقی لێ بوو چونکە شاوەیس وەک تێکۆشەرێکی کورد، وەک ئاشتی پەروەرێک وەک نیشتیمانپەروەرێکی شۆڕشگێڕی چاونەترسی و دۆستێکی حزبی شیوعی وەڵامی ئەدایەوە... هیچ شەڕێکیان لە نێوان نەبوو تا یەک بگرنەوە. عومەر پێی وتبوو! من عومەر عەلیم فەرمانت ئەدەمێ کە ئەبێ مانگرتنەکەت بشکێ ئەویش لە وەڵاما وتبووی:





منیش ئیسماعیل شاوەیسم ئاگادارت ئەکەم کە بەگوێت ناکەم. لە هەموو بابەتەکان بەتوندی بەرپەرچی دابووەوە شاوەیسیان حوکم دا و زۆری پێ نەچوو لە بەغداشەوە دەعوایەکی تریان بۆ نایەوە بۆ سەرەتای ٩٥٦ ئەوجا گەڕایەوە بۆ کوردستان. لەو سەردەمەدا لە دەربەندیخان کاری ئەکرد، عومەر عەلی فەرمانی دا ئەو و کوڕێکی تر مەلا ئەسعەدی بانی خێلان لە کار دەرکەن شاوەیس ئەچێتە لای کابرای بێگانە بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایەی پڕۆژەکەی دروست ئەکرد بۆ هۆی لە کار دەرکردنیان. کابرای بێگانە بۆی باس ئەکا کەوا چۆن ئەو دووانە کار هەڵسووڕێنی چاکن خەفەتی خۆی دەرئەبڕێ کەوا میری فەرمانی لە کار لادانیانی داوە... شاوەیس لە وەڵامدا ئەڵێ ئێمە بۆیە لە کار دەرکراوین چونکە کوردین نیشتیمانپەروەرین بەڵام گوێ مەدەرێ ئیشارەتێک ئەکا بۆ چیای زمناکۆ ئەڵێ ڕۆژێ ئەبێ کرێکاری لە خۆبووردووی ئەم کوردە بەو چیای بەرامبەرتەوە ئەبینی، نیشتیمانپەروەری کورد ئەبینی لە بەردەمی ئەم ئۆفیسی تۆیەدا ئەدرێتە بەر گوللە...

لە ١٩٦٤دا چوومە ماڵی برادەرێک، ناسیاوێک نامەیەکی دایە دەستم بۆی وەرگێڕمە سەر عەرەبی، کە سەیری ئەکەم نامەی سەرخۆش لێکردنی شاوەیسە بۆ باڵوێزخانەی هیند لە بەغدا بەبۆنەی کۆچی دوایی (نەهرۆ)وە ئەوەی تیا باس کردبوو کە نەهرۆ دۆستی کورد بوو، بۆیە کوردیش هەمیشە یادی (نەهرۆ) بەزیندوویی ڕائەگرێ. ناسیاوەکە نەیئەزانی من شاوەیس ئەناسم، بەوپەڕی پێخۆشحاڵییەوە نامەکەم کرد بەعەرەبی و لەگەڵ سڵاو بۆ شاوەیس بۆم ناردەوە.

بۆ دەمەو پایز ١٩٦٥ لە گرتووخانەی ئاسایشی بەغدا لەگەڵ شاوەیس یەکمان گرتەوە، ئەوەندەی کە پێم ناخۆش بوو گیراوە پێم خۆش بوو کە دیم، بۆی گێڕامەوە دەمەقاڵێکی چۆن لە نێوان ئەو و کاربەدەستانی گەورەی ئاسایشدا ڕووی داوە لە بارەی مەسەلەی کوردەوە... چۆن بەوپەڕی دڵنیاییەوە بۆی دووپات کردبوونەوە کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی ڕاست و دروست و بەدادە و چاری هەر بەدان پیانانی بەهێنانەدیی دیموکراتیەتە لە عێراقدا و ڕێگاش هەر ڕێگای گفتوگۆی ئاشتیخوازانەیە. بەگەرم لەسەر گەلەکەی خۆبی کرد بووەوە و وەفای خۆی بۆ ئامانجەکانی پێشان دابوو... ئیزنم لێ خواست ڕێگام بدا ئەو هەواڵە بەدرێژی بنووسم بۆ ئیستگەی ڕادیۆی دەنگی گەلی عێراق... بێ هیچ دوودڵییەک ڕێگای دام کە هاتمەوە بۆ گرتووخانەکەم گورج بەنامەیەک هەواڵەکەم ناردە دەرەوە، ماوەیەکی پێ چوو تا بڵاو کرایەوە. شاوەیس بەرەڵا کرا بوو. ترسام شاوەیس بگرنەوە. بەڵام دڵنیا بووم ئەو ترسی لە دڵا نییە مەبەستی نییە ئەگەر

دیسانەوەش ڕاپێچی بکەنەوە لەوە پاشیش گەلێ جاری تر هەڵوێستی وا لە شاوەیس ڕووی دا چەند جارێکی تریش لەگەڵ کاربەدەستان کەوتۆتە مشتومڕ و دەمەتەقێ لە بابەت باری گشتی وڵات و مەسەلەی میللی کوردەوە. شاوەیس پێشکەوتنخوازێکی نەترس و کوردێکی خاوێن و بەجەرگ دۆستی بەوەفای یەکێتی سۆڤیەت لایەنگیری بیروباوەڕی مارکسیزم لێنینیزم بوو، ڕۆشنبیرێکی دنیادیدە بوو، ئاگر بوو بۆ گیانی کۆنەپەرستان و دوژمنانی گەل... چەکوش بوو بۆ سەری ئەوانەی مافی گەلی کورد پێشێل ئەکەن خەباتکارێکی ڕێک و بێ پشوو بوو... کۆڵنەدەرێک و چاونەترس بوو...

دەسا با یادی پیرۆزی ئیسماعیل حەقی شاوەیس، لە دڵی پێش قەرەوڵانی ڕێگای ئاشتی و دیموکراتی و ئازادی و بەختیاریدا هەمیشە هەر زیندوو بێ!



# لە بارەی مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیس-ەوە

تاهیر ئەحمەد حەوێزی

زۆر شەوان لە سلێمانی لەساڵی ١٩٤٧ من و (شێخ ڕەئوف محەمەد زوهدی) خۆمان پێ ڕانەدەگیرا و لە دوای نان خواردن، دەچووینە ماڵی مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیس من کە قوتابی بووم لە ناوەندی و دواناوەندی هەولێر بەوێنەگری هۆنەراوی "عەبدولڕەحمان گیو"یشمان دەگوت: "مامۆستا" زوبانی فارسی و فەڕەنسی دەزانی و بەدەرس بەهەندێکیانی دەگوت - مامۆستا ئیسماعیل ڕادیۆی هەبوو، زۆری حەز لە ئەخبار بوو. ئەویش بێ ئێمە هەڵی نەدەکرد ئەو ماوەیەی مامۆستا لە قەڵادزێ کردبوویانە مفتشی تووتن - ڕاستییەکەی لە سلێمانیان دوور خستبۆوە - و لەسەر یەکیش دەیفەرموو "لەبەر گرانی گوزەرانی و کەمی تقاعدی، ئەم ئیشەم قبووڵ کردووە - ئێمەی تەواو چووبووە دڵ: بەتایبەتی زۆر هەوەسی بەقسە و شیعرەکانی (ڕۆستەم ئەفەندی) دەهات، کە لە قەڵادزێ کاتبی مەحکەمە بوو.

مامۆستا لە قەڵادزێ بەشداری ڕۆژنامەی (عێراق تایمز)ی کردبوو، بەئینگلیزی دەردەچوو، بۆی دەهات، عەینەک لە چاو دەیخوێندەوە و خەتی لە ژێر وشەی گرانی ئینگلیزیدا دەدا، بەتایبەتی بەشەکانی ئەخباری؛ وای لێ هات؛ وەک مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ بەپیریی فێری ئینگلیزی بوو، مامۆستا جار جار ئێستگەی لەندەنی بەئینگلیزی دەکردەوە و تەواو تێی دەگەیشت؛ لە جێی خۆی چونکە پەروەردەی مەکتەبی حەربیەی ئەستەنبوڵ بوون، تورکی و فەرەنسیشیان تەنانەت فارسیشیان دەزانی؛ کوردیش هەر هیچ، زوبانی مادرە زادی خۆیان بوو، لە قەڵادزە خانووێکی گرتبوو، لەگەڵ مامۆستا (مەلا ئەسعەدی مەحوی) ماوەیەک هەر کەس لە ژووری خۆی ڕایانبوارد، (مەلا ئەسعەدی مەحوی) هێندە لەمێژ نەبوو، لە (سەردەشت) گەڕابۆوە، کە لەگەڵ (شێخ لەطیفی حەفید) ماوەیەک کاروباری ئەوێیان دەگێڕا: دوایی (ڕووسی)یەکان ئەوێیان پێ لەق کردن؛ مامۆستا مەلا ئەسعەد کە دەستی لە کاروباری سیاسەتیش خستبوو، ماوەیەک لە قەڵادزە مایەوە.

مامۆستا ئیسماعیل لە سلێمانییەوە برێشکەی نۆکی قل گەورە و سوورکراوە و ناسک و کولیچەی زەریفی بۆ دەهات، بێ ئێمە نەیدەخوارد؛ کاکیلەکانمان سپی و ساغ بوون؛ هەتا ڕەق با، باشتری دەهاڕی چ جای شتی ناسک - مامۆستا هەرچەندە ڕقی لە

سیاسەتی ئینگلیز بوو، دەرهەق بەکورد بەڵام بێ دەنگی ئێستگەی بێ تەلی دەستەی بەریتانی نەیدەتوانی زوو زوو کاتژمێری داگرتەوە و پەلاماری میلەکەی دەدا و دەیبردە سەر لەندەن کە (بیگ بن) لێی دەدا - ئەوسا سەعات چەند با ئەوەندەی لێ دەدا - بەدەنگ لەرینەوە نێرینەکەی ژووری پڕ دەکرد، مامۆستا لەبەرخۆیەوە، دەیگوت: "ئەی لەندەن بەسەرتدا بڕووخێ"؛ خوا خوا بێ، نابێ ئینگلیز لە هیچ سەربکەوێ.

لە بەرەبەرەی کۆتایی جەنگ، لە قەڵادزە نامەیەکی بۆ مەندوبی سامی بەریتانی نارده بەغدایە، داواکارییەکی تەواوی بۆ کورد تێدا نووسیبوو، کە کورد بەمافی خۆی بگات؛ نووسی و لە پێش چاوی ئێمە ختیە خستیە زەرف پوولی کرد و خستیە پۆستە، پاش چەند ڕۆژێک وەڵامەکەی بۆ هاتەوە زۆرجار نیشانی دەداین زۆر کەیفی پێ دەهات ناوەڕۆکەکەی لە بیر نەمایە، بەڵام وەڵامێکی دیبلۆماسییانە بوو، بە(تایپرایتەر) نووسرا بوو، مەندوبی سامی خۆی ئیمزای لێ دابوو ئومێد دەکەم دەقەکەی مابێ لە بەڵگەنامان دەژمێردرێ.

ڕۆژێکی مامۆستا لە قەڵادزە دیار نەبوو دوای عەسر پەیدا بۆوە، گورج و گۆڵ دەجووڵا و، فەرمووی "بلێین لە کوێ بووی؟" گوتمان، بەخێر بێیتەوە لە کوێ بوون؟" ڕاستییەکەی چوومە (قەشقۆڵی) هەندێ خاوەن تووتن گلەییان هەبوو؛ من چووم بەخوا نانەیەکی حکومەتم بڕین؛ نەم هێشت خاوەن تووتنەکان مەغدوور ببن، لجنەکانم گێڕاوە!".

حکومەت خەلقیان بەتووتن و فەحسەوە خەریک کردبوو، تا ئاگایان لە کۆمەڵەی (ژ. ک) ببڕێ؛ بەنیو دینار تووتن دەکرایە دەرەجە (اولی) و بەیەک دینار دەکرا (ممتاز). ئێمە دەستەی معلمی مەکتەب، گوایە لە شت دەگەین هەندێ قسەمان کرد؛ (حاجی تەها کۆیی) گوتی: ئێوە حەقتان بەسەرەوە چییە؟ خۆ ئەم پارەیە لە کیس ئێوە ناچێ، حکوومەت پارەی زۆرە و بۆ خاوەن تووتنان دەبێ!

مامۆستا لە قەڵادزە حەزی زۆری لە گەڕان بوو، پاش عەسران - من و (شێخ ڕەئووف زوهدی) لەگەڵی دەگەڕاین لە دەرەوەی شار، سەرەو خوارمان دەکرد، ماندوو بوونی بۆ نەبوو لە ڕۆیشتنا گەرم دادەهات زۆر باسی ڕابردووی خۆی و ئەستەنبوڵ و مێژووی کورد و عثمانی و ژیانی عەسکەری خۆی لە عێراق بۆ دەکردین گێڕایەوە: لە کاتی جەنگ لە (مەخموور) قائمقام بووم، ئێوارەیەک (لاین) لەگەڵ چەند ئینگلیزێک هاتن؛ دەسووڕانەوە؛ باوڵی کردەوە سەد دیناری دەرهێنا و گوتی (ئەمە بۆ مەصرەفی مەتبەق بێ).





منیش گوتم: (ئەم پارەیە لە منەوە تبرع بێ بۆ ئەو ماڵانەی کە بەبۆمبای نازی لە لەندەن ڕووخاون، ئینگلیزێکیان دەیویست بەزۆر بەجێی بێڵێ، من قبوڵم نەکرد؛ (لاین) گوتی: (لێی گەڕێ وەری ناگرێ) دوایی ڕۆیشت من چاوەڕوانی ئەوە بووم (تقدیر) بکرێم و (ترفیع) بکەم کەچی حەندەی پێ نەچوو، خانەنشین کرام. لە پیاسە کردنا (کە تووشی لادێیی یا ئاغایەک دەبووین، بەرەو گوندی دەگەڕانەوە، ڕای دەگرتن و قسەی بۆ دەکردن، وا بکەن قەزای پشدەر ناوی لێ بندرێ قەزای (چێرچل) بەڵکو بەهۆی ئەم ناوەوە خزمەت دەکرێ، کارەبای بۆ دێ، پڕۆژەی ئاوی بۆ دەکەن و قوتابخانە و خەستەخانەیان بۆ دروست دەکەن: و (تراکتۆر)تان بۆ بێ، زەویتان بۆ هەڵبدرێ - بەش بەحاڵی خۆمان زۆر کەم گوێمان لە (تراکتۆر) بوو - جووت کردن بەکەر و ئێستر وەک ئەمەیە چیڕنووک (جینجرۆک) لە عەرد بدرێ هەندێکیان وەک گوێزیان بۆ بژمێری، هەندێکیش بەزەردەخەنەوە، سەریان بۆ دەلەقاندەوە و بەدەست سەلامیان دەکرد و دەڕۆیشتن.

ئێمە کە باسی ڕیشوەت و بەرتیل خواردنی هەندێ مووچەخۆرانمان دەکرد، دەیگوت (گوێ مەدەنێ، با ئەوان مەشغوڵ بن، ئێوە لە لاوە کاری سیاسی خۆتان بکەن، ئاگایان لە ئێوە ببڕێ) ئێواران کە دەگەڕاینەوە دەیگوت (زۆر گیر مەبن؛ وەرنە لام) مێژووی ژیانیم لە زاری خۆی و هی گەلێکی تر ورد ورد نووسیبۆوە بەداخەوە ئەو ساڵی من بەتاقی تەنیا لە سلێمانییەوە (ادارەتەن) نقلی (عمارە) کرام: نووسینەکانم هەموو فەوتان.

مامۆستا لە تورکیاش ژنێکی هێنا بوو، منداڵیشی لێی هەبوو، جارێکی لە سلێمانی لێم پرسیەوە، بەتووڕەییەکی تەواوەوە، گوتی: (کاک تاهیر زۆرم خۆش دەوێی، جارێکی تر ئەم پرسیارەم لێ مەکەوە).

شەوان لە سلێمانی کە دەچووینەوە ماڵی مامۆستا، بەخێرهاتنێکی گەرمی دەکردین، هەموو قسەی دەروونی خۆی بۆ دەکردین، ئەگەر شەوێک نەچووباین، بۆ شەوی تر، بەگلەییەوە، دەیگوت (ئەوە بۆ دیار نەبوون؟)

من و شێخ ڕەئووف بێ لە چایە... یەک دوو چایەمان بۆ دەهات... زۆر حەزمان لە بیستنی گۆرانی و مۆسیقای سەما و هەڵپەڕکێ بوو. مامۆستا چاویلکەی لە چاو دەکرد، ڕادیۆیەکی هەڵدەکرد، تا گەرم دادەهات خۆی لێ نزیک دەکردەوە و ورد میلەکەی دەگێڕا جار جار لە کاتی میل دەپەڕی، تورکی با، عەرەبی با، فارسی با، کوردی زۆر کەمتر من و شێخ ڕەئووف هەموو لەشمان دەبوو بەگوێ، خۆمان فێر دەکردەوە

و سەرمان دەبردە پێش بەڵام مامۆستا هەروەک شتێکی ئاسایی، میلەکەی دەگێڕا و دەنگ و ئاوازەکە نەدەما؛ شەرمان دەکرد، داوا بکەین سارد دەبووینەوە و خۆمان بۆ دواوە دەکێشایەوە.

جەنگ کۆتایی هاتبوو، بەسەردانێک ڕێم کەوتەوە سلێمانی، چوومە لای مامۆستا، وتی:

«دەستەیەک ئەمریکی دەسووڕانەوە، هاتنە سلێمانی، کۆڕێکیان بەست هەندێ کەسیان کۆکردەوە منیش چووم، باسی سیاسەتی تازەی دونیایان بۆ کردین، بەتایبەتی (بەرنامەی، ئەتلەسی) کە لە (٤/ئاب/١٩٤١) لەسەر پشتی پاپۆڕ، لە دەریالووشی ئەتلانتیک، لە نێوانی (روزفلت)ی سەرۆک کۆماری ولایاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و (ونستن چیرچل)ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی بەو پێیە لە هەشت مادده ئیمزایان کرد، ئەم دوو دەوڵەتە بەگۆڕینی سنوور بەدژی ئارەزووی، میللەتان ناگۆڕدرێ، هەر میللەتە دەبێ حکومەتی بەئارەزووی خۆی هەڵبژێرێ:

(گوتیان: هەر نەتەوەیە دەبێ مافی خۆی بدرێتێ) منیش لێیان ڕاپەڕیم و گوتم: (بەهۆی وەعدەکانی ویلسون) سەرۆک کۆماری ئەمریکا، کە لە جەنگی جیهانی یەکەم دابوونی کە شەڕ کۆتایی هات مافی سەربەخۆیی دەدرێتەوە هەموو نەتەوەیەک نابێ بەزۆر نەتەوەیەک نەتەوەیەکی تر دەست بەسەردا بگرێ. کە جەنگ کۆتایی هات، کورد وا تێگەیشت وەعدەکانی ڕاستن بەسیاسی داوای مافی خۆی کرد، گوێی نەدرایە، لە ئەنجام لە کوردستانەکان بووە هۆی ڕژانی خوێنی ملوێن و نیوێک کورد، ئێوە خۆتان کێشایەوە، ڕۆیشتن بولشەوێکی لێ پەیدا بوو، فەرەنسە هەندێ بەرژەوەندی جێبەجێ بوو مەیدان بۆ ئینگلیز مایەوە، ئەویش بەئارەزووی خۆی و بەرژەوەندی خۆی جووڵایەوە. دەترسین ئەمجارەش بێتە هۆی ڕشتنی خوێنی چەند کورد و دەربەدەر بوونیان! (یەکێک لەوان بەجەغتی وەڵامی دامەوە: (ئەمجارە، سیاسەتی ئەمەریکا و جیهان گۆڕاوە، پۆلیسی دەوڵەتان دادەندرێ لە هەر شوێنێک سەربزێوییەک بکرێ و لە یاسا لابدرێ – هەردوو دەستی لەسەریەک دانا ئەمڕۆ کەلەبچە دەکرێ، ماف جێبەجێ دەکرێ.)

ئێستاش پێ دەچێ قسەی ئەو کابرایە بێتە دی نەتەوە یەکگرتووەکان هێزێکیان هەیە ئەگەر بەپارە قەڵاش نەبن دەتوانن ئەوەی بیانەوێ بیکەن، بەتەواوی و بەڕاستی ئاوڕ لە کوردان بدەنەوە و ئاگایان لە نەتەوە لێقەوماوەکانی تریش ببێ. نەک هەر بەسەر زارەکییەوە. ئێمەی کورد وەک گیسکی هەیاسیش بێ لە خۆخۆیی دوو سێ گورگیان





بەرانبەر ڕاگرتووین.

مامۆستا ئیسماعیل هەندێ چاپکراویشی هەیە وەک (پەندی پێشینان و قسەی گوستاولوبون) وە (هەندێ پروپووچی پێشینان) ڕۆژێک لێم پرسی: بۆ ئەم ناوەتان لێ ناوە؟ گوتی: فۆلکلۆری کوردییە پڕە بەڵام پووچە، بەخۆڕاییش دانەندراوە).

# ئیسماعیل شاویس نووسەر و نیشتمانپەروەر

## نووسینی: تاهیر سالح سەعید

لە نێو ئەم گەلی کوردەی ئێمەدا چەندین کەڵەپیاوی دڵسۆز بەخاک و نیشتمانەکەیان هەڵکەوتوون ئەوەندەی ڕۆژگار دەرفەتی داین و هەلیان بۆ ڕەخسا بێت. خزمەتی گەورەیان بەگەل و نەتەوەی خۆیان کردووە و هەرگیز کەمتەرخەمییان نەکردووە.

یەکێک لەو گەورە پیاوانەی مێژووی ئەم گەلە خۆگر و کۆڵنەدەرە هەردەم شانازی پێوە دەکات و لە بیری ناکات. نووسەر و نیشتمانپەروەر مامۆستا (ئیسماعیل حەقی شاوەیس)ە. ئەو پیاوە مەرد و بەجەرگەی تا ئەو ڕۆژەی بۆ دواجار دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و ماڵاوایی لەم ژیانە کرد. لە ڕووی ئەم و ئەودا جەنگا. لە پێناو خۆشبەختی و سەرفەرازی میللەتەکەیدا. بۆ گەیشتنیش بەئامانجە ڕەوا و پیرۆزەکانی زۆر سزا و دەربەدەری و زیندانی و دوورخستنەوەی چەشت.

ئیسماعیل شاوەیس لە تەک ئەوەدا کە سەربازێکی ناسراوی ڕێگەی نیشتمانپەروەرێتی و کۆڵنەدان و نووسەرێکی باڵای دنیای نووسین و بڵاوکردنەوە بوو کەچی کەمتر بایەخی پێ دراوە و، لەوەش کەمتر ناوی هێنراوە و بیرخراوەتەوە. کە دەبوو تەواو بەپێچەوانەی ئەوەوە بووایە.

هیوادارم ئەم بەسەرکردنەوەیەی ئێمە ببێتە هاندەرێک لەبەردەم قەڵەمی بەبڕشتی هەموو ئەو کەسانەدا کە ئەو کارە بەپیشە و کاری خۆیان دەزانن.

## مێژووی ژیانی:(١)

ئیسماعیل حەقی شاوەیس ناوی تەواوی ئیسماعیل ڕەسول ئەحمەدە. لە ساڵی ١٨٩٦ز. بەهۆی ئەوەوەی کە باوکی لە (مووسڵ) ئەفسەر بووە، لەوێ لە دایک بووە.

لە ساڵی ١٩٠٣ تاوەکو ساڵی ١٩٠٨ لە قوتابخانەی ئامادەیی ڕوشدیەی عەسکەری لە سلێمانی و بەغدا خوێندوێتی و بەڕوتبەی ئەفسەر دەرچووە لە ساڵی ١٩٠٩ – ١٩١٢ لە قوتابخانەی جەنگ لە شام خوێندوێتی.

لە ساڵی ١٩١٣دا بەشداری شەڕی (باڵقان)ی کردووە و لە شاری (سلانیک) بەدیل گیراوە. بەدوایدا چووە بۆ ئەستەنبول و لە ساڵی ١٩١٤ – ١٩١٨ بەشداری جەنگی جیهانی یەکەمی کردووە.





لە مانگی شوباتی ١٩١٨دا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی ئەو کاتەش شەڕ لە نێوان (شێخ مەحموودی حەفید) و ئینگلیزدا بەرپابوو بوو.

لە ساڵی ١٩١٩دا نوێنەری کوردستان بوو بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ژەنەڕاڵ (فرایزەر) و مێجەر (سۆن)ی حاکمی کوردستان. دەربارەی مەسەلەی کورد و باری کوردستان. ئەوەبوو لەو گفتوگۆیەدا هەموو ئەو تاوانانەی پووچ و ڕیسوا کرد کە ئینگلیزەکان دەیانخستە پاڵ گەلی کورد. لەوەش زیاتر گشت لێپرسراوییەکی ئەو وەزعەی خستە ئەستۆ و گەردنی ئەوان و پێی وتن (دەتوانن کوردستان داگیر بکەن. بەڵام هەرگیز ناتوانن بچنە دڵ و دەروونی گەلی کوردەوە).

لە وەرامی ئەو قسەیەدا پێی دەڵێن (کاتێک ئێمە موزاکەرەی ئیستقلالی کوردستانتان لەگەڵدا دەکەین. کە ناوچەی سلێمانیمان تەسلیم بکەن و ئەسیرەکانمان بەساغ و سەلامەتی بدەنەوە دەست).

ئیسماعیل شاوەیس دەنووسێت (ئەوەی ئیعلانی شەڕی کوردستانی کرد ئێوە بوون. ئێوە مەسئولن بەرانبەر هەر خەسارەت و زیانێک کە لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا ڕووی دابێت).

هەروەها دەنووسێت: (ئەبێت بەپێی ئەو موعاهەدەی ئێمە و ئێوە دەبێ ئیستقلالی کوردستان موحافەزە بکرێت و چی خوێنێک ڕژاوە حکومەتی کوردستان و (شێخ مەحموود)ی مەلیکی کوردستان مەسئوول نییە بەرانبەری).

دواجار دەنووسێت (گوناهی ئەو خوێنەی ڕژا لە ئەستۆی ئێوەیە لێپرسراوانی ئینگلیزی ئەو ڕۆژە بەوە قایل نابن پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە دەبێت ئەوان هەموو شتێک بن و شۆڕشی کورد بدرێتە دەست ئەوان، چونکە ئەوان لەشکری کۆک و بەهێزیان هەیە و لەوەش زیاتر دەتوانن سوپای دی لە بەغدا و بەسرە و تەنانەت گەر پێویستی کرد لە هیندستانیشەوە بێنن. ئەوسا بەئاسانی دەتوانن دەست بەسەر سلێمانی و کوردستاندا بگرن.

ئیسماعیل حەقی شاوەیس لە وەرامی قسەکانی ئەواندا دەڵێت (مەسئوولیەتی جەنگی دوێنێ و ئەمڕۆ لە مل و گەردنی ئێوەیە).

جەنەڕاڵ فرایزەر دەڵێت: کەوایە بۆ دیل و بەندەکانتان کوشتین؟ بۆ دەستان گرت بەسەر پارە و پوولێکی زۆرماندا!؟ بۆ چەک و جبەخانەیەکی زۆرمانتان برد؟

شاوەیس پێی دەڵێت: (پارە و پوول و چەک و جبەخانەی ئێوە دەست ئێمە کەوت و

وەک «غنائم»ی حەرب بۆ خۆمان ڕەوا بینی. بەڵام بۆ مەسەلەی دیل و ئەسیرەکانتان هەرگیز وەک ئێوە دەڵێن وا نییە. نە کوژراون و نە لەناویش چوون. بەپێچەوانەوە معامەلەی ئێمە لەگەڵ ئەواندا معامەلەیەکی ئینسانییانەیە.

بەو وەڵامانە، بەتایبەت وەڵامی دواییان زۆر دڵخۆش دەبن. چونکە تا ئەو کاتە لەوان وا دەبێت ئەسیر و دەست بەسەرەکانیان کوژراون و لەناو چوون.

هەر لەو ساڵەدا، واتە لە ساڵی **١٩١٩**دا لە ڕێگەی (تەبریز)ەوە بۆ تورکیا و لە ساڵی **١٩٢٥**دا بەشداری جەنگی (ئاراس – قارس) و بەپلەی یوزباشی لە ڕیزی سوپای تورکیادا هاوبەشی شەڕی سەربەخۆیی تورکیای کردووە.

لە ساڵی **١٩٢٧**دا گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و بۆتە مامۆستا. هەر لە هەمان ساڵ چووە بۆ پاریس. لە ساڵی **١٩٢٨**دا گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و چووەتە ڕیزی سوپاوە. بەڵام هەر زوو ئینگلیزەکان لە ڕیزی سوپادا دەریان پەڕاندووە. بەبیانووی ئەوەی هێرشی بردووەتە سەر شای عێراق.

لە ساڵی **١٩٣٣**دا دووبارە چووە بۆ (پاریس) و لە ساڵی **١٩٣٥**دا چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پیاوانی ناودار و ڕۆژنامەکانی ئەوێدا ساز کردووە بەهیوا و مەبەستی بەرچاوخستنی ڕووی گەشی شۆڕشی کوردستانی تورکیا. واتە شۆڕشەکەی شێخ سەعید.

لە ساڵی **١٩٣٦**دا لە سەردەمی (یاسین پاشا)دا گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و کراوەتە قایمقامی (ئاکرێ) و دوای هەشت مانگ بەسەر ئەو کارەیدا.

لە ساڵی **١٩٣٩**دا بۆ جارێکی کە گەڕاندوویانەتەوە سەر ئیش و کردوویانەتە قایمقامی (ڕانیە – مەخموور) دیسان هەر لەو ساڵەدا دەستی لە وەزیفە کێشراوەتەوە و دوور خراوەتەوە لەوەش زیاتر لە بەندیخانە توند کراوە. ئەم بەندیخانە و ئەو بەندیخانەی پێ کراوە. لەوانە سلێمانی، بەغدا، دیوانییە، ڕەمادی.

مارف جیاوک[٢] لەو وتارەیدا کە لە چلەی پیرەمێردی شاعیردا خوێندییەوە دەڵێت: (لە دوای شەڕی گەورەی پێشوو، کە ئینگلیزەکان بەدیلی بردمیان بۆ (بۆرما) خوالێخۆشبوو مەحموود جەودەت و ئیسماعیل شاوەیسیان هێنا. کەوتینە ڕاز و گلەیی دەردی کوردایەتی).

لە ساڵی **١٩٥٢** بۆ ساڵی **١٩٥٥** ئەفسەری ئیرتباتی (دەربەندیخان) و (کۆمپانیای دومیزبالوی دوکان) بووە. بەدوایدا بۆ (شامییە) دوور خراوەتەوە. ئینجا بۆ (دیوانییە)





پاشانیش بۆ (ڕەمادی) نێردراوە. تا ساڵی **١٩٥٦** لەوێ ماوەتەوە. لە ساڵی **١٩٥٩**دا بۆ جارێکی تر ئەفسەری ئیرتیبات بووە. لە ساڵی **١٩٦٩**دا بۆ جارێکی تر گیراوەتەوە.

***

(ئیسماعیل حەقی شاوەیس)[٣] لە ساڵی **١٩٣٧**دا بەکۆمەک لە تەک کۆمەڵێک لە نیشتمانپەروەرانی ئەوسای کورددا (کۆمەڵەی برایەتی کورد)یان دامەزراند، ئەو یەکێک بوو لە ئەندامە چوست و چالاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە. زۆرجار بەنیاز و مەبەستی پەیوەندیکردن بەکوردە دیار و نیشتمانپەروەرەکانی کەرکووک و دەوروبەری کەرکووکەوە لە هاتوچۆدا بووە.

***

ئیسماعیل حەقی شاوەیس وەک چۆن نیشتمانپەروەرێکی گەورە و دیار بووە. هەر بەو پێیەش خوێندەوارێکی چاکی سەردەمەکەی خۆی بووە و یەکێک بووە لەو ڕووناکبیرانەی زۆری خوێندووەتەوە و کەمی نووسیوە. لە سەرەتادا یەکەم سەرچاوەی خوێندنەوە و خۆ ڕۆشنبیرکردنی بریتی بووە لە زمانی تورکی و فارسی. بەڵام بەدامەزراندنی حکومەتی عێراق دەروازەیەکی تری بۆ کراوەتەوە کە ئەویش فێربوونی زمانی ئینگلیزی بووە. دەربارەی فێربوونی زمانی فەڕەنسیش بەهۆی چوون و مانەوەی لە پاریس و ئینجا لە ئەستەمبول بەباشی فێری ئەو زمانە بووە. لەم ڕووەوە مێژوونووس دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد دەنووسێت[٤] (هەروەها مێژوونوسی ناسراو، محەمەد ئەمین زەکی و ئیسماعیل حەقی شاوەیس و چەند کوردێکی تری عێراقی بەهۆی خوێندن و کارکردنیانەوە لە ئەستەنبول فێری زمانی فەرەنسی بوون.)

ڕۆژنامەی (تروشاک) واتە (ئاڵا) کە زمانحاڵی تاشناقییەکان بووە و حیزبێکی ئەرمەنی بووە هەندێ نامە و وتاری گرنگی ناوداری کورد ئیسماعیل حەقی شاوەیسی بڵاو کردۆتەوە[٥].

ئیسماعیل شاوەیس لە سەردەمی (شێخ مەحموود)دا یەکێک بووە لەو ڕووناکبیرانەی لە شێخەوە نزیک بووە هەر لەو سەردەمەدا بووە کە نازناوی (شاوەیس)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. کاتێک کە لە (بێستان سوور) بووە. بەڵام وەک نووسین شتێکی ئەوتۆی نەبووە. تا ساڵانی شەست کە ئەوە بوو بەتەواوی لەسەر گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)[٦] سەقامگیر بوو و بەردەوام نووسینەکانی بۆ ئەوان دەنارد و، کەم ژمارەی ئەو گۆڤارە ڕێ دەکەوت نووسینی ئەوی تێدا نەبێت.

## چاپکراوەکانی نووسەر:

١- قسەی پێشینان کۆست و لۆبۆن.

٢- پروپووچی پێشینان و مەتەڵ.

## شتێک دەربارەی ئەو دوو چاپ کراوە:

یەکێک لە کتێبۆکەکانی - وەک خۆی دەنووسێت - قسەی پێشینان کۆست و لۆبۆن[٧]ە. بریتییە لە کۆمەڵە پەندێکی پێشینانی کورد و بیانی. کۆی کردوونەتەوە و لە ساڵی ١٩٣٣دا لە بەغدا، چاپخانەی (أیتام) بەچاپی گەیاندووە.

لە پێشەکییەکی کورتدا کە لە ژێر ناوی (دوو سێ قسە)دا بۆی نووسیوە دەڵێت: قسەی پێشینان، حەیف و مەخابن لە لایەن خەڵک و تێگەیشتووانەوە وەک جاران بەکار ناهێنرێن و زۆری فڕێ دراوە. وە لەناو گەلدا ون بووە و بزریش ئەبێت. لەم قسانە هەرچییەکمان دەست کەوت لەم کتێبۆکە نووسیم.

ئەمە هەر بۆ کورد نەنووسراوە. چونکە لە دنیادا هەر کورد نییە. غەیرە کوردیش هەیە. ئەوانیش برامانن. ئێمە بەوانەوە. ئەوانیش بەئێمەوە بەیەک مەنفەعەتەوە بەستراون، وە بەم چەشنە ئینجا ئەتوانین بەگیانێکی ئاسوودە بژین.

ئینجا هاتووە ئەو پەندانەی دابەش کردوون بەسەر پەندی سیاسی (٢٢) پەندی ئەدەبی و ئیجتیماعی (٢٠٤) پەند. پەندی ئیقتصادی (٦٨) پەند. گاڵتە و گەپ (١١٩) پەند.

پاشان دێتە سەر قسەی پێشینان کۆست و لۆبۆن گۆتەی مەزنان و فەلسەفییەکان. کە بریتییە لە گۆتەی پیاوانی مەزنی دنیا. لە (٥٩) لاپەڕەدا. دووەم چاپکراوی (هەندێ پروپووچی پێشینان و مەتەڵە) لە ساڵی ١٩٣٨دا لە چاپخانەی (نجاح) لە بەغدا بەچاپی گەیاندووە و بڵاوی کردۆتەوە.

ئەمیشیان بریتییە لە (٤٨) لاپەڕە: تێکڕا لەم باسانەی خوارەوە دەدوێت:

خەرافیات، ئاداب و ئیجتماعیات، ئاگر، حەیوانات، بۆ لەش ساغی.

پاشان دێتە سەر بەشی (مەتەڵ).

***

ئیسماعیل حەقی شاوەیس، نیشتمانپەروەرێکی خاوێن و مرۆڤێکی ئازا و بەجەرگ





بوو. ڕووناکبیرێکی دنیا دیدە و لە خۆبوردوو بوو. ئاگر بوو لە ڕووی داگیرکەردا، تێکڕای ژیانی دوور خستنەوە و دەربەدەری و زیندانی بوو. نەبوونی و دەست بەتاڵی زۆری بەخۆیەوە دی. لێرە و لەوێ بەکرێکاری و وێنەگرتن خۆی ژیاند و سەری بۆ کەس شۆڕ نەکرد.

ئیسماعیل شاوەیس ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٧٦/٥/١٢ بەهۆی وێستانی دڵییەوە چاوی لێک نا و ماڵاوایی لەم ژیانە کرد. دوای ئەوەی لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازی و شکۆمەندی بۆ خۆی و بۆ ئێمە جێ هێشت.

## سەرچاوەکانی ئەم باسە:

(١) نامەیەکی تایبەتی دەربارەی مێژووی ژیانی کە بەمێژووی ٣ی ئاداری ساڵی ١٩٧٦ بۆ مامۆستا (عەبدولڕەقیب یوسف)ی ناردووە. لە وەرامی نامەیەکی مامۆستای ناوبراودا کە بەمێژووی ١٩٧٦/٣/٢ لە (بەعقوبە)وە بۆی ڕەوانە کردووە و، داوای مێژووی ژیانی لێ کردووە.

یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی / ١٩٧٢ کۆڕێکی فراوانی بۆ ڕێزلێگرتن لە سێ نووسەر و شاعیری پایەبەرز لە هۆڵی (یانەی فەرمانبەران)، ساز کرد. کە بریتی بوون لە (ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ڕەمزی مەلا مارف، عەلی کەمال باپیر) لەو کۆڕەدا مامۆستا شاوەیس ئامادە نەبوو، بۆ ئەو مەبەستە سکرتێری ڕۆشنبیری ئەوسای لقی یەکێتی نووسەران لە سلێمانی (نووسەری ئەم باسە) پێشتر دیدەنی ژیانی ئەدەبی و سیاسی لە خۆی وەرگرت و لە بری ئەو لەو کۆڕەدا پێشکەشی کرد.

(٢) یادی پیرەمێرد، لاپەڕە (٥٦) مارف جیاوک لەسەر حسابی یانەی سەرکەوتن و لەژێر چاودێری عەلائەددین سەجادی لە چاپ دراوە، لە ساڵی ١٩٥١، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

(٣) دەستنووسێکی خوالێخۆشبوو (مەلا ئەسعەدی مەلا خالیدی مەحوی).

(٤) کردستان فی سنوات الحرب العالمیە الاولی - الدکتور کمال مظهر احمد - صفحە (٧٧)

(٥) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢٧٥).

(٦) ئەو نووسینانەی بۆ (ڕۆژی نوێ)ی نووسیون بەتەکلیفی تایبەتی و لەسەر داوای (کامەران موکری) شاعیر بووە. کە ئەو دەمە ئەندامی دەستەی نووسەران و

سەرپەرشتکاری گۆڤارەکە بووە. زۆربەی نووسینەکانیشی بابەتی مێژوویی، بوون. لەوانە:

١- شەڕی قۆچگیرەکان - بەزنجیرە.

٢- ناودارانی کورد - مەلا سەلیمە فەندی (ڕۆژی نوێ) ژمارە (٨) تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٠.

٣- میر عەبدولرەزاق بەدرخان - ژمارە (٧)، تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٦٠) هەمان گۆڤار.

٤- خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژەکانی جەنگی گێتی یەکەمدا لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان ژمارە (٩) کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٦٠) - هەمان گۆڤار.

(٧) ئەم کارەی مامۆستای (شاوەیس) سەبارەت بەئاوڕدانەوە و بایەخ پێدان بەوتە بەنرخەی پێشینان. بەیەکەم هەوڵێک دادەنرێت کە درابێت لە مەیدانی کتێبی سەربەخۆدا. هەرچەندە لەم بارەیەوە جاروبار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پێش ساڵی ١٩٣٢ هەندێ هەوڵی سەرەتایی دراوە.

بەر لەو کۆششەی مامۆستا (شاوەیس) بەبیست ساڵێک (شوکری فەزلی) شاعیر و منەوەر. لە ساڵی ١٩١٣دا چەند پەندێکی کوردی بۆمان تۆمار کردووە و بەپەندی عەرەبی بەراوردیان کردووە.

بڕوانە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژمارە (١١٢)ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦.

(پەندی کوردی) ئازاد عەبدولواحید.

(٨) بیری نوێ ژمارەی ١٩٢ و ١٩٧ مانگی پێنج و شەشی ساڵی ١٩٧٦.

(٩) اسماعیل حقی شاویس واهتماماته المبکره بقضایا الفولکلور. ڕۆژنامەی (العراق) ڕۆژی ١٩٧٦/٧/٥.



# اسماعيل حقي شاويس

## - واهتماماته المبكرة بقضايا الفولكلور.
## - مشاكل الإملاء الكردي منذ عام ١٩٢٥.
## - عرض سريع لكتابه في المأثورات الشعبية.

**جريدة العراق - ٥/ ٧/ ١٩٧٦**

اسماعيل حقي شاويس الذي رحل عنا قبل اشهر شخصية اجتماعية مرموقة عرف عنه حبه العميق لشعبه، ناضل في مجال السياسة في سبيل تحقيق مباديء العدالة والمساواة والحرية، عاش مع شعبه ولشعبه، ومما يزيد في نصاعى واشراق صفحات هذه الشخصية القومية اهتمامه المبكر بالثقافة الكردية وحرصه الشديد على تثبيت اقدام اللغة الكردية وازدهارها وتنمية آدابها بالاضافة الى نضاله في سبيل بث الوعي الحضاري بين ابناء الشعب الكردي عامة. وزرع روح العمل والنضال وحب التجدد والتعلم في نفوس اجياله الناهضة.

كان المرحوم من أوائل المثقفين الاكراد الذين عادوا من تركيا بعد أن وضعت الحرب الكونية الاولى أوزارها وبعد أن أطلعوا على الحضارة الغربية وتأثيراتها في مجالات الحياة المختلفة وتحسسوا نهضة الامم الثائرة المناضلة لنيل حرياتها وعرفوا حقيقة الحكام المستبدين المتسلطين على رقاب شعوبهم، فأرادوا أول ما حلوا بوطنهم بعد طول غربة بذر كل البذور الخيرة المكنونة في صدورهم وأذهانهم في أرض الوطن وايقاد نار النضال والثورة في كل ضمير.

كان من الرعيل الاول الذين لم يستنكفوا عن مخالطة شعبهم بقصد وضع الحلول لمعالجة أدوائه المستفحلة والحد من وطأتها رغم محاربة الاستعمار وسلطاته العميلة لهم ولم يظهروا بمظهر المتفرجين! وهذه الخصلة اعطت (شاويس) تلك الشخصية الشعبية القريبة من كل الفئات المناضلة والجماعات والاحزاب الثورية.

ومن آثاره الثقافية، عدا بعض المقالات المتناثرة في الصحف والمجلات الكردية حول التأريخ واللغة والقضايا الاجتماعية، اصدر كتابين في المأثورات الشعبية، الاول بأسم (قسەی پێشینان) أصدره عام ١٩٣٣ والثاني بأسم (هەندێ پروپووچ) اصدره عام ١٩٣٨.

والكتاب الاول المطبوع بمطبعة الايتام ببغداد الموسوم بالامثال الشعبية ينعت في المقدمة الامثال بالجواهر ويصفها بأنها تراث قديم يستطيع القاريء من خلاله الاطلاع على البيئة الاجتماعية والاقتصادية الكردية والتعرف على عادات وطبائع الاقدمين، أما القاريء غير الكردي فيستطيع التعرف على الاخلاق الكردية القديمة وكيفية فهم أبناء الكرد للطبيعة وأساليب المحافظة على كيانهم وكيفية كفاحهم ومقاساتهم من اجل ضرورات الحياة، ومن هنا يمكن المقارنة بين ماضي الكرد وحاضره بالنسبة للحالة السياسية والاقتصادية والاخلاقية.

وقد جمع في كتابه (٥٩١) مثلاً شعبيا من الامثال القديمة وصنفها الى ثلاثة اصناف (السياسي، الاقتصادي، الفكاهي) وبعمله هذا قد يكون رائداً من رواد جمع وتدوين الادب الشعبي وينم عن مدى حرصه البالغ على العمل من اجل الحيلولة دون ضياع هذه المجموعة كما ضاعت أمثال كثيرة غيرها، كما ينم عن اهتمامه بهذا اللون تنتسب الى مذاهب وافكار شتى حديثة وقديمة، قد لاتلائم اذواق القراء جميعهم، فيقول بأنه عمل هذا في سبيل الاطلاع على الافكار حديثها وقديمها، كأني به يبعث في القراء روح التتبع والبحث عن المعرفة وينمي فيهم بعد ذلك قابلية التمييز بين الغث والسمين والفاسد والطيب من الافكار ويعتذر عن إيراده لبعض الاراء غير المقبولة بالمثل السائد الذي يقول "ناقل الكفر ليس بالكافر".

ومما يزيد في اهمية الكتاب تصديه لمشكلة الاملاء الكردي منذ ذلك الوقت، فيفرد لها المقال الختامي ونراه يستهل المقال بخبر يصفه ببشرى سارة ومؤداه أن الشبيبة وفي مقدمتهم آل بدرخان قد شكلوا جمعيات تنشر معارف الكرد القديمة وتصدر الكتب والصحف منها جريدة (هاوار) الاسبوعية ويشير الى انه "اي صاحب الكتاب" سبق له ان نشر في مجلة (دياريى كوردستان) بين عامي **١٩٢٥** و **١٩٢٦** عدة مقالات اوضح فيها الاسس والقواعد الصحيحة لكتابة اللغة الكردية بالحروف العربية بيسر، وانه بحكم مهنته في التعليم واسبقية طريقته في الاملاء التي نالت اعجاب ورضى المثقفين والشباب يحق له الاشتراك في مضمار دراسة ووضع الالفباء الكردي.

وعلى نفس النهج وبنفس الحماس اصدر عام **١٩٣٨** كتاباً آخر سماه "خرافات شيبه" ويقع الكتاب في ٤٨ صفحة بضمنها مقدمة اضافية يوضح فيها الغرض من جمع وتسجيل الخرافات واساطير المتوارثة ويفند فيها آراء من سينتكفون التصدي لبحث ودراسة هذا الفرع من الموروثات الشعبية الهامة فبعد ان يدرس نشأتها





وحياتها وانحسار ظلها في الاخير، ثم يستعرض تطور الانسان من البدائية الى العصر الحديث وإذ يدرس ملامح الخرافات يربط بينها وبين حاضر حياة المجتمع الكردي ويشير الى دور المرأة ودورها في المجتمع وفي اثارة الافكار وتحريكها فيقول :"نستطيع القول بأن القرن الحالي يتحرك ويدور سلباً او ايجاباً باستقائه الالهام من المرأة، وكما يقال ستبقى المرأة ينبوع الالهام والمثل في المستقبل أيضا".

والحقيقة ان كتابه هذا إضافة لكونه يشكل سبقاً مبكراً في ميدان تسجيل وتقويم الفولكلور. سجل لبعض العادات والتقاليد والخرافات المتوارثة جيلا عن جيل والمنتشرة بين الناس وسجل كذلك لمراسيم وطقوس قد تكون لها بدايات وجذور عميقة في اغوار التاريخ.

يصنف المؤلف مواد كتابه الفولكلورية الى ستة اصناف:

١- فيما يخص الطبيعة ويشمل الطقوس والعادات المتبعة عند انحباس المطر وتحرك الرياح وخسوف القمر وكسوف الشمس وما قيل عن الماء والقمر والشمس والنجوم.

٢- فيما يخص الارواح الشريرة كالتي تميت المواليد الحديثة او التي تؤذي وتهلك المرأة النفساء.

٣- فيما يخص الآداب والعلاقات الاجتماعية حيث يسجل (٨١) قولاً من الاقوال الشعبية الدائرة حول بعض الخرافات والمعتقدات الساذجة المتخلفة من الاساطير القديمة.

# في الذكرى الرابعة لوفاة... الاديب اسماعيل حقي شاويس

**بقلم ئيبراهيم باجلان**

**جريدة العراق - (١٠/٥/١٩٨٠)**

قبل اربعة اعوام رحل الاستاذ اسماعيل حقي شاويس ففقد شعبنا ابناً باراً، واديباً معروفاً ومناضلا صلبا. ظل وفيا لشعبه حتى آخر رمق من حياته، عدوا للامبريالية والرجعية وداعيا للتآخي بين الشعوب. لقد عاش الفقيد اكثر من ثمانين عاما، وكانت حياته حافلة بالكفاح والتضحيات والعمل المثمر، وقد جاب بلدانا عديدة، وعاصر احداثا جسيمة في تأريخ شعبه وتأريخ العالم ككل، فأكتسب تجاربا وخبرات وعبر. واطلع على ثقافات وافكار الشعوب، وظل محتفظا بشباب فكره وهو في شيخوخته واثقا متفائلا.

ولد الفقيد في الموصل سنة ١٨٩٦، وانهى دراسته الابتدائية والاعدادية والرشدية العسكرية في السليمانية وبغداد. ثم التحق بالمدرسة الحربية في استنبول وبعد تخرجه منها اشترك في حرب البلقان قبيل الحرب العالمية الاولى فوقع في أسر اليونان. كما شارك في الحرب العالمية الاولى ووقع في اسر القوات البريطانية مع مجموعة من الاكراد العاملين في الجيش العثماني ونفي الى الهند. وعاد الى السليمانية بعد انتهاء الحرب الكونية الاولى، وعاصر انتفاضات الشيخ محمود عام ١٩١٩ ثم رحل الى كردستان ايران، ومنطقة ققفاس وتركيا. وفي العام ١٩٢٥ رجع الى العراق ومارس التعليم في الناصرية وكفري وفي عام ١٩٢٨ انخرط الى صفوف الجيش واحيل الى التقاعد وهو في رتبة رئيس، فدخل سلك الادارة المدنية واصبح قائمقاما في قضاء مخمور عام ١٩٣٩ ثم في رانية وفي عام ١٩٤٠ فصل من وظيفته لعدم ارتياح حكام العهد الملكي الرجعي الى آرائه ومواقفه الوطنية.

## دوره السياسي والنضالي

لقد كان قلبه ملتهبا بحب وطنه وشعبه، واومض فكره النير في البحث عن الحرية والكرامة وهو مازال شابا، وقبل اندلاع الحرب العالمية الاولى. وكان واحدا من الذين اخفقت المغريات والتهديدات من تثبيط عزائمهم، او ارغامهم على التخلي عن افكارهم الديمقراطية والقومية التقدمية الجريئة. فذاق مرارة العيش والتشريد، كما





تعرض للاعتقال والمطاردة في العهود الرجعية. وقد اثرت جولاته العسكرية والسياحية عميقا على حياته ويتحدث عن تأثير حرب البلقان على حياته السياسية بقوله: كنت مشتركا في حرب البلقان، وبعد عام ١٩١٣ شاهدت هزيمة العثمانيين التي اثرت في نفسي ودفعتني الى الكتابة، فنشرت اغنية كردية في مجلة (روزي كورد) التي كانت تصدر في استنبول عام ١٩١٣. ان اول شيء هزني واثر في اعماقي هو احتكاكي بالشعب اليوناني في عام ١٩١٣، ذلك الاحتكاك الذي اعتبره نقطة تحول كبرى في حياتي فقد كنت ارى تحمس هذا الشعب الصغير وتمسكه بقيمة القومية وحقده المقدس على الطغاة العثمانيين وعمله الدائب من اجل بناء مستقبله فكان ذلك بمثابة بداية جديدة في حياتي وتفكيري وما ان عدت الى تركيا حتى اتصلت بالعناصر الوطنية الكردية آنذاك وابديت حماسا للمساهمة في نشاطاتهم. وكان الشهيد عبدالقادر الشمزيني من أبرز الزعماء الذين كان لي شرف اللقاء بهم والتشاور معهم.

واشترك في الهند في تأسيس جمعية الضباط المنفيين والتي كانت تناويء الاستعمار البريطاني وتطالب بحقوق الشعب وحياته الكريمة. ان الاهوال التي كابدها في حرب البلقان وخلال الحرب العالمية الاولى، ولدت في نفسه مقتاً وكراهية شديدة للحروب وحبا للسلم ولهذا كان في طليعة مؤيدي السلم واعتقل بسبب نشاطاته كما خبر دسائس المستعمرين والاعيبهم المفضوحة لخداع الشعوب واستغلالها.

## اسماعيل شاويس أديبا

لم تقتصر مساهمات الفقيد على نشره المقالات العديدة في المواضيع التأريخية والسياسية والثورية والاجتماعية التي نشرها على صفحات مجلتي ژين و دياري كوردستان عام ١٩٢٥. اذ نشر العديد من المقالات في مجلات "رۆژی نوێ" و "دەنگی كورد"، ومجلة هاواري كورد التي كان يقوم بأصدارها جلادت بدرخان كما بدأ محاولة لوضع اساس للكتابة الكردية في العام ١٩٢٤. لكن عمله الرئيسي الذي منحه شرف الريادة في مجال الثقافة الكردية، وجعله يتبوأ منزلة رفيعة في مجال الفولكلور الكردي، هو كتابه الرائع (ضروب الامثال - قسەی پێشینان و گوتەی مەزنان) التي طبع بمطبعة الايتام في بغداد سنة ١٩٣٣. ويعتبر نتاجه القيم في جمع الامثال الكردية اول محاولة من نوعها في هذا الميدان، فالحكم والامثال الكردية القديمة تعتبر ثروة ادبية للكرد يتضح من خلالها ملامح المجتمع الكردي، كما ان لهذه الحكم والامثال اهميتها التربوية، فالشعب يربي اجيالها بواسطة امثاله جيلا

بعد آخر، كما تذكر الدكتورة شكرية رسول. والمؤلف لم يقدم على طبع هذه التحفة الفولكلورية اعتباطا، وانما عن وعي وادراك لما هو مقدم عليه. فهو يظهر في المقدمة اسفه على تخلي المثقفين عن الحكم الاولين فلقد اهمل معظمها وتضاءل استعمالها.

من جمع الامثال الكردية في كردستان العراق في كتاب طبعه ببغداد سنة ١٩٣٣، تحت عنوان (ضروب الامثال غوستاف لوبون) حيث جمع في كتابه المذكور ٦١٢ مثلا كرديا بالاضافة الى حكم المفكرين والفلاسفة الاخرين وخصص ست صفحات منها للمفكر الفرنسي غوستاف لوبون. اما الامثال الكردية فكما ذكر بنفسه فانه جمعها من افواه الفئات والطبقات المسحوقة في المدن والارياف، من الشيوخ والشباب، نساء القرى والمدن، ومن السليمانية، كركوك، شارباژير، ومناطق حلبجة، پنجوين، اربيل، ووان ومهاباد، سقز، مريوان، هورامان، ومن دياربكر، وجالديران وبايزيد. لقد توخى ان يكون كتابه شاملا وامينا، ولهذا جاء نتاجه رائعا وثمينا في تأريخ جمع حكم الاقدمين الاكراد. ولذلك ثمن كل الذين الفوا في هذا المجال بعد كتابه او باكورته الناضجة. ولم تقتصر الاشادة بجهوده على الباحثين والمؤلفين الكرد في بلادنا فقط، وانما ذكر نتاجه من قبل الباحثين: اورديخان جليل والدكتور جليلي جليل في كتابهما عن الامثال الكردية.

وله كتاب اخر مطبوع في سنة ١٩٣٦ وهو بعنوان (خرافات القدماء والالغاز وحلولها) وهو تبيان للتفكير الذي كان سائدا بين ابناء شعبنا مع مقدمة بقلم المؤلف، ولم تسمح له الظروف بطبع مؤلفاته الاخرى والتي مازالت مخطوطة وهي:

١- القوى المحركة التي دفعت الاكراد للثورة، يتناول تأريخ الحركات التحررية الكردية والعوامل التي دفعت الاكراد الى الثورة في العهود الرجعية والاستعمارية.

٢-حول الالفباء الكردية.

لقد امتاز الفقيد بفكره المتفتح ونظرته التقدمية للحياة والمجتمع، اضافة الى ثباته وثقافته الواسعة. وكان يؤكد على ضرورة التزام الاديب الكردي بالارض وبالشعب، وأن يجعل من احمدي خاني قدوة ومثالا. كما كان يوصي بضرورة اطلاع الشباب بالاضافة الى تراث شعبهم على التراث التقدمي للانسانية، وان يستوعبوا نتاجات وابداعات المفكرين والعباقرة ممن انجبتهم البشرية على مر العصور، لكي تتعمق ثقافتهم وتتسع آفاق فكرهم، وحينذاك يكون بمقدورهم ان ينتجوا ما يفيد شعبهم والانسانية.





ان اجادته للكردية والتركية والفرنسية ساعدته لان يرتشف من مناهل الثقافة الانسانية، كما كرس ثقافته من اجل شعبه ولم يقتصر على تزويد الصحف الكردية بنتاجاته فحسب وانما نشر العديد من الرسائل والمقالات المهمة على صفحات جريدة (تروشاك - الراية) الارمينة. كما كان يحذر الشباب من الوقوع في شراك الافكار الشوفينية والرجعية سواء بالمجالس والمنتديات التي كان يحضرها. وظل موجها ومعلما للجيل الجديد حتى انتقل الى رحمته تعالى في ١٢ مايس ١٩٧٦. وبقيت ذكراه خالدة في قلوب المثقفين الاكراد.

# گفتوگۆیەک لەگەڵ سەرەکی فەخری تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی

## مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیس

ڕۆژنامەی بیری نوێ ژمارە (٤٢) ساڵی ١٩٧٣

(دوای هەڵبژاردنی مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیس بەسەرەکی فەخری تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی دوو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپ مامۆستا ئەحمەد سالار و دڵشاد مەریوانی لە ڕۆژی ١٩٧٣/٣/٢٢ گفتوگۆیەکیان لەگەڵ مامۆستا شاوەیسدا ساز کرد ئەمە بەشێکە لەو گفتوگۆیە و ئەو شتانەی لێی دواون.

* شاوەیس: پێشەکی پێویستە ئەوەتان پێ بڵێم من لە بارەی خۆمەوە قسەتان بۆ ئەکەم، من کابرایەکی بەساڵاچووم و ئێوە هەمووتان لاون و بێگومان ڕوانینی من بۆ مەسەلەکانی ئەم چەرخە جیاوازی ئەبێت لەگەڵ ڕوانینی ئێوە. لەبەر ئەوە ئەو قسانەی بۆتان ئەکەم لە بێژنگی بدەن، ئەوەی ڕاستە و لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆ و جۆری پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا ئەگونجێ وەری بگرن ئەوەی بەکەڵکیشتان نایەت فڕێی بەن و پێشێلی کەن.

– سالار: مامۆستا ببورە بێگومان بەهەڵبژاردنی بەڕێزتان بەسەرۆکی فەخری تیپ لە پاش لێکدانەوەیەک و گفتوگۆ و بەراوردێکی زۆری باوەڕ و کردار و پێشکەوتنخوازیت هاتۆتە بەرهەم وە ئێمە هەموودەم ئەو کردارەمان بێ چەند و چوون مایەی شانازییە بۆمان.

– مەریوانی: بێگومان هەموو ئاگاداری ئەوەین کە نووسەرانی شانۆنووسمان کەمە و زۆریش کەمە سەرەڕای ئەو هەموو کەم و کوڕییەی کە لە باری هونەری و جۆری بەکەڵکی شانۆکانمانەوە هەیە، ئایا بێجگە لە وەرگێڕان چ توانایەکی تر بخەینە کار بەتایبەتی کە تیپەکەمان چەند نووسەرێکی لاوی تێدایە؟ وە شێوەی زمانی شانۆی ئەمڕۆ چۆن بێ؟

* شاوەیس: باش بوو باسی شێوەی زمانت کرد تکاتان لێ ئەکەم با زمانی شانۆیتان جەماوەری بێت تا هەموو خەڵک تێیان بگات و سوود وەرگرێت. وە ئێمەش کە نەتەوەی کوردین کەلەپوورێکی نەتەوایەتی زۆرمان هەیە لە گۆرانی، لاوک، حەیران، چیرۆک، پەندی پێشینان... هتد سوود لەوانە وەربگرن بیانخەنە چیرۆکی هونەری واوە کە لەگەڵ باری ئەم چەرخەدا بگونجێ و سوودبەخش بێت بۆ ژیانی ئەمڕۆمان. با





بەرهەمەکانتان ڕەسەنی کوردی بن وە زیاتر لە ژیانی زەبوونەکان بدوێن بەتایبەتی جۆری ژیانی لادێ و ئەو نەخۆشییانەی لە ناو ئەواندا هەیە چاری بکەن و باس کەن.

– مەریوانی: بەڕای تۆ کاتێک چیرۆکێکی بێگانە وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی ئایا تەنها زمانەکەی بگۆڕین یان هەمووی هەر لە ناوەوە تا جۆری بەسەرهات و جل و بەرگ و ڕەفتار و شوێنی ڕوودانی باسەکان واتە (تکرید)؟

* شاوەیس: هەر نووسەرێک بگرین لەو نووسەرانەی بێگانە هەریەکەیان لە ئیقلیم و جۆری ڕوانینی بۆ ژیان و شوێن و کات و زمان و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژیانی جیاوازە لەگەڵ ئێمەدا هەرچەندە نزیک بێت هەر جیاوازی زۆرە لەبەر ئەوە بەبڕوای من گۆڕینەکەی بۆ زمانی کوردی تەنها گۆڕینێکی زمانی بێت نەک – تکرید –

– سالار: ئایا کردنی بەڕێزتان بەسەرۆکی فەخری تیپ چۆن دێتە پێش چاوتان و چۆن تەماشای ئەم کۆمەڵە لاوە ئەکەیت کە لەم تیپەدا کۆبوونەتەوە؟

* شاوەیس: من شانازی ئەکەم بەوەوە کە کۆمەڵێ لاوی خوێن گەرمی پێشکەوتنخواز ڕێزیان ناوە لە من وە خۆم بەخزمەتگوزارێکی بچووکی ئێوەی لاوان ئەزانم ئنجا وەکو باوکێک، مامێک، برایەک دڵسۆزێکتان داواتان لێ ئەکەم کە بەوردییەوە بڕواننە مەسەلەی چەرخی ئەمڕۆی میللەتەکەمان وە هەموو لەگەڵ یەکا وەک خوشک و برای یەک خێزان بازووی مەردانەی لێ هەڵکەن وە بەکردەوەی چاک بیسەلمێنن کە بەڕاستی کۆمەڵێ هونەری پێشڕەو بن و شادمانی کورد و مرۆڤی ئەم زەمینەتان دەوێت وە خۆتان بپارێزن لە هەموو هەڵە و چەوتییەک. با دروشمتان خۆشەویستی و ئاشتی مرۆڤی کورد و جیهان بێت. پێویستە هەموو میللەتێک بەبرامان بزانین بەمەرجێک مەبەست لەو برایەتییە ئادەم پەرستی بێت لە خۆشەویستیدا نەک کۆیلەیەتی و ئاغا و مسکێنی بێت. ئەمڕۆ مەسئوولیەتێکی گەورە چاوەڕوانمانە پێویستە هەستی پێ بکەین و ئەم گەلە لە نەزانین و تاریکییەوە بەرین بەرەو زانین و ڕووناکی وە پارێزگاری شۆڕشەکەی بکەین بەگیان بەدڵ بەچاو.

– مەریوانی: پاراستنی شۆڕشی نەتەوەی کورد و دەستکەوتەکانی پاراستنی گیان و ژیان و سەربڵندیمانە وە دەنگێک ئەگەر هەمان بێت و سەرێک ئەگەر بەبڵندی ڕامان گرتبێت بەهۆی بازووی ئەو پێشمەرگانەوە بووە کە هەموو دەم خوێنیان سووتەمەنی بوونمان بووە. بۆیە پێویستە لە بەرهەمەکانمانا خزمەتی ئەو توانا و بازووە مەردانە بکەین بەگوێرەی ڕێگادانی دەرکەوتنیان.

* شاوەیس: ئێمە ئەمڕۆ خزمەتی کورد ئەبێ بکەین، کورد میللەتێکی دڵ و دەروون پاکە و هەمیشە سەرەڕای ئەو چەوساوەییەی خۆی لەگەڵ خۆشی گەلانی جیهاندا بووە و سەلماندوویەتی کە لەگەڵ مرۆڤایەتییە.

- سالار: دوا شتێک کە پێویستە باسی بکەین ئایا وەکو سەرۆکێکی فەخری ئیلتیزامت چۆن ئەبێت بەتیپەوە؟

* شاوەیس: ئیلتیزام ئیش کردنە هەر کارێک ئێوە بەمنی بسپێرن و هەر ئیشێک بۆم دائەنێن من ئامادەیم. وە ئەوی گرنگ بێ لای من ئەگەر تێبینییەکەم لە جێگەی خۆیدا بوو بەقسەم بکەن، ئەگەر ڕاست نەبوو پێم بڵێن بۆ ڕاست نییە تا بێمە سەر قسەتان.

## پێرست

چەند وشـــەیەک ... 5
پێشـەکی ... 7
یادی مامۆستای بەهەشتی ئیسماعیل حەقی شاوەیس نووسەر و نیشتمانپەروەر ... 9

## بەرهەمەکانی

کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستان ... 15
حکومەتی کوردستان – لە ژێر هەر درەختێکدا سوارێکی کورد و
لە هەر بن بەردێکا پیادەیەکی کوردی لێیە بۆ پاراستنی کوردستان ... 22
خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژەکانی جەنگی گیتی یەکەمیندا لە
دەرەوە و ناوەوەی کوردستان ... 25
مەلا سەلیم ئەفەندی ... 30
پیاوە مەزنەکانی گەلی کورد میر عەبدولرەزاق بەدرخان ... 36
شۆڕشی قوچ گیری ١٩٢٠– ١٩٢٦ ... 39
سەربەستی تەئسیری کۆمەڵی وڵات ... 62
مـــــەفکـوورە ... 65
نووســینی کــوردی چۆن دەبێ؟ ... 67
نامەیەک بۆ شای ئێران ... 78
نامەیەک... بۆ ڕۆشنبیر و ئەدیبە لاوەکانمان ... 86
قەڵەمڕەوی سەرۆکی میللی کورد ئیبراهیم پاشا ... 93
بۆ سەرۆکی کۆڕی زانیاری – کورد: پرۆفیسۆر ئیحسان شێرزاد ... 102



## ئەوەی لە بارەی ئیسماعیل حەقی شاوەیسەوە نووسراوە

تەرجەمەی حاڵم – ئیسماعیل حەقی شاوەیس ... 118
کۆچی دوایی مامۆستا ئیسماعیل شاوەیس
عەزیز محەمەد– کەریم ئەحمەد ... 121
کورتەیەک لە ژیانی مامۆستای کۆچکردوو ... 122
ئیسماعیل حەقی شاوەیس نیشتیمانپەروەری دڵسۆزی چاونەترس
نووسینی: محەمەدی مەلا کەریم ... 124
لە بارەی مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیس–ەوە
تاهیر ئەحمەد حەوێزی ... 128
ئیسماعیل شاویس نووسەر و نیشتمانپەروەر. نووسینی
تاهیر ساڵح سەعید ... 133
اسماعيل حقي شاوةيس جريدة العراق – ٥/ ٧/ ١٩٧٦ ... 140
في الذكرى الرابعة لوفاة... الاديب اسماعيل حقي شاويس
بقلم – ئيبراهيم باجلان ... 143
گفتوگۆیەک لەگەڵ سەرەکی فەخری تیپی پێشڕەوی شانۆی
کوردی مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیس
ڕۆژنامـەی بیـری نوێ ... 147